سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی: ئەمڕۆ ژمارە بە لیستەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەدرێت

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5853) دووشەممە 21ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

بڕیارە ئەمڕۆ لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کۆببنەوە، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیش دەڵێت، کۆبوونەوەکە بۆ وەرگرتنی ژمارەی لیستەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنەکەیە.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

گوتەبێژی حکوومەت: خەریکی ئامادەکاریی تەواوکردنی ڕەشنووسی بودجەی 2020ی کوردستانین

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باس لە ڕەشنووسی بودجەی 2020ی هەرێمی کوردستان دەکات و ڕاشیدەگەیەنێت خەریکی ئامادەکارین بۆ ئەوەی مافە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە پرۆژە بودجەی عێراقدا بچەسپێندرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



وەزیری ناوخۆ: مەسروور بارزانی رایسپاردووین ئامادەکاری بۆ پێشوازیکردن لە ئاوارەکان بکەین

ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، کە لەلایەن مەسروور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە ڕاسپێردراون، بە باشترین شێوە ئامادەکاری بۆ پێشوازیکردن لە ئاوارە و پەنابەری نوێ بکەن. ڕێبەر ئەحمەد ڕاشیگەیاند، سەرۆک وەزیران وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپاردووە بۆ ئەم کارە و هەرێمی کوردستانیش ئامادەیە خەڵکی بێدەرەتان لە کامپەکان جێبکاتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

مەسەدە: تورکیا چەکی قەدەغەکراو بەکاردەهێنێت

دوێنێ یەکشەممە ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات (مەسەدە) لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی لە قامشلو بڵاویکردەوە، هێزەکانی سووریای دیموکرات پابەندی ئاگربەست بووە، لە بەرامبەردا تورکیا پێیەوە پابەند نەبووە و لەسەر هێرشەکانی بەردەوامە.
(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان لە نێوان کشانەوەی ئەمەریکا و هێرشەکەی تورکیادا

لە بەرانبەر هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، نیگەرانی بەشێک لە وڵاتان و ئەندامانی کۆنگرێس و ڕاوێژکارانی کۆشکی سپی لێکەوتوونەتەوە، ئەوەی تورکیا دەیکات، داگیرکاری و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکەیە، هەر وەک جەنابی سەرۆک بارزانی لە ڕاگەیەندراوێکدا لە12ی ئۆکتۆبەردا ڕایگەیاند: کاتی ئەوەیە هەموو لایەکمان هەرچی هەوڵ و توانامان هەیە بەکاری بهێنین بۆ ئەوەی کۆتایی بەو شەڕە بێت و چیتر خەڵکی بێ تاوان باجی ئەو دۆخە مەترسیدارە نەدەن و ڕێگەیش لە گۆڕینی دیمۆگرافیی ئەو ناوچەیە بگیرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



هۆشیار زێباری بۆ تەمپ: بەکارهێنانی چەکی فسفۆری دژی خەڵکی سڤیلی کورد تاوانێکی گەورەیە

هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وەڵامی تویتێکی دۆنالد تەمپی سەرۆکی ئەمەریکا نووسیبووی "هیچ گەلێک فریشتە نین، بەڵام بەکارهێنانی چەکی فسفۆری سپیش لەلایەن تورکیاوە دژی خەڵکی سڤیلی کورد لە سووریا تاوانێکی گەورەیە". **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

میلیشیاکانی سەر بە تورکیا هاوشێوەی داعش هەڕەشەی سەربڕینی کورد دەکەن

چەند چەکدارێکی میلیشیاکانی سەر بە تورکیا لە سەرێکانی هەڕەشەی سەربڕینی کورد دەکەن و یەکێکیشیان دەڵێت: بەم نزیکانە سەر بڕدراو دەبینن. هەڕەشەی ئەم چەکدارە تووندڕەوانە لەکاتێکدایە پێشتر ئەردۆغان، ڕایگەیاندبوو: سەری کوردەکان پان دەکەمەوە ئەگەر بە تەواوی لە ناوچەی ئارام نەکشێنەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

نووسەرانی تورکیا داوا دەکەن تورکیا پاڵپشتیی سوپای سووریای ئازاد نەکات

سوپای سووریای بەناو ئازاد، ئەو سوپایەیە کە لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتیی دارایی و لۆجیستی دەکرێن، لە هەموو شەڕێکیشدا ئەو سوپایە کە 100هەزار کەس دەبن، تورکیا بەکاریان دەهێنێت، بەڵام نووسەرانی تورکیا پێشیانوایە ئەم سوپایە پێگە و قورسایی هێزی تورکیای کەم کردووەتەوە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

سەربازانی ئەمەریکی لە ڕۆژئاوای کوردستان:

شەرمەزارین لە خیانەت

دانیشتوویەکی قامشلۆ، بۆ گاردیەنی بەریتانی: جاران زوڵمی ڕژێمان دەبینی و ئێستاش خیانەتمان لێدەکرێت، بەڵام ئەوەی ئێستا ناخۆشترە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

لوبنان.. خۆپیشاندانەکان دەستیان پێ کردەوە و نەسرووڵڵاش هەڕەشە دەکات

ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردووەوە لە لوبنان دژبە هەوڵەکانی حکوومەت بۆ سەپاندنی باج بەسەر تۆڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەتسئەپ، خۆپیشاندان دەکەن و نارەزایەتیی دەردەبڕن، 10هەزار کەسی تێپەڕاند. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**






دەیان ساڵە کووڕەکانی گوندی ماستاوەی شاری هەولێر لەکار نەکەوتوون

گوندی ماستاوە خاوەن میژوویەکی دوور درێژە لە دروستکردنی کووڕەی خشت سووڕکردنەوەدا. لەسەردانێکی مەیدانیدا کووڕەکانی ماستاوەمان بەسەر کردەوە و وتوویژمان لەگەڵ وەستا و خاوەنی کووڕەکان کرد و چەند پرسیارێکمان ڕووبەڕووکردنەوە. ئەگەرچی میژووی دروستی کووڕەکان دیار نییە، بەڵام یەکێک لە وەستاکان بەناوی حەیدەر عومەر دەڵێت" نزیکەی 200 ساڵە ماستاوە خاوەنی کووڕەی خشت سووڕکردنەوەیە". **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

تلسکۆپێک دەتوانێ لە زەوییەوە مۆمێکی داگیرساو لەسەر ڕووی مانگدا ببینێت!

تیرەی ئاوێنەی (تلسکۆپی ئاسمانیی هابڵ)، ئەو ڕوانگەیەی بە درێژایی دەیان ساڵە وێنەی سەرسووڕهێنەری قۆلایی بۆشایی ئاسمانیی ناردۆتەوە نزیکەی 4.2 مەترە، وە لەبەرامبەردا تیرەی ئاوێنەی تلسکۆپی ئاسمانیی (جێیمس وێب) کە لەئێستادا لەدروستکردندایە، 5.6 مەترەو چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتایی ئەمساڵدا بکەوێتە کار. **(زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)**





هۆشیار زێباری بۆ تره‌مپ:

بەکارهێنانی چەکی فسفۆری دژی خەڵکی سڤیلی کورد تاوانێکی گەورەیە


هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وەڵامی توێتێکی دۆنالد تره‌مپی سەرۆکی ئەمەریکا کە گوتبووی "کوردیش فریشتە نین" لەتوێتێکدا نووسیویەتی "هیچ گەلێک فریشتە نین، بەڵام بەکارهێنانی چەکی فسفۆری سپیش لەلایەن تورکیاوە دژی خەڵکی سڤیلی کورد لە سووریا تاوانێکی گەورەیە". زێباری لە توێتەکەیدا باسی لەوەش کردووە کە ڕێککەوتنی ئەمەریکا و تورکیا بۆ ڕاگرتنی جەنگ کارێکی باشە، بەڵام کێ چاودێری جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دەکات، ئەمە جێگەی پرسیارە!!



دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان لەنێوان کشانەوەی ئەمەریکا و هێرشەکەی تورکیادا

هۆشەنگ باوانی: ئەمەریکا بە کشانەوەی لە ڕۆژئاوای کوردستاندا دەستی تورکیای واڵاکرد

چنار بابەکر: تورکیا دەیەوێ ئاوارەی عەرەب لە ناوچەی ئارام نیشتەجێبکات و کوردیش دەربەدەربن





خەبات: ڕانیار دڵشاد

لە بەرانبەر هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، نیگەرانی بەشێک لە وڵاتان و ئەندامانی کۆنگرێس و ڕاوێژکارانی کۆشکی سپی لێکەوتووەتەوە، ئەوەی تورکیا دەیکات، داگیرکاری و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکەیە، هەر وەک جەنابی سەرۆک بارزانی لە ڕاگەیەندراوێکدا لە12ی ئۆکتۆبەردا ڕایگەیاند: کاتی ئەوەیە هەموو لایەکمان هەرچی هەوڵ و توانامان هەیە بەکاری بهێنین بۆ ئەوەی کۆتایی بەو شەڕە بێت و چیتر خەڵکی بێ تاوان باجی ئەو دۆخە مەترسیدارە نەدەن و ڕێگەیش لە گۆڕینی دیمۆگرافیی ئەو ناوچەیە بگیرێت. سەبارەت بەمباسە، هۆشەنگ باوانی، چاودێری سیاسی و مامۆستا چنار بابەکر شارەزا لە زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ خەبات، قسەیان کرد.

لەبارەی ڕێککەوتنی پەردەپۆشکراو و کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان، هۆشەنگ باوانی چاودێری سیاسی، گوتی: پێویستە هەڵوەستەیەک لە ئاست گۆڕانکارییە هەستیارەکانی ئەمدواییەی نێوان ئێران و تره‌مپ بکەین، کە دواجار هەردوولایەن زۆر بە ئاشکرا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دژی هەموو چارەسەرێکی عەسکەری هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند: بە دیدی من ئەمە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنێکی زۆر تراوژێری پەردەپۆشکراوی درێژخایەنی نێوان ڕۆحانی و تره‌مپە، لە ئاکامی ئەوەوە تره‌مپ هەنگاوی دووەمی پلانەکەی نا کە ئەویش کشانەوەی یەکجارەکی هێزەکانی ئەمەریکایە بە چۆڵکردنی بنکەکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەستپێکرد، بەمەش دەستی ئەردۆغانی واڵاکرد بۆ گورز وەشاندن لە کیانیی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان.

لەبارەی زمانی گاڵتەجارِیی سیاسیی تره‌مپ و هێرشەکەی ئەردۆغان، لەمبارەیەوە هۆشەنگ باوانی گوتی: ئەمڕۆی ئێڤەراسیۆنە نەزۆکەکەی ئەردۆغان وەکو ڕۆژانی دەستپێکی نییە، ئێستا خەریکە هاوکێشە تەخمینکراوەکانی تورکیا دووچاری ماتماتیکێکی هەڵەپێکراو دێت، زمانی گاڵتەجارِیی سیاسیی تره‌مپیش کە لە ڕۆژانی بڕیاری کشانەوە و هێرشەکانی تورکیا قسەی پێ دەکرد، ئێستا ئاوازەکەی گۆڕاوە و بە گەمژە و کەللەڕەق بانگی هاوپەیمانەکەی لە ناتۆ دەکات تاوەکو نەبێتە هۆی کوشتنی هەزاران کەسی بێگوناح، ئەویش ناچار دەبێت ئابووریەکەی بتەپێنێت، چاوەڕێی سەپاندنی سزای ئابووری گرنگ بن بەسەر تورکیادا، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆکارێک بۆ کۆتاییهێنان بە دەستەڵاتی ئەردۆغان و ئاکپارتی، دەکرێت قۆناغێکی نوێ و سەردەمێکی نوێ و دەستەڵاتێکی نوێ لە تورکیا لەدایکببێت، هێرشەکەی تورکیاش دەکرێ بە ئایندەیەکی ناڕوون بۆ ئاکپارتی هەژمار بکرێت.

هەر سەبارەت بەمباسە، لەبارەی ستراتیژیی بەڕێوەبردنی سیستەمی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیکردنی ئەمەریکا و پاشەکشەکردنی لە سووریا، مامۆستا چنار بابەکر گوتی: لە ستراتیژی گەورەی ئەمەریکا هەمیشە باس لە بەڕێوەبردنی جیهان و سیستەمی نێودەوڵەتی دەکرێت، بە سەرکردایەتیکردنی ئەمەریکا و ئەمەریکا وەک تاکە هێزی کاریگەر لە جیهاندا بمێنێتەوە، ئەو سیاسەتەی پەیڕەوکرا لە سەردەمی نیکسۆن و هێنری کیسنجەر پێیان وابوو دەبێت دوورەپەڕێز بێت لە کێشەکانی جیهاندا، ئەم سیاسەتە لە سەردەمی ئۆباما و دواتر لە سەردەمی تره‌مپدا زیاتر خۆی بەرجەستەکرد، بەڵام ستراتیژی دوورەپەڕێزی یاخود پاشەکشەکردن کاتێک کارا دەبێت، ئەگەر هێزی بەرپرسیاریێتی و پاراستنی بەرژەوەندییەکان بسپێردرێتە دۆست و هاوپەیمانە نزیکەکان، کە مەترسییان لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا نەبێت.

مامۆستا چنار بابەکر، گوتیشی: بڕیاری تره‌مپ لەبارەی پاشەکشەکردنی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆشایی دروست دەکات، ئەو بۆشاییەش لە ڕێگەی دۆست و هاوپەیمانان پڕ ناکرێتەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی نەیارانی ئەمەریکا، کە ئێمە پێمانوایە ئەو بڕیارەی تره‌مپ دەبێتە هۆی لاوازکردنی پێگەی ئەمەریکا، بە تایبەت لەو ناوچانەی دەیان ساڵە سەرمایەگوزاریان تێدا دەکات، ئەمەریکا بەخۆدوورخستنەوەی لە دۆستەکانی، دەرفەت بۆ بەرجەستەبوونی نەیارەکانی دەڕەخسێنێت کە ڕۆڵ بگێڕن.

لەبارەی هێرشەکەی تورکیا بۆ داگیرکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان، مامۆستا چنار بابەکر گوتیشی:


بە دڵنیاییەوە داگیرکارییە، زۆربەی جار ئەردۆغان ئامانجی بەوە کردووە ناوچەیەکی ئارام لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دابەمەزرێنێت بۆ جێگیرکردنی ئاوارەکانی سووریا، کە ئێستا لە تورکیادان و ژمارەیان نزیکەی 3.5ملیۆن کەس دەبێت، زۆرینەی ئاوارەکانیش عەرەبن، ئەگەر ئەم هەوڵەی سەر بگرێت، ئەوا 90%ی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کە کوردن، دەربەدەر دەبن و ئاوارەکان لە جێگەی ئەوان نیشتەجێ دەکرێن، بەمەش دیمۆگرافی ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەردۆغان مەبەستیەتی بە بیانووی لەناوبردنی تیرۆر، هەژموونی خۆی لەو ناوچەیەدا زیاد بکات و بگات بە سنووری هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەش پلانی داڕشتووە، هەر بۆیە جەنابی سەرۆک بارزانی، ئاگاداری ئەم بابەتە بووە، ئەمە یەکەمجار نییە ئەم کارەساتە بەسەر گەلی کورددا بێت، بینیمان چۆن لە کەرکووک و ناوچەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا، ئەم پیلانە ئەنجامدراوە، بۆیە جەنابی سەرۆک بارزانی نیگەرانی خۆی لە مەترسی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە بۆ لایەنە نێودەوڵەتییەکان دەربڕی، پێی وابوو لە هەر شەڕێ تەنیا خەڵکی سڤیل و بێتاوان باجەکەی دەدەن.



گوتەبێژی حکوومەت: خەریکی ئامادەکاریی تەواوکردنی ڕەشنووسی بودجەی 2020ی کوردستانین

مافەکانی خۆمان لە عێراق بەپێی دەستوور گەرەنتی دەکەین و سازش ناکەین

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باس لە ڕەشنووسی بودجەی 2020ی هەرێمی کوردستان دەکات و ڕاشیدەگەیەنێت خەریکی ئامادەکارین بۆ ئەوەی مافە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان لە پرۆژە بودجەی عێراقدا بچەسپێندرێت. د.جووتیار عادل، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە "خەریکی ئامادەکارین بۆ تەواوکردنی ڕەشنووسی خەرجیی بودجەی 2020ی کوردستان بۆ ئەوەی لە بودجەی 2020ی عێراقدا جێگر بکرێت و لەگەڵ تەواوکردنی ڕەشنووسەکە ڕەوانەی بەغدای دەکەین". گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەشی گوتووە: کاتی ناردنەکەش لەدەست ئێمەیە و مافەکانی خۆمان بەپێی دەستوور گەرەنتی دەکەین و سازش ناکەین.



سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی:

ئەمڕۆ ژمارە بە لیستەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەدرێت

بڕیارە ئەمڕۆ لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کۆببنەوە، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیش دەڵێت، کۆبوونەوەکە بۆ وەرگرتنی ژمارەی لیستەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنەکەیە.

لە 29ی 9ی 2019 لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لیستی هاوپەیمانیی کوردستانییان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دیاری کرد و لە 1ی 10ی 2019ش عەبدولڕەحمان مستەفا وەک سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دەستنیشان کرا، کە بڕیارە 1ی 4ی 2020ئەنجام بدرێت. لەو بارەیەوە، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، عەبدولڕەحمان مستەفا، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە لیستەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆببنەوە بە مەبەستی وەرگرتنی ژمارە بۆ هەڵبژاردنی 1ی نیسانی 2020بۆ هەر لیستێکی بەشدار لە هەڵبژاردنەکان.

لایەنە کوردستانییەکان، لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون لە سنووری پارێزگاکانی کەرکووک، نەینەوا، دیالە و سەلاحەددین، بە لیستی هاوبەش بەشداریی هەڵبژاردنەکە بکەن، کە تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان تێیدا بەشدارن.

عێراق.. موقتەدا سەدر پاڵپشتی لە خۆپیشاندانەکان دەکات



سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر ڕایگەیاند، پاڵپشتی لەو خۆپیشاندانە دەکات کە ئەگەری هەیە لە ماوەکانی داهاتوو دژبە حکوومەت و گەندەڵی ئەنجام بدرێن و داواش لە خۆپیشاندەران دەکات کە خۆیان لە گەندەڵی و گەندەڵکاران ڕزگار بکەن و گوتی: حکوومەت ناتوانێت چاکسازیی ئەنجام بدات.

پێشتر چالاکوانان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاویانکردبوویەوە کە سوورن لەسەر ئەوەی لە 25ی ئەم مانگە دەست بکەنەوە بە خۆپیشاندان دژبە حکوومەت و گەندەڵی. موقتەدا سەدر لە ڕاگەیەندراوێکدا بانگەوازی بۆ خۆپیشاندەران کردووە و گوتوویەتی: دیارە ئێوە بڕیارتاندواوە لە 25ی ئەم مانگە خۆپیشاندان دەست پێ بکەنەوە، ئەوەش مافێکە لە مافەکانتان.

سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر بۆ خۆپیشاندەران ئەوەشی گوتووە: دەمەوێت لەوە ئاگادارتان بکەمەوە کە چی لە پشت پەردەوە دەگوزەڕێت، سەرجەم سیاستمەدار و ئەندامانی حکوومەت لە ڕەوشێکی تۆرس و دڵەڕاوکێدان لە هەمبەر خۆپیشاندانی جەماوەریی، سەرجەمیان هەوڵی چارەسەرکردنی ڕەوشەکە دەدەن، بەڵام ناتوانن چونکە کار لەکار ترازاوە. موقتەدا سەدر ڕاشیگەیاندووە ئەوان "سیاسەتمەداران" دەیانەوێت بە هەندێک بەڵێن و قسەی بێکرداری وەک دامەزراندن و پێدانی مووچە، ئێوە بێ دەنگ بکەن.

سەرکردەی ڕەوتی سەدر ئاماژەی بەوەشکردووە کە هەمووان خۆیان بۆ خراپترین سیناریۆکان ئامادە کردووە و هەمووان کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی ڕێگە چارەیەک بدۆزنەوە، بەڵام هیچ ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەکان نابێت". موقتەدا سەدر گوتیشی: حکوومەت ناتوانێت چاکسازیی ئەنجام بدات، چونکە ئەوەی لەسەر هەڵە بنیاتنرێت، بەئاسانی دەڕوخێت.

سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر جارێکی دیکە ڕووی قسەکانی کردە خۆپیشاندەران و گوتی: ئازادیتان بەدەست گەندەڵکارانە، ئەگەر دەتانەوێت لە نیشتمانەکەتان ئازاد بن، ئەوە دەبێت خۆتان لە گەندەڵی و گەندەڵکاران ئازاد بکەن، چاوەڕوانی ئەوە نەبن حکوومەتەکەتان گەندەڵکاران دادگایی بکات، دەبێت ئێوە دادگاییان بکەن بۆ ئەوەی مێژوو ببێت بە شایەت لەوەی ئێوە گەندەڵییتان بنبڕ کرد.

وەزیری ناوخۆ: مەسروور بارزانی رایسپاردووین ئامادەکاری بۆ پێشوازیکردن لە ئاوارەکان بکەین

تاوەکو ئێستا نزیکەی 5 هەزار ئاوارەی رۆژاوا هاتوونەتە هەرێمی کوردستان





رێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، کە لەلایەن مەسروور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە راسپێردراون، بە باشترین شێوە ئامادەکاری بۆ پێشوازیکردن لە ئاوارە و پەنابەری نوێ بکەن. رێبەر ئەحمەد راشیگەیاند، سەرۆک وەزیران وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی راسپاردووە بۆ ئەم کارە و هەرێمی کوردستانیش ئامادەیە خەڵکی بێدەرەتان لە کامپەکان جێبکاتەوە.

دوێنێ یەکشەممە 20-10-2019لیژنەی بالای وەزاری لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، تایبەت بە پرسی ئاوارەکانی نێوخۆ و پەنابەران و دۆخی کەمپەکان لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە، دوای کۆبوونەوەکەش رێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانی هاوبەشدا لەگەڵ جەنین هینس بلاسخارت، نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق رایگەیاند: وەکو لێژنەی بالای وەزاری لە حکوومەتی هەرێم، لەگەڵ نوێنەرانی سەرجەم ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان کۆبوونەتەوە و تێبینی پرسی ئاوارە و پەنابەران تاووتوێ کرا.

وەزیری ناوخۆ دووپاتی لەوەش کردەوە "سەرەڕای ئەوەی ڕەوشی دارایی حکوومەتی هەرێم بە گوێرەی پێویست نییە، بەڵام ئامادەن ئاوارە و پەنابەری نوێ وەربگرن و داواشی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراقیش کرد، هاوکاری مرۆیی و دارایی زیاتری هەرێمی کوردستان بکەن".

هەروەها ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە ڕۆژانە چەند سەد کەسێک ئاوارە و پەنابەری نوێ لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە دێنە ناو خاکی هەرێمی کوردستان و تا ئێستاش ژمارەیان گەیشتووەتە 5 هەزار ئاوارە و پەنابەر.

رێبەر ئەحمەد هەروەها رایگەیاند: داوامان لێکردن هانی حکوومەتی فیدراڵی عێراق بدرێت زیاتر لە جاران هاوکاربێت لە گەیاندنی هاوکاری بۆ کەمپەکان، هاوکات باسی بارودۆخی سووریامان کرد کە پێویستیان بە خزمەتگوزاری بەپەلە هەیە.

وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی ڕەوشی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستانیشەوە گوتی: ئەگەر بارودۆخەکە کاتی بێت و لە کاتێکی کەمدا کۆتایی بە کێشەکە بهێندرێت، پێشبینی هاتنی چەند هەزارێک دەکەین، بەڵام ئەگەر کێشەکە بەردەوام بێت لە قۆناخی یەکەم پێشبینی هاتنی 30 بۆ 50 هەزار کەس دەکەین، ئەگەر ماوەیەکی درێژتریش بخایەنێت پێشبینیمان ئەوەیە نزیکەی 250 هەزار ئاوارە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکات.

ڕێبەر ئەحمەد ڕاشگەیاند: ئێمە لە ژێر ڕێنمایی و سەرپەرشتی بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاک مەسروور بارزانی، ڕێنمایی ڕوونمان هەیە، هاوکات بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران هەیە کە پێشوازی دەکەین لە هەر کەسێک کە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکات لە ئەنجامی ئەو کێشانەی لە سووریا هەن، پارێزگار و لایەنە ئەمنی و پەیوەندیدارەکانمان ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستن، لە پارێزگاکان تیمەکان دروستکردووە، بە تایبەت لە پارێزگای دهۆک کە یەکەم پارێزگایە پێشوازی لە ئاوارەکان دەکات، تاوەکو ئێستا نزیکەی 5هەزار ئاوارە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، کەمپێک لە بەردەڕەش دروستکراوە، بەڵام ئەگەر کێشەکان بەردەوام بێت کەمپەکانی ئێمە بەش ناکات، هەر بۆیەش ئەو کۆبوونەوەیەمان ئەنجامدا بۆ ئەوەی هەموو لایەک هاوکارین لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

لای خۆیەوە مارتا ریوداس، ڕێکخەری بالای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مرۆیی لە عێراق، لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە هاوبەشەدا ڕایگەیاند، لەگەڵ هەرێمی کوردستان بۆ کارکردن لەسەر پرسە مرۆییەکان مێژوویەکی باشیان هەیە. ڕوونیشی کردەوە، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا، پرسی وەڵامدانەوەی مەلەفی پەنابەران و ئاوارەی نوێ تاووتوێ کرا، کە ڕەنگە بەهۆی بارودۆخی خراپی سووریا ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن.

هاوکات نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق ڕاشگەیاند: ئێستا لە باکووری سووریا بارودۆخێکی خراپ بەڕێوەیە، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر بارودۆخی مرۆیی، لە ئەنجامیشدا ژمارەیەکی زۆری پەنابەر ڕوو لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەکەن، ئەو پەنابەرانەش پێویستیان بە هاوکاری هەیە، ئێمە لێرە پلانی هاوبەشمان هەیە چۆن بتوانین وەڵامی ئەو داواکارییەی پەنابەران بدەینەوە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، چۆن بتوانین هاوئاهەنگی بکەین لەگەڵ دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو بابەتە.

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆلۆنیا بەشداری کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی دەکات



خەبات/ نۆزدەیەمین خولی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە 11و 12ی مانگی ئۆکتۆبەر لە شاری کراکۆڤ لە ژێر ناونیشانی "ڕۆڵی کەنیسەی کاسۆلیکی لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی ئەورووپا، هەڵبژاردەکان لەپێش ئەورووپایەکی نوێ" بەڕێوەچوو. وەکو سالانی پێشوو زیاد ڕەئوف نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆلونیا یەکێک بوو لە بەشداربووان.

بەشداربوونی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆلونیا لە کۆنفرانسی ناوبراو دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ داواکردنی یارمەتی و پاڵپشتی بۆ میللەتی کورد. لە کۆنفرانسەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەداران و کەسانی دەسەڵات لە ئاستی بااڵدا کە بڕیتی بوون لە نوێنەرانی کۆمیسیۆنی ئەورووپا و ئەندامانی پەرلەمانی ئەورووپا و سەرۆکی پێشووی پۆلونیا و سەرۆک وەزیرانی پێشووی سلۆڤاکیا و دەستەی دیپلۆماتکاران و هەروەها کەسایەتیی ئایینی بەشداربوون. زیاد ڕەئوف لە یەکێک لە پانێلەکانی کۆنفرانسەکە لە ژێر ناونیشانی «ئازادی ئایینی وەکو بەربەستێک بەرامبەر سیاسەتی ئەورووپا» بەشدار بوو. بەڕێزیان تیشکی خستنە سەر ئەوەی کە میللەتی کورد بە درێژایی چەندین ساڵ شەڕ دەکات لە پێناو ئازادی ئایینی دا، هەروەها ئاماژەی بەوە دا کە کورد ڕۆڵێکی سەرەکیان هەبوو لە تێکشکاندنی ئەفسانەی داعش و لە هەمان کاتیشدا کوردستان بوو بە ئارامگەی ئاوارەکان و جێگای ژیان و حەوانەوەی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان. بۆیە پێویستە ئەمڕۆ کورد لە کۆمەڵکوژی و کارەساتی تر بپارێزرێن .

جێگای ئاماژەیە، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆلۆنیا سوپاسی پشتیوانی و هاوسۆزی ئامادەبوانی کرد بۆ میللەتی کورد کە لەمیانەی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە ئامادەبووان پاڵپشتی خۆیان بۆ دۆزی ڕەوای کورد پیشان دابوو.

بڕێت مەکگۆرک: تورکیا ڕێگای بە 40 هەزار داعش داوە بچنە نێو سووریا

بڕێت مەکگۆرک، نوێنەری پێشووی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش ڕایگەیاند: تورکیا ڕێگای بە 40هەزار داعش داوە لە 110وڵاتەوە بەڕەو سنوورەکانی سووریا بچن. گوتیشی: خەڵافەتی داعش لەسەر سنووری تورکیا بووەو چەند جارێکیش تورکیامان ئاگادار کردۆتەوە کە سنوورەکانیان دابخەن، بەڵام ئەوان ئەمەیان نەکرد. هەروەها گوتی: سەرەڕای داوکاری چەند بارەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، بەرپرسانی تورکیا پێیان ڕاگەیاندین کە ناتوانن سنوورەکانیان بەڕووی داعشییەکان دابخەن. مەکگۆرک دەشڵێت: کاتێک هێزە کوردییەکان توانیان کۆنترۆڵی بەشێکی سنوورەکە بکەن، بەرپرسانی تورکیا بەپەلە سنوورەکەیان داخست و دیواریان لەسەر سنوورەکە دروست کرد.

سەربازانی ئەمەریکی لە ڕۆژئاوای کوردستان:

شەرمەزارین لە خیانەت

ئەفسەرێکی ئەمەریکی: دوای تۆیتەکەی دۆنالد ترەمپ بە تەواوی ڕووخاوم

مارینزێک: هەست بە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و شەرمەزارییەکی قوڵ دەکەم



دانیشتوویەکی قامشلۆ، بۆ گاردیەنی بەریتانی: جاران زۆلمی ڕژێممان دەبینی و ئێستاش خیانەتمان لێدەکرێت، بەڵام ئەوەی ئێستا ناخۆشترە

کاژێر سێی بەرەبەیانی دووشەمە 7/10/2019? فەرماندەیەکی هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕێگەی کۆنفرانسێکی ڤیدیۆییەوە ژەنەراڵ مەزلووم کۆبانێی ئاگادار کردەوە کە سەرۆکی وڵاتەکەی لەگەڵ هاوتا تورکییەکەی ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی تورکیا هێز بنێرێتە سەر باکووری سووریا و ئەمەریکاش ڕێگری لێناکات. فەرماندە کوردەکە یەک وەڵامی پێبوو: کورد خۆی بەرگری لە خۆی دەکات، ئێمە هیچ کۆتمان نییە بۆی بچین. لە کاتێکدا بیری لە دەرئەنجامە مەترسیدارەکانی هێرشەکەی تورکیا دەکردەوە.

خیانەت لە هەموو شتێک تاڵترە

لە ڕۆژی سێشەممە 8/10/2019ی ڕابردووەوە، فڕۆکە و تۆپخانەکانی تورکیا ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژئاڤای کوردستانیان کردووەتە ئامانج. حوسێن ڕەمۆ، دانیشتوویەکی قامشلۆ، بە گاردیەنی بەریتانی دەڵێ: خیانەت تاڵە. ئەوە 63ساڵە دەژیم و شتی وام نەبینیوە. جاران زۆلمی ڕژێممان دەبینی و ئێستاش خیانەتمان لێدەکرێت. ئەوەی ئێستا ئەمەریکی دەڵێ بەو هیوایەوە سووریای جێهێشتووە کە ئەمەریکا بە تەواوی پشت لە هەسەدە ناکات، بەڵام دوای تۆیتەکەی دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا، سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ناوچە سنووریەکان، دەڵێت "بە تەواوی ڕووخاوم".

ئەفسەرێکی دیکە بە گۆڤارە ئەمەریکییەکە دەڵێ: شەرمەزارانی هەسەدە یەکێک لە ڕەوشتبەرزترین ئەو خەڵکانە بووین کە لە ژیانمدا بینیومن. مارینزێکیش کە لە دوو نەوەکەی دانیشتووە و دەڵێ: "هەموو کوڕەکانم بۆ ئەم دۆزە "واتە بۆ شەڕی هاوپەیمانان دژی داعش" شەڕیان کردووە، دوو کوڕم لەو ڕێیەدا شەهید بوون".

ئەمەریکییەکان شەرمەزارن

نزیکەی 10هەزار کیلۆمەتر ئەوبەرتری ئاگربارانی نێوان هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) و تورکیا، ژمارەیەک فەرماندە و ئەفسەری ئەمەریکی کە لەگەڵ هەسەدە کاریان کردووە، هەست بە شەرمەزاری دەکەن. ئەفسەرێکی ئەمەریکی کە ئەمساڵ ڕۆژئاڤای بەڕەو ئەمەریکا جێهێشتووە، بە گۆڤاری "فۆرین پۆلیسی"ی ئەمەریکی دەڵێ بەو هیوایەوە کە ئەمەریکا بە تاو دڵەڕاوکێ و نیگەرانی نەخۆش کەوتووم، هەست بە شەرمەزارییەکی قوڵ دەکەم کە وڵاتەکەم ڕێگەی داوە هاوپەیمانە نزیکەکانمان کە هەموو شەڕەکەیان بۆ ئێمە کرد بەم چارەنووسە بچن، لەکاتێکدا ئێمە دەمانتوانی ڕێگەی لێبگرین. هەسەدە لە ساڵی 2015بە دەستپێشخەری یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و بە هاوکاریی ئەمەریکا لە ژمارەیەک هێزی 2017تاوەکو 2018لە سووریا بووە دەڵێ "هەستدەکەم لە تاو دڵەڕاوکێ و نیگەرانی نەخۆش کەوتووم، هەست بە شەرمەزارییەکی قوڵ دەکەم کە وڵاتەکەم ڕێگەی داوە هاوپەیمانە نزیکەکانمان کە هەموو شەڕەکەیان بۆ ئێمە کرد بەم چارەنووسە بچن، لەکاتێکدا ئێمە دەمانتوانی ڕێگەی لێبگرین. هەسەدە لە ساڵی 2015بە دەستپێشخەری یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و بە هاوکاریی ئەمەریکا لە ژمارەیەک هێزی کوردی، عەرەبی و مەسیحی دامەزراوە. ئەو هێزانە لە چوار ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی هێزی پیادەی هاوپەیمانان لە سووریایان گێڕاوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش. تورکیا ئەو هێزانە بە بااڵی سووریای پارتی کرێکارانی تورکیا لە قەڵەم دەدات و ناوچەکانی ژێر دەسەاڵتی هەسەدە بە قوواڵیەکی ستراتیژیی پەکەکە دادەنێت.

لە دوو مانگی ڕابردوودا، بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی ئەمەریکا بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیا سەرقاڵی دانوستاندن بوون لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی ئەنقەرە بۆ ئەوەی ناوچەیەکی ئارام لە باکووری سووریا دروستبکەن کە هێزە سەربازییەکانی تورکیا و ئەمەریکا پێکەوە چاودێری بکەن. ئەمەریکییەکان و هەسەدە جەختیان لەوە دەکردەوە قوواڵیی ناوچەکە لە نێوان 5بۆ 14کیلۆمەتر بێ، بەاڵم تورکیا داوای 30 کیلۆمەترێ دەکرد.

سەرچاوە/ ڕووداو

وتارو رایۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com

دووشەمە 2019/10/21 ژمارە (5853)

www.xebat.net

خەبات



غەفوور مەخموری

بەرەڤانیکردن لە رۆژئاوای کوردستان ئەرکی هەموو لایەکمانە

ماوەیەکە رژێمی داگیرکەر و کورد کوژی تورکیا بە جۆرەها چەک لە زەمین و ئاسمانەوە هێرشی کردۆتە سەر رۆژئاوای کوردستان و دەست لە تەرۆر و وشک ناپارێزێ و زۆر وەحشیانە کەوتۆتە کوشتنی ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە و ویرانکردنی گوند و شار و شارۆچکەکان، بەشی زۆری ولاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی لەشکری تورکیایان ئیدانە و شەرمەزار کردووە، بێگومان تاوانی تورکیا لەم دەستدرێژییانە چەند بێت ئەمەریکاش بەقەد تورکیا لە ئەنجامدانی ئەم تاوانانە تاوانبارە، لەبەرئەوەی ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا چرای سەوزی بۆ تورکیا هەڵکردووە.

لەشکری تورکیا لەبەرئەوەی تەواوی ئەو پێناسانەی بۆ کردەوەی تیرۆریستی هەن هەموویان لەسەر لەشکری تورکیا جێبەجێ دەبن، لەشکرێکە ترس و تۆقاندن لەنێو خەڵکی سڤیلدا بلاوەدەکاتەوە، ژن و منداڵ دەکوژێت و ژێرخانی رۆژئاوا وێران دەکات، دەستدرێژی دەکاتە سەر ماڵ و حاڵی خەڵک، هێرشی کردۆتە سەر ولاتێکی دیکە و سنووری بەزاندووە، چەندەها تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامداوە، چەکی قەدەغەکراوی بۆ جینۆسایدکردنی خەڵکی سڤیل بەکارهێناوە، ئەمانەو چەندان تاوانی قێزەونی دیکە.

من وەک کوردێک کەوا وێرانکاری ولاتەکەم و جینۆسایدکردنی نەتەوەکەم دەبینم ناتوانم بێدەنگ بم، بۆیە بەهەموو شێوەیەک دژی لەشکرکێشی رژێمی داگیرکەر و کوردکوژی تورکیا دەوەستمەوە، ئەوەش بە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی هەموو کورد و کوردستانییەک دەزانم، هاوسۆزی من بۆ نەتەوەکەمە بۆ هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی نییە، رەخنەو سەرنج و تێبینی زۆرم لەسەر شێوازی بەرێوەبردنی رۆژئاوا و باشووری کوردستانیش هەیە، بەڵام ئێستا ئێمە لەبەرامبەر هەرەشەی دڕندەترین دوژمنی کورد داین، بۆیە پێویستە ململانێ سیاسییە نێوخۆییەکان بخەینە لاوەو وەک کورد و وەک کوردستانییەک هەڵسوکەوت بکەین دژ بەم دوژمنە دڕندەیە کە تورکیایە بوەستینەوە.

دوو ساڵ لەمەوبەریش لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017کەوا لەشکری عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هێرشی دڕندانەیان هێنا سەر کوردستان بەهەمان شێوە دژبان وەستامەوە و راستییەکان و دەستدرێژییەکانی لەشکر و میلیشیاکانی حەشدی شەعبیمان گەیاندە زۆربەی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە ناوەندی عەرەبی و نێودەوڵەتی، بەڵام جێگەی داخ بوو وەک ئێستا زۆربەی سکرتێر و سەرکردەی حزبەکانی کوردستان بێدەنگیان هەڵبژارد.

ئێستا کەوا گریانی دایک و باوکی شەهیدێک یا هاواری ژنێک یا منداڵێکی برینداری رۆژئاوای کوردستان دەبیستم لە ناخەوە دەهەژێم و، ناتوانم بەرامبەر تورکی فاشیست و مرۆڤ کوژ بێدەنگ بم، لە هەمووشی ناخۆشتر کەوا هەندێ کەس و لایەن هەن زۆر بێویژدانانە پشتیوانی لە کەسێکی مرۆڤکوژو تیرۆریستی وەک ئەردۆغان دەکەن، لەسەر هەموو کوردێک پێویستە ئەو کەس و لایەنانەش بناسێت کەوا پشتیوانی کوشتنی کوردان و وێرانکردنی ولاتەکەی دەکەن، بۆئەوەی ریسوا و رووەشیان بکەن.

هەموو لایەک دەبێ ئەو راستییە باش بزانین تورکیا ئامانجی لەناوبردنی نەتەوەکەمانە بە خاک و خەڵکەوە، دوای رۆژئاوا هێرشدەکاتە سەر باشووری کوردستان، لەبەرئەوەی بەهەموو شێوەیەک دژی هەر دەستکەوت و پێشکەوتنێکە بۆ گەلی کوردستان، بۆیە پێویستە هەموو تاکێکی کوردستان ئەو راستییە بزانێت و تورکیا بە دوژمنی سەرسەختی خۆی بزانێت، ناکرێ بە شەرم و ترسەوە سیاسەت بکەین و لە ئاست جینۆسایدکردنی نەتەوەکەمان و سڕینەوەی خاکەکەی بێدەنگ بمێنین.

مەحمود محەمەد: کاریگەری و رۆڵی کوردانی دیاسپۆرا بەتایبەت لەم بارودۆخەدا گرنگە

وەفدی میوان: لە سەر ئاستی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا هەوڵەکانمان بۆ پشتیوانیکردنی گەلی کوردستان خستۆتەگەڕ



پێشنیوەڕۆی دوێنێ 20ی 10ی 2019 هەڤاڵ مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی هەڤاڵ عەلی حوسێن ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتیمان، پێشوازیکرد لە بەڕێزان ئەڤین ئینجیر ئەندامی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا و قادر کەسیرگە ئەندامی پەرلەمانی سوید.

لە دیدارەکەدا، بەڕێز مەحمود مەحمەد، کاریگەری و رۆڵی کوردانی دیاسپۆرای بەگرینگ وەسفکرد و بەپێویستیشی زانی بەتایبەت لەم بارودۆخەدا، لەسەر ئاستی ئەورووپا هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ زیاتر پشتیوانیکردنی گەلی کورد لە رۆژئاوا و پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی بۆ ئاوارە و لێقەوماوان. هەروەها پەرۆشی پارتیمان و جەنابی سەرۆک بارزانی نیشاندا لەو ڕەوشە نا هەمواری خوشک و برایانمان لە کوردستانی سوریا تێیکەوتوون و هیوای خواست کە لەزوترین کاتدا کۆتایی بەو خوێن رشتن و نارەحەتیانە بهێنرێت و گەلانی ناوچەکە بە هێمنی و ئارامی بژین. لەم سۆنگەیەوە سوپاسی هەڵوێستی گەل و پەرلەمان و حکومەتی سویدی کرد کە پشتیوانی گەلی کوردستانن.

لای خۆیانەوە وەفدی میوان، وێڕای ستایشکردنی رۆڵی سەرۆک بارزانی و هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا، پەرۆشی خۆشیان نیشاندا بۆ یەک هەڵوێستی سەرجەم حزب و لایەنە کوردستانییەکان لە ڕووبەڕووبونەوەی تەحەدیاتەکان، هاوکات رۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستانیان بەگرنگ زانی بەهۆی پەیوەندییەکانی و ئەو پێگە و خەباتە مێژوویییەی کە هەیەتی.

هەروەها راشیانگەیاند حکومەتی سوید بڕیاریداوە بەبڕی 10ملیۆن دۆلار هاوکاری مرۆیی پێشکەش بە ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان بکات. ئاماژەشیان بەوەدا کە لە سەر ئاستی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا هەوڵەکانیان خستۆتەگەڕ بۆ پشتیوانیکردنی گەلی کوردستان.

لەکۆتایی دیدارەکەدا هەردوولا بەردەوامی و بەهێزی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی سوید-یان بە پێویست و گرینگ زانی.

میلیشیاکانی سەر بە تورکیا هاوشێوەی داعش هەڕەشەی سەربڕینی کورد دەکەن



چەند چەکدارێکی میلیشیاکانی سەر بە تورکیا لە سەرێکانی هەڕەشەی سەربڕینی کورد دەکەن و یەکێکیشیان دەڵێت: بەم نزیکانە سەر بڕدراو دەبینن. هەڕەشەی ئەم چەکدارە تونددڕەوانە لەکاتێکدایە، رۆژی شەممەی رابردوو ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا رایگەیاند: سەری کوردەکان پان دەکەمەوە ئەگەر بە تەواوی لە ناوچەی ئارام نەکشێنەوە. بەگوێرەی کوردستان 24لە سەرەتای هێرشی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان ئەم گرووپە ئیسلامییە تونددڕەوانە لەژێر ناوی جیاواز دەستیان کردووە بە شەهیدکردنی هاوواڵتیان بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ. لە گرتە ڤیدیۆیەکدا کە موستەفا بالی، بەرپرسی راگەیاندنی هەسەدە لە هەڤماری خۆی لە تویتەر بڵاویکردووتەوە و ماڵپەڕی دەیلی مەیلی بەریتانیش ئاماژەی پێداوە، ئەو میلیشیایانە دەڵێن: ئێمە هاتووین سەرتان برین، ئێوە کافر و لادەرن. بە پشتیوانی خوا ئێمە دێین بۆتان، سەرکەوتن بەس لەگەڵ خودایە لەگەڵ سەربڕین. یەکێکی دیکەشیان هاوار دەکات و دەڵێت: بەم نزیکانە سەری بڕدراو دەبینن. پێشتریش ئەم میلیشیایانە، ڤیدیۆی گوللەبارانکردنی چەند هاوواڵتییەکی مەدەنی سەرێکانیان بڵاوکردبووە. موستەفا بالی لەبارەی ئەو گرتە ڤیدیۆیە نووسیویەتی، بۆ هەموو ئەوانەی نیگەران بوون کە رەنگە داعش بگەڕێتەوە، داعش ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ باکووری سووریا.

داوای دروستکردنی کامپینێکی نێودەوڵەتی دژ بە لەشکرکێشییەکانی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوا دەکرێت



سەعات 11ی پێشنیوەڕۆی دوێنێ یەکشەمە، د.ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و منی نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان، پێشوازییان کرد لە ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی ئەورووپی کە پێکهاتبوو لە ئەڤین ئینجیر پەرلەمانتاری یەکێتیی ئەورووپا و کادر کەسیرگە پەرلەمانتاری سوید. لەدیدارێکدا تاوتوێی بارودۆخی گشتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕەوشی سیاسی و ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی گفتوگۆی لەبارەوە کرا. هەر لەچوارچێوەی دیدارەکەدا باس لەبارودۆخی رۆژئاڤای کوردستان کراو هەردوولا هاوڕابوون لەسەر دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ فشار خستنەسەر وڵاتی تورکیا بۆ کشاندنەوەی هێزو وەستاندنی بۆردوومانەکان و دوورخستنەوەی شەڕو کاولکاری لەناوچەکە، هەروەها جەخت لەسەر ئەوەش کرایەوە کە پێویستە کار بکرێت بۆ دروستکردنی کامپەینێکی نێودەوڵەتی دژ بەلەشکرکێشییەکانی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوا.

لەبەشێکی دیکەی دیدارەکەدا هەردوولا بیروڕای خۆیان ئاڵوگۆڕکرد لەبارەی چۆنیەتیی بەهێزترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی سویدو هەروەها پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا. هەر لەکۆبوونەوەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە دەبێت کە کار بکرێت لەسەر دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان پەرلەمانی هەرێم و پەرلەمانەکانی ئەورووپا بۆ پێشخستنی کاری پەرلەمانی و چەسپاندنی زیاتری بنەماکانی دیموکراسی.

ژمارەی خۆپیشاندەران 10 هەزار کەسی تێپەڕاند

لوبنان.. خۆپیشاندانەکان دەستیان پێ کردەوە و نەسروڵاش هەڕەشە دەکات



ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە رۆژی پێنجشەمەی رابردووە لە لوبنان دژبە هەوڵەکانی حکوومەت بۆ سەپاندنی باج بەسەر تۆڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەتسئەپ، خۆپیشاندان دەکەن و نارەزایەتیی دەردەبڕن، 10 هەزار کەسی تێپەڕاند. سەرلەبەیانی دوێنێ یەکشەمەش، بە هەزاران کەس لە لوبنان لە گۆڕەپانی ریاز سوڵح ناوەڕاستی شاری بەیروت گردبوونەوە و دەستیانکرد بە خۆپیشاندان و نارەزایەتیی دەربڕین.

قەیرانی لوبنان دوای ئەوە سەری هەڵدا کە حکوومەت رایگەیاند نیازی هەیە باج بەسەر تۆڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەتسئەپدا بسەپێنێت. دوای خراپبوونی ڕەوشەکەش، سەرۆکوەزیرانی لوبنان، سەعد حەریری ماوەی 72کاتژمێری وەک مۆڵەت دایە هاوبەشە سیاسییەکان تا ڕاوپێشنیازەکانیان سەبارەت بە چارەسەرکردنی ڕەوشەکە و ئەنجامدانی چاکسازیی بخەنەڕوو. لای خۆیەوە ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەت، عەمار حوری لە لێدوانێکدا گوتی: چاوەڕوانی کۆتایی ئەو مۆڵەتەیان کە سەرۆکوەزیران، سەعد حەریری راگەیاندووە. لای خۆیەوە ئەمیندداری پارتی "پێشکەوتنی سۆسیالیست"، زافر ناسر لە لێدوانێکدا ڕەتیکردەوە کە لە حکوومەت بکشێنەوە و گوتی: لە حکوومەت ناکشێنەوە، ئەو پێشنیازە تاوتوێ دەکەین کە سەعد حەریری بۆ چارەسەرکردنی ڕەوشەکە پێشکەشی کردووە. زافر ناسر گوتیشی: دەرفەتێک هاتووەتە پێش بۆ چارەسەرکردنی ڕەوشەکە، چاوەڕوانی ئەوەین بزانین کارەکە بە کوێ دەگات.

لەوبارەوە سەرۆکی پارتی هێزەکانی لوبنان، سەمیر جەعجەع لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە ئەم حکوومەتە ناتوانێت هەنگاوی پێویست بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری و دارایی بنێت. سەمیر جەعجەع ئاماژەی بەوەش دا کە داوای لەو شەش وەزیرەی خۆیان کردبوو کە لە حکوومەت دەستلەکار بکێشنەوە.

کەمیل ئەبو سلێمان گوتی: لە بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەکان پاشگەز نابینەوە و بە نووسراوێک دەستلەکارکێشانەوەکەشمان پێشکەش دەکەین. کەمیل ئەبو سلێمان ئاماژەی بەوەشکرد کە پارتی هێزەکانی لوبنان هیچ متمانەی بە حکوومەتی ئێستا نەماوە. دوای ڕاگەیاندنی دەستلەکارکێشانەوەی ئەو شەش وەزیرە، خۆپیشاندەران لە ناوەڕاستی بەیروت ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆشی و شادیان دەربڕی و داوایان لە وەزیرەکانی دیکەش کرد دەستلەکاربکێشنەوە.

هەروەها حەسەن نەسروڵا، ئەمینداری گشتیی حزبوڵڵای لوبنانی لە ڕێوەسمێکدا، هۆشداریی دایە ئەو حزبانەی دەیانەوی «لەو کاتەدا» لە حکوومەت بکشێنەوە و ڕایگەیاند، ئەوانەی ئێستا لە حکوومەتی دەکشێنەوە، دەبێ دادگایی بکرێن. دوای ئەو هۆشدارییەی حەسەن نەسروڵا، حزبی قواتی لوبنانی چوار وەزیری خۆی لە حکوومەتی لوبنان کشاندەوە.

کۆنسوولّی ڕۆمانیا و هۆشیار سیوەیلی کۆبوونەوە



هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز هۆریا میهەیل، کۆنسوولّی ڕۆمانیا لە هەرێمی کوردستان کرد. سەرەتای دیدارەکە، سیوەیلی بە ناوی سەرکردایەتیی پارتییەوە پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکی نوێیدا بۆ خواست.
کۆنسوولّی ڕۆمانیا، باسی لە کار و بەرنامەی وڵاتەکەی کرد لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ڕایگەیاند، کە ئەوان هەوڵی زیاتر بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستان دەدەن و خوازیارن لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانن ئاستی پەیوەندییەکان بەرز بکەنەوە لە هەموو بوارەکاندا.
بەڕێز سیوەیلی باسی لە پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا کرد و بە تایبەتی لەو بەرەوپێشەوەچوونانەی کە ئومێد دەکرێت ئەنجامێکی دڵخۆشکەری هەبێت. دەربارەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیش، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی جەختی کردەوە، کە حکوومەتی هەرێم داوای جێبەجێکردنی دەستوور دەکات و گفتوگۆ و دانوستانەکانیش هەر لەو چوارچێوەیەدا دەبن، کە ماف و داخوازییەکانی گەلی کوردستانی تێدا پارێزراو بن.
ئەو هەروەها نیگەرانیی سەرکردایەتیی پارتی بە کۆنسوولّی ناوبراو گەیاند دەربارەی دۆخی ئەو ناوچانە، کە ژیان و مالّی هاوڵاتیان لە مەترسیدایە لەبەر نەبوونی سەقامگیری و ئەمنییەت و خزمەتگوزاریی پێویست، بۆیە داواکار بوو بە زووترین کات ڕێککەوتن ئەنجام بدرێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە تاکو جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستووری عێراق.
بەشێکی دیکەی گفتوگۆکان، بڕیتی بوو لە ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و هێرشی تورکیا بۆ سەر باکووری سووریا، لەو بارەیەوە، هۆشیار سیوەیلی دووپاتی هەڵوێستی جەنابی سەرۆک بارزانی و پارتی کردەوە کە داواکارن شەڕ و مالّوێرانی ڕابگیرێت و گفتوگۆ دەست پێبکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، گوتیشی کە هێرشی سەربازی گرفتەکان قوڵتر و ئاڵۆزتر دەکات و خەڵکی بێتاوانیش دەبێتە قوربانی و هیوادارین کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە ئەرکی مرۆڤانەی خۆیان هەستن و کۆتایی بە شەڕ و وێرانکاری بێنن. کاریگەریی هێرشی سەربازیی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، بەشێکی دیکەی گفتوگۆکان بوو.
بەڕێز هۆریا میهەیل، کۆنسوولّی ڕۆمانیا، سوپاسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کرد، کە هاوکارێکی باشی کۆنسوڵخانەی وڵاتەکەی بووە لە هەرێمی کوردستان و هیوای خواست کە ئەو هاوکاری و هەماهەنگییە بەردەوام بێت.
میهەیل خۆشحاڵیی وڵاتەکەشی دەربڕی لە بەرەوپێشچوونی گفتوگۆکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ، هیواشی خواست کە هەردوولا بگەنە ڕێککەوتن لەسەر بنەمای دەستوور و ماف و ئەرکی هاووڵاتیانی تێدا پارێزراو بێت. بەڕێزیان وەکو ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپا ناڕەزایی خۆیان گەیاندووە لە هەمبەر گرژی و ئاڵۆزییەکانی باکووری سووریا و ئەمە لێکەوتەی خراپتری بەدواوەیە، بۆیە گرنگە واز لە بەکارهێنانی هێز بهێندرێت و گفتوگۆ ببێتە جێگرەوەی هێرشکردن.

59 ئەندام پەرلەمانی فەڕەنسا داوای دەرکردنی تورکیا لە ناتۆ دەکەن

ئەنجومەنی نوێنەرانی فەڕەنسا، ڕۆژی شەممە لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا لەبارەی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، هەڵوێستێکی توندیان بەرامبەر بە تورکیا نواند و 59ئەندام پەرلەمان داوا دەکەن تورکیا لە ئەندامەتیی ناتۆ دەربکرێت. ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویان کردەوە، 8 فراکسیۆنی ناو پەرلەمانی فەڕەنسا و بەکۆی 59ئەندام پەرلەمان، داوا دەکەن تورکیا لە ئەندامەتیی ناتۆ دەربکرێت، چونکە هێرش دەکاتە سەر هاوپەیمانەکانیان لە ڕۆژئاوا.
مالّپەڕی سۆڵی تورکی بڵاوی کردووەتەوە، ئەو ئەندام پەرلەمانانە لە بەیاننامەیەکدا داوایان لە ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەڕەنسا کردووە، بۆ یارمەتیدانی کوردەکانی هاوپەیمانیان هەرچی لەدەست دێت بیکات و بەپەلە هاوکارییان پێ بگەیەنێت.
ئەو ئەندام پەرلەمانانە هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا بە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی ناو دەبەن، هەروەها پێیان وایە ئەم هێرشەی تورکیا مەترسی بۆ سەر دیموکراتیی یەکێتیی ئەوروپا دروست دەکات، بۆیە داوا دەکەن سزاکانی سەر تورکیا توندتر بکرێت.

مەسەدە: تورکیا چەکی قەدەغەکراو بەکاردەهێنێت

بەهۆی هێرشەکانی تورکیاوە 235 هاووڵاتی سڤیل شەهید بوون کە 22 لەوان منداڵن



K24: دوێنێ یەکشەممە ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات (مەسەدە) لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی لە قامشلو بڵاویکردەوە، هێزەکانی سووریای دیموکرات پابەندی ئاگربەست بووە، لە بەرامبەردا تورکیا پێیەوە پابەند نەبووە و لەسەر هێرشەکانی بەردەوامە. ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، تورکیا چەکی قەدەغەکراوی لە سەرێ کانی بەکارهێناوە. مەسەدە ڕاشیگەیاند، بەهۆی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر باکووری سووریا، 235هاووڵاتی مەدەنی شەهید بوون کە 22 لەوان منداڵن و 300هەزار کەسیش ئاوارەبوون.
ئاشکراشیکرد، ئاگر بەست کاتییە و جەنگ بەردەوامە. ئەگەرچی ئاگربەستێکی پێنج ڕۆژی لە نێوان ئەمەریکا و تورکیا لە باکووری سووریا ڕاگەیەندرا، بەڵام شەڕ و پێکدادان هەر بەردەوامە و خاڵەکانی ئاگربەستەکە هەر زوو شکێنران.

ئەو سەربازە ئەمەریکانەی لە سووریا دەکشێنەوە دەچنە ڕۆژئاوای عێراق

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، مارک ئێسپەر ڕایگەیاند کە نزیکەی ئەو هەزار سەربازەی بە بڕیاری سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالّد ترەمپ لە سووریا دەکشێندرێنەوە، ڕەوانەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای عێراق دەکرێن. ئێسپەر کە بە مەبەستی گەشتێک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەمەریکاوە بەڕێکەوتووە لەناو فڕۆکە بە میدیاکارانی ڕاگەیاند کە نزیکەی ئەو هەزار سەربازە بە بڕیاری ترەمپ لە سووریا دەکشێندرێنەوە، ڕەوانەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای عێراق دەکرێن. ناوبراو ئاماژەی بەوە نەدا کە لە چ ڕێکەوتێکی دیاریکراودا، سەربازان دەچنە عێراق و باسی لەوە کرد کە پرۆسەی گواستنەوەی سەربازان چەند هەفتەیەک دەخایەنێت.
مارک ئێسپەر تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ئەم سەربازانە بەردەوام دەبن لە بەرەنگاربوونەوەی داعش لە عێراق و پشتیوانی لە هێزی بەرگریی عێراق دەکەن. ترەمپ پێشتر ڕایگەیاندبوو کە نزیکەی ئەو هەزار سەربازە ئەمەریکییە دەکشێنێتەوە کە لە باکووری سووریان، ئەمەش کاردانەوەی کۆنگرێسی ئەمەریکای لێکەوتەوە و ڕەخنەیان لەو بڕیارە گرت.



نووسەرانی تورکیا داوا دەکەن تورکیا پاڵپشتیی سوپای سووریای ئازاد نەکات

سوپای سووریای بەناو ئازاد، ئەو سوپایەیە کە لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتیی دارایی و لۆجیستی دەکرێن، لە هەموو شەڕێکیشدا ئەو سوپایە کە 100هەزار کەس دەبن، تورکیا بەکاریان دەهێنێت، بەڵام نووسەرانی تورکیا دژی ئەو سوپایە دەنووسن و پێشیانوایە ئەم سوپایە پێگە و قورسایی هێزی تورکیای کەم کردووەتەوە.
ئەمین چۆڵەشان نووسەری دیاری ڕۆژنامەی سۆزجوی تورکی، لە نووسینێکدا کە دوێنێ بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت سوپای سووریای ئازاد سوپا نییە و سەربازیش نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک کەسن پرچدرێژ و ڕیشن و ترسناکیشن. ئەو نووسەرە پێی وایە ئەو سوپایە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ گرووپی تیرۆرستی داعشدا نییە و وەکوو ئەوان بیر دەکەنەوە. دەشڵێت پێشتر لەلایەن سعوودیاوە هاوکاری دەکران بۆ لەناوبردنی ئەسەد، بەڵام ئێستا تورکیا پشتگیرییان دەکات.
هەروەها ئەمین چۆڵەشان دەنووسێت: بەرپرسانی مەهەپە کە خۆیان بە نەتەوەپەرست دەزانن، بەدڵنیاییەوە ئەو ڕەزالەتەی سوپای سووریای ئازاد دەبینن، بەڵام بێدەنگییان هەڵبژاردوە و بەداخەوە کە تاکوو ئێستا بێدەنگن. ئەو لۆگۆیەی بەسەر دەستی ئەو کەسانەوەیە دیارە کە سووکایەتییە بە دەوڵەت و نەتەوەی تورکیا، چونکە سوپای تورکیا خۆی بەهێزە و پێویستی بەوان نییە. ئەو نووسەرە ئاماژە دەدات، کە ماوەیەکی تر سوپای تورکیا هێرشی گەورەتر ئەنجام دەدات، بۆیە تا زووە با کۆتایی بە سوپای سووریای ئازاد بهێنرێت و ئەو سووکایەتییە ڕابگیرێت. یەڵماز ئۆزدیل بۆ هەمان ڕۆژنامەی وتارێکی نووسیوە و دەڵێت هەرگیز نابێت قبووڵ بکرێت سوپایەکی لەو شێوەیە لە ریزی سوپای تورکیادا شەڕ بکات، لەوەش ناخۆشتر حکوومەت ناوی لەو سوپایە ناوە (سوپای میللیی تورکیا).
ئەگەرچی لە زۆربەی میدیاکانی جیهانی وەحشییەت و دڕندەیی و تاڵانچییەتی ئەو سوپایە باس دەکرێت و بە ڤیدیۆ بڵاو دەکرێتەوە، کە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ داعشدا نییە، بەڵام حکوومەتی تورکیا بە هەموو شێوەیەک قەدەغەی کردووە لە میدیاکانی تورکیاوە باس لە وەحشیگەریی ئەو سوپایە بکرێت و هەر تەلەڤزیۆنێکیش باس لە وەحشیگەریی ئەو سوپایە بکات ڕووبەڕووی سزای توند دەبێتەوە.
چەند ڕۆژێک بەرلە ئێستاش نووسەری دیاری ڕۆژنامەی (حوریەت)ی تورکی (ئێرتوغرول ئۆزکۆک)، بە هەمان شێوە داوای کرد تورکیا دەستبەرداری ئەو سوپایە بێت، چونکە لە دنیادا ئەو سوپایە وەکوو تیرۆرست مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و نموونەی عەفرینی هێنایەوە کە دوای داگیرکردنی ئەو شارە دەستیان بە تاڵانی و کوشتن کرد.
ئۆزکۆک داوای لە حکوومەت کرد هەرچی زووە ئەو سوپایە لە شەڕ بکشێنێتەوە، چونکە بۆ تورکیا و میللەتی تورکیا خراپە سوپایەکی لەو شێوەیە پێشڕەویان بێت. بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە چەند میدیایەکی تورکیا بڵاو کراوەتەوە، دوای ئەوەی سوپای سووریای بەناو ئازاد چەند کوردێکی سڤیلیان لە نزیک سەرێکانی بە دیل گرت و پاشان گوللەبارانیان کردن، حکوومەتی تورکیا بە فەرمی لێیانی قەدەغە کردووە کە وێنەی دیلەکان بگرن و بڵاوی بکەنەوە.

پارێزگاری هەولێر پێشوازی لە بەرپرسی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران لە عێراق دەکات



پەنابەران بەگشتی تیشکی خرایە سەر ، بەتایبەت ئامادەکاری بۆ هاتنی ئاوارەو پەنابەری رۆژئاوا کە بەهۆی جەنگ و شەڕەکان روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن ، بۆ ئەمە ئامادەکاری دەکرێ بۆ دروست کردنی چەند کەمپێکی تازە لەهەولێر بەهەمو پێداویستی و خزمەتگوزارییەوە. بەرپرسی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران لە عێراق تیشکی خستە سەر رۆڵی پارێزگای هەولێر سەبارەت بە خزمەتگەیاندنی بەردەوام بە ئاوارەو پەنابەران ، کە بەهاوکاری ئاژانس و ڕێکخراوە خێرخوازییە نێو دەوڵەتی و ناوەخۆییەکان، هەموو شێوازێکی ژیان بۆ ئاوارەو پەنابەران دابین کراوە ، بۆ ئەم پێناوە ستایشی هەوڵەکانی پارێزگاری هەولێر کرا. جەختیش کرایەوە سەر بەردەوامی و هەماهەنگی و هاریکاری نێوانیان و کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران لە عێراق، کە بەردەوام هاوکار بوونە بۆ کەمکردنەوەی نەهامەتی و ئازاری ئاوارەکان.

جێی باسە هەرێمی کوردستان بەردەوام دەرگای والآ بووە لەبەر دەمی ئەو ناوچانەی کە جەنگ و ئاشووبی تێدا گەرمە، وەک ئەرکێکی مرۆیی پارێزگای هەولێر هەموو هەوڵێک دەخاتە گەڕ بۆ دابین کردنی هۆکارەکانی تەندروستی و پەروەردەو ئاوی خواردنەوە بۆ کەمپەکان و ئاوارەکان بە گشتی.

سەرۆکی شارەوانیی هەولێر:
لەمڕۆوە خاوەن زەوییەکان دەتوانن سەردانی شارەوانی بکەن بۆ تاپۆکردنی زەوییەکانیان

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

سامان محەمەد ،سەرۆکی شارەوانیی هەولێر بە خەباتی راگەیاندووە کە بڕیاری تاپۆکردنی زەوییەکانی تۆبزاوەی ئەحمەد، کە لە سنووری شارەوانیی پێنجی هەولێرە، چووەتە واری جێبەجێکردنەوە.

راشیدەگەیێنێت، لەمڕۆوە خاوەن زەوییەکان دەتوانن سەردانی شارەوانی بکەن بۆ تاپۆکردن و بەناوکردنی زەوییەکانیان. سەرۆکی شارەوانیی هەولێر دەشڵێت ، پرۆسەی بەناوکردنەکە بە شێوەیەکی ئاسایی و یاسایی پێویستی بەوەیە ، کە رسومات و رێکارە یاساییەکان تێبەپەڕێنێت، ئەویش چەند رۆژێکی پێویستە ، بەڵام لەوانە گرنگتر ئەوەیە کە بڕیاری تاپۆکردنیان بەردەستە و هیچ کێشەیەکیان نییە.

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو: پشتگیری لە بەرهەمی ناوخۆ دەکەین



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

بەمەبەستی ئاگاداربوون لە پرسی بەرهەمی ناوخۆ بێگەرد تالەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە یاوەری نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر و بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی هەولێر سەردانی عەلوەی هەولێری کرد و لە نزیکەوە گوێی لە خاوەن عەلوەکان و ژمارەیەک لە جووتیاران گرت و لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رووندیکردەوە: بەچاوی خۆمان ئەو بەرهەمانەمان بینی کە وەزارەت قەدەغەی کردووە و لە عەلوەدا دەبینرێن و نیگەرانین لەوەی ئەو بەرهەمانەی قەدەغەکراون لەبەرچاو دیارن بۆیە هەوڵ دەدەین لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا باسی لێوە بکەین و ئێمە لە وەزارەتی کشتوکاڵ هەمیشە پشتگیری لە بەرهەمی ناوخۆ دەکەین و نابێ ئەو بەرهەمانەی کە وەزارەت قەدەغەی دەکات لە مەرزەکاندا بێتە ژوورەوە.

ئێخستنە بەرچاڤ و سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر بو گریدانا ڤان جورە کومبونا.

تروانشی: کادرێ پارتی خوە ب خوادانێ ئێش و ئازارێن خەلکێ سڤیل زانییە



سەربەست تروانشی بەرپرسێ لقا ئێک لدیڤ وی بەرنامێ دارێتی یێ لقا ئێک ژ بو نێزیک ئاگەهداربون لدور رەوشا رێکخستنێ و گەهاندنا زانیاریان و گوهداریا خواست و داخوازیان دگەل بەرپرسێن رێکخراوێن دهوک، شورەش، سەرهلدان، کوماتە، رێکخراوا بەلێندەران ل بارەگایێ لقێ کومبو، دڤێ کومبونێ دا بەرپرسێ لقێ لسەر چەند خالان ئەرکەکێ مەزن لسەر ملێن هەوەیە چونکی کارێ هەوە راستە راست دگەل خەلکێ سڤیلە و هێن بەری هەمیان ئێش و ئازارێن وان دزانن و دڤێت خوە ل وان گرفتێن وان بکەنە خودان چونکی کادرێ پارتی خوە ب خودانێ وان ئێش و ئازاران زانیە و کارکرن ب مەژیەکێ ساخلەم دێ بیتە ئەگەرێ کارگەهەکا مەزنا وبەرهێنانێ، بەرپرسێ لقێ گوهداریا پێشنیار و داخوازی و گلەییێن وان کرن، وان ژی ئەو خواست و پێتڤییێن خوە

221 فەرمانبەر لە وەزارەتی پەروەردە پلەیان بەرزدەکرێتەوە

د. ئالان سەعید وەزیری پەروەردە رایدەگەیێنێت ، دوای ئەوەی لە رێگەی نووسراوێکەوە داواکاری 221سەرپەرشتیاری پەروەردەییان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران کرد، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە رەزامەندی لەسەر داواکاری ئەو کەسانە درا کە پلەیان بۆ بەرز بکرێتەوە. راشیدەگەیێنێت ، ئەو سەرپەرشتیارانە بە ڕەسمی پلەیان بەرز کراوەتەوە و بڕیارەکەش لە رۆژی دەرچوونیەوە کە 17ی ئەم مانگەیە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و لە هەوڵێشداین داواکاری تر کە لە لایەن مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردەوە ئاڕاستەمان کراوە جێبەجێیان بکەین. وەزیری پەروەردە دەشڵێت، دوێنێ یەکشەمە ئەو 221 کەسەی فەرمانەکەیان بۆ دەرچووە وەک سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دەست بەکار دەبن.

ئاسایشی سۆران دەستی بەسەر بڕێکی زۆر ماددەی هۆشبەردا گرت



رۆژی 2019/10/20 بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادەد هۆشبەرەکانی سۆران لە ڕاگەیێندراوێکدا ڕایگەیاند: لە بازگەی زینی وەرتێ توانرا دەست بگیرێت بەسەر بڕێکی زۆر لە ماددەی هۆشبەر.

لە ڕاگەیێندراوەکەدا هاتووە: لە ڕێکەوتی 15/10/2019 لە لایەنی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سۆران لە بازگەی زینی وەرتێ توانرا دەست بگیرێت بەسەر بڕی 1کیلۆ 997گرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری کریشتاڵ و بڕی 1 کیلۆو نیو ماددەی هۆشبەر لە جۆری "هێروێن و 475 گرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری حەشیش لەگەڵ دەستگیرکردنی 2 تۆمەتبار کە خەڵکی شاری دهۆکن بە ناوەکانی ح،م،ح و س،ح،ی.

هەروەها ڕاشیگەیاندووە: لە چالاکییەکی دیکەدا لە ڕێکەوتی 2019/10/16 لە لایەن بنکەی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی سۆرانەوە توانرا هاوڵاتیەکی ئێرانی لە قەزای سۆران بە ناوی ع،ع،ر دەستگیربکرێت کە بڕی1 کیلۆ گرام ماددەی هۆشبەری لە جۆری هێروێن پێگیراوە و دوای دەستگیرکردنیشی دانی بە تاوانەکەیدا ناوە.

بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی سۆران ڕاشیگەیاندووە: هەرسێک تۆمەتبارەکە دانیان بە تاوانەکەیاندا ناوەو بەپێی ماددەی 14 لەیاسای سزادانی عێراقی پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ ڕێکخرا و ڕەوانەی بەردەم دادگا کران.

ل دهۆکێ کەمپینا هاریکاریان بۆ خەلکێ ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ هاتە دانان



ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ دانان دێ هەتا ڕۆژا پێنج شەمبیا بهێت ئانکو هەتا ڕۆژا /24 10/2019کەمپینا کۆمکرنا هاریکاریان یا بەردەوام بیت هەمو جۆرێن کەرەستێن ناڤمالی و کەل و پەلێن ژیکجۆدا دهێنە کۆمکرن بۆ خەلکێ ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ چەندین گەنجێن دهۆکا داسنیا ئەڤ کەمپینا ڤەکرینە ئەم دێ هەولدەن ڤان کەرەستان ب ریێا سەرپەرشتیاری پرۆژێ کۆمکرنا هاریکاریان بۆ خەلکێ ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ دیار کر کو مە وەکو هژمارەکا گەنجێن دهۆکێ کەمپینەک بۆ خەلکێ ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ دانایە بۆ دەمێ چەند ڕۆژان دێ هەمو جۆرێن هاریکاریان هێنە کۆمکرن دێ ب ترومبێلان بۆ خەلکێ ڕۆژئاڤا ڤریکەن.

محەمد حەجی دیار کر: هژمارەکا گەنجێن پارێزگەها دهۆکێ کەمپینەک بۆ کۆمکرنا هاریکاریان بۆ خەلکێ ترومبێلان بۆ خەلکێ ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ ڕەوانە بکەین وەکو ئەرکەکێ نەتەوەیێ و نشتیمانیی مە ب فەر دیت هاریکاریا بۆ خۆشک و برایێن خوە ڕۆژئاڤا کۆم بکەن.

خۆیا ژی کر: کەمپینا کۆمکرنا هاریکاریان بۆ خەلکێ ڕۆژئاڤا ل پارکا بارزانی هاتیە دانان ڕۆژانا ژ دەمژمێر نەهێ سپێدی هەتا نەهی شەڤێ یا ڤەکریە ئەم دخوازن هەمو خەلکێ دهۆکێ ل گۆرەپێ شیانییێن خوە پشکداریێ تێدا بکەن.

هەولێر.. کۆنفرانسی زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی



یاریدەدەری راگری کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەددین، تەڵعەت تاهیر: "ئەم کۆنفرانسە تایبەتە بە زمان و ئەدەبی کوردی و چەندین تۆپێنەوە دەخرێتەڕوو، تا بزانین زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی چ لێکچوون و جیاوازییەکان لەگەڵ یەکتردا هەیە ، دواتر ناوەڕۆکی کۆنفرانسەکە دەخرێتە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆپێنەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی کەڵک وەربگیرێت لە پڕۆگرامەکانی زمان و ئەدەبی کوردی ـ دا.

بە مەبەستی گەشەپێدان و دیاریکردنی کاریگەرییەکانی نێوان هەردوو زمانی کوردی و فارسی، کۆنفرانسی هەماهەنگی نێوان هەردوو زمان بەناونیشانی 'زمان و ئەدەبی کوردی ـ فارسی، پەیوەندیی و کاریگەرییەکان' لە هەولێر بەڕێوەچوو. دوێنێ یەکشەمە، بە ئامادەبوونی نوێنەری10 زانکۆی هەرێمی کوردستان و تورکیا و ئێران، کۆنفرانسەکە دەستی بەکارەکانی کرد کە ماوەی 3 ڕۆژ بەردەوام دەبێت و چەندین توێژینەوە دەخرێتەڕوو.

یەکێک لە ئامادەکاری کۆنفرانسەکە ئاماژە بەوە دەکات کە دوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکە، ڕاسپاردەی کۆتایی لە چەند خاڵێک کۆدەکرێتەوە دەخرێتە بەردەم هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینرێت لە ناوەندەکانی خوێندندا.


لەم کۆنفرانسەدا چەندین توێژینەوە دەخرێنەڕوو کە تیایدا هەوڵ دەدرێت کاریگەری و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی باس بکرێت و بەپێی بەرنامەی کاری کۆنفرانسەکە کە ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت 11 پانێڵی تیادا بەڕێوەدەچێت کە لەوێدا زیاتر لە 40ت وێژینەوەی زانستی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی تیایدا پێشکەش دەکرێت.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/10/21 ژمارە (5853)

بەماوەی 60 کاتژمێر هەر کوورەیەک لە توانایدایە 50 هەزار خشت سوور بکاتەوە

دەیان ساڵە کوورەکانی گوندی ماستاوەی شاری هەولێر لەکارنەکەوتوون

سەرەڕای ئەوەی جوانییەکی تایبەتی هەیە، توانایی گەڕاندنەوەی گەرمی و ساردی لە بلۆک زیاترە





ڕاپۆرت/عەلی بانیشاری

گوندی ماستاوە خاوەن میژوویەکی دوورو درێژە لە دروستکردنی کوورەی خشت سوورکردنەوەدا. گوندەکە سەر بە شارۆچکەی شەمامکە لە سنووری پارێزگای هەولێر. لەسەردانێکی مەیدانیدا کوورەکانی ماستاوەمان بەسەر کردەوە و وتوێژمان لەگەڵ وەستا و خاوەنی کوورەکان کرد و چەند پرسیارێکمان ڕووبەڕوو کردنەوە. ئەگەرچی میژووی دروستی کوورەکان دیار نییە، بەڵام یەکێک لە وەستاکان بەناوی حەیدەر عومەر دەڵێت" نزیکەی 200ساڵە ماستاوە خاوەنی کوورەی خشت سوورکردنەوەیە". بەپێی وتەی خاوەنی یەکێک لە کوورەکان تەنها لە ماستاوە 9کوورە بوونیان هەیە.

ئیسماعیل حەسەن، لە گوندی ماستاوە خاوەن کوورەیە و دەڵێ" 4ساڵە کووردم هەیە و ساڵانە کوورەکان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە". دەشڵێت" لە 1980-1970 دانیشتووانی ناو قەڵای هەولێر بۆ دروستکردنی خانوو سوودیان لەو خشتانە دەبینی کە لە هەولێر دروست دەکران". باس لەوەشدەکات ماوەی مانەوەی خشت لە بلۆک زیاترە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی جوانییەکی تایبەتی هەیە و توانایی گەڕاندنەوەی گەرمی و ساردی لە بلۆک زیاترە. ناوبراو گوتیشی" ئەو خۆڵەی خشتی پێ دروست دەکرێت لە هەموو ناوچەیەک نییە، زۆربەی خۆڵی ماستاوە بۆ دروستکردنی خشت گونجاوە، هەر لەبەر ئەوەیشە گوندەکە 9کوورەی لێیە، بەڵام تەنها 6دانەیان بە بەردەوامی کار دەکەن".

ئیسماعیل حەسەن هەروەها دەشڵێ" سەرەڕای پێشکەوتنەکان، بەڵام دەیان ساڵە خشت لە دروستکردنی خانوو، مزگەوت و کڵێسا و فڕنی نان و بااڵخانەکان بەکاردێت". ئاماژەی بەوەشدا پێشتر هاوواڵتیان لە بەغدا و خانەقینەوە دەهاتنە هەولێر و خشتیان دەکڕی و دەیان بردەوە. سەبارەت بەو شوێنانەی پێشتر لە سنووری پارێزگای هەولێر کوورەی خشت سوورکردنەوەیان لێ بووە؟ ئەو گوتی" سەرەتا کوورە لە هەولێر دروستکرا، پاشان لە تۆپزاوە، دواتر بۆ قۆرپتان و عارەبکەند و گەزنە و ماستاوە و هێلەوە".

ئیسماعیل حەسەن هەروەها ئەوەشی گوت" لە ساڵانی 1960تەنها لە هەولێر -70 80کوورە هەبوو". بەوتەی وەستا و خاوەنی کوورەکان چەندین ساڵە شێوە و قەبارەی خشتی سوورکراوە وەکو خۆی ماوەتەوە. ئیسماعیل حەسەن دەڵێ" خشتەکان 22سم درێژن و 10سم بەرز و 5سم ئەستوور". گوتیشی" پێشتر بە چ قەبارەیەک خشتمان دروست دەکرد ئێستاش هەر وایە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە".

حەیدەر عومەر، لە هەمان گوند وەستای خشت برینە و دەڵێت" هەر کوورەیەک 50 هەزار خشتی تێدەکرێت و دەرگای کورەکان دەبەسترێت و لە ژێرەوەی ئاگر دەکرێت تا بە باشی خشتەکان سوور ببنەوە". دەشڵێت" خشت بە 170هەزار دینار دەفرۆشین و هەر وەستایەکیش ڕۆژانە 2000-1000خشت بەدەست دەبرێت". سەبارەت بە ماوەی کارکردنی کوورەکان؟ ناوبراو گوتی" ساڵانە لە مانگی چوارەوە تا مانگی یازدە کوورەکان کار دەکەن". ئەو نایشارێتەوە بەشێک لە کوورەکانی ماستاوە لەئێستا خاپوور بوون. باسی لەوەشکرد نزیکەی 200ساڵە گوندەکەیان خاوەنی کوورەی خشت سوورکردنەوەیە. حەیدەر عومەر کە لە کاتی خشت بڕیندا عارەق بە نێوچاوانیدا دێتە خوارەوە و جار و باریش هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێت دەڵێت" لەبەر گرانی نرخی خشت، خەڵکی کەمدەست ناتوانن بیکڕن، زیاتر ئەو کەسانە لە خانوو و بااڵخانەکاندا بەکاری دێنن کە باری داراییان باشە". بەوتەی ناوبراو وەستاکانی خشت بڕین هەزار خشت بە 40هەزار دینار دەبڕن.

بەوتەی وەستا و خاوەنی کوورەکان چەندین ساڵە شێوە و قەبارەی خشتی سوورکراوە وەکو خۆی ماوەتەوە

سوورکردنەوەی خشت ماوەی 60کاتژمێری پێویستە". ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات لە هەولێر و شەقڵاوە و پیرمام و موسڵەوە هاوواڵتیان دێن و خشتی ماستاوە دەبەن و بۆ بااڵخانە و کۆمەڵێک کاری بیناسازی سوودی لێ دەبینن. حەیدەر عومەر دەڵێ" هەزار سەر گژوگیاکان ماوەتەوە و ئەمەش زۆر باشە بۆ زیادکردنی ڕێژەی بەرهەمهێنان. هەنگوینی خیزان زۆر بەناوبانگە و لە ئێستاوە داواکاری زۆری لەسەرە".

سەیدخان ئاماژەی بەوە دا کە بەهۆی مردنی ژمارەیەکی زۆری هەنگەکان سااڵی ڕابردوو بەرهەمیان کەم بووە. گوتی: "چاوەڕێ دەکەین ئەمساڵ ڕێژەی بەرهەمهێنان بگاتە یەک تۆن. پوڕە هەنگەکانمان زۆر دوورن لە هەر شتێک کە مادەی کیمیایی تیادا بێت. هەموو کەس بێ هیچ شک و گومانێک دەتوانێت هەنگوینی ئێمە بخوات".

هەنگەوان ئایدن گوڵاک ئاماژەی بەوەدا کە لە باوکیەوە فێری هەنگەوانی بووە و گوتی: "دوای بەرهەمهێنانی هەنگوین هەنگەکان دەبەینەوە ناوچە گەرمەکان".

شوێنەکەیان سێ هەزار مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە

کۆکردنەوەی بەرهەمی هەنگوین لە کوێستانەکانی قەزای خیزان-ی پارێزگای بەدلیس دەستی پێکردووە





خەبات: باکووری کوردستان

کۆکردنەوەی بەرهەمی هەنگوین لە کوێستانەکانی قەزای خیزان-ی پارێزگای بەدلیس دەستی پێکردووە کە سێ هەزار مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.

پوڕە هەنگەکان لە وەرزی بەهاردا بردراونەتە چیا بەرزەکانی خیزان کە بە گژوگیای زۆر و زەوەند بە ناوبانگە و بە شێوەیەکی تەواو سروشتی و بێبەکارهێنانی هیچ مادەیەکی سەربار بەرهەم دەدەن. سەرۆکی یەکێتی هەنگەوانانی خیزان، سەیدخان ئێکینجی ڕایگەیاند کە 350 هەنگەوان لەو قەزایە بەردەوام هەنگەوانی دەکەن و گوتی: "بەهۆی هەلومەرجی کەشوهەواوە بەرهەمهێنانی هەنگوین ئەمساڵ زیاد دەکات. بەهۆی ئەوەی ئەمساڵ سێ مانگ باران نەباریوە شیلەی



ڕێبوار حەمەلا و شوانی

هەموومان پشتیوانی حکومەت و کوردستانێکی بەهێزین

پارتی دێموکراتی کوردستان ، بە رابەرایەتی بارزانیی ، هەمیشە لە سەنگەرەی پێشەوە داکۆکیکردن بووە لە مافەرەواکانی کورد وکوردستان و هەمیشە بەرپرسیارانە ، رووبەرووی هەموو ئەو پیلانگێڕیی و کۆسپ و تەگەرانە بۆتەوە و خاک و نیشتمانەکەی بە خوێن وگیان وسیاسەت و دیپلۆماسی پاراستووە تا گەیشتن بە هەموو مافەرەواکان و لووتکە. بەهێزی وسەرکەوتن و بنیاتنانی کوردستانێکی بە هێز بەو شێوەیە مسۆگەر دەبێ و هاوسەنگی و کوالیتی ستاندارد هێزێکی گەورە بە کوردستان دەبەخشێ . نکۆڵی لەوە ناکرێت، کە ناوەندە سیاسیە نێودەوڵەتییەکان، لەسەر ئاستی باڵا ، جەخت لەسەر توانا و لێهاتوویی و کارامەیی سێ کوچکەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان دەکەنەوە، کە پێکهاتوون لە: مەرجەع و رابەری نەتەوە جەنابی کاک مەسعود بارزانی و سەرۆکی هەڵبژێراوی هەرێم جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکی دیاریکراو بۆ کابینەی حکومەتی هەرێم ریزدار مەسرور بارزانی، کەزادەی مێژووی خەبات و قوربانیدانی نەتەوەی کوردو قالبووی ناو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتین، لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی جێگەی بڕواو متمانەن، کەتوانیان گەلی کوردستان و قەوارەی هەرێم و دەستکەوتەکانی لە دژوارترین بارو دۆخدا بپارێزن و گەورەترین بەڵێن نامەی سیاسی کە ریفراندۆمە لە مێژووی کورد دا تۆمار بکەن. ئەو سێ کوچکەیە لە سەر شانۆی سیاسی ناوخۆیی وناوچەیی و نێو دەوڵەتیدا نوێنەرایەتی دۆزی ڕەوای کورد دەکەن، ڕەگەزی ئاشتی وسەقامگیریی سیاسی و پێکەوە ژیان و گەشە سەندنن.پارتی دێموکراتی کوردستان وەک براوەیێکی بێ ڕەکابەر لە گوڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستاندا 45کورسی بەدەستهێنا بە جیاوازییەکی زۆر لە گەڵ لایەنە سیاسییەکانی تر، بۆیە پارتی دێموکراتی کوردستان مافی ڕەوای خۆیەتی پۆستە سیادیەکان وەربگرێت وەک براوەی یەکەم ببێتە لایەنێکی سەرەکی بۆحکومڕانی کردنی هەرێمی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی کە بە ئەندازیاری ئاوەدانی و سەرکردەی خۆیەخاوەن زانی گەل و وڵات ناسراوە، لە هەمان کاتیشدا سیاسەتمەتدارو دیپلۆماتێکی سەرکەوتووە و دەتوانێت گەلەکەی لە قەیرانە سەخت و دژوارەکان ڕزگار بکات و خاوەن ئەزمونێکی دەوڵەمەندە لە ئیدارەدانی هەرێمی کوردستان.ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەک سەرۆک وەزیرانی کوردستان بۆ چوار ساڵی داهاتوو حوکمڕانی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڕێزیان کەسایەتییەکی سیاسی، کارگێڕی، دیپلۆماسی، ئەمنی سەرکەوتووە و ئەوەی سەلماندووە بۆ ناوخۆ و دەرەوە کە خاوەن نواناییێکی زۆرە و کەسایەتیەکی زور شیاوە بو ئەم پۆستە جەنابی مەسروو بارزانی کە دەیان ساڵە قوربستریں ئەرکی پێ سپێدرابوو بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارەتی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەستاوە و توانی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی بپارێزێت و سەرکەوێت بە سەر ناحەزان و نەیارانی کورد کوردستاندا و مایەی شانازی هاونیشتمانیانی کوردستانە.هەرێمی کوردستان ، بەرهەمی خەباتی دەیان ساڵە، خوێنی شەهیدان و ماندووبوونی بێ وچانی پێشمەرگە قارەمانەکان و گشت دڵسۆزانی ئەم نیشتیمانەیە ، کە بۆ هەر هەنگاوێکی قوربانیی زۆری بەخشیوە و دەبەخشێت و بەدڵ وگیان پارێزگاری لێدەکات ، چوار ساڵی ڕابردووبی قارەمان ، پاراستنی حکومەت وپەرلمان و گشت دەسکەوتەکان ئموونەی هەرە بەرچاویی ئەو ڕاستییەن ، لە ئێستاشدا کوردستان هەنگاویی گرنگ و ستراتیژی ناوە و گشت فاکتەرو سیماکانی بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەردەمییانە هەڵدەگرێت، لەبەرامبەر تەحەددیگەلێک کە دەبنە ئاستەنگ و هەرشە بۆ ئایندەیەگی گەشاوە، بەڵام کابینەی نێیەم گەشبینە بەوەی دەتوانێت چارەسەری کێشەکان بکات و هەموو ئەو تەحەددییانە وەلاوە بنێت کە دێنە بەردەم جێبەجێکردنی بەرنامە چوار ساڵییەکەی.ئیرادەو گەشبینیی کابینەی تازە پێش هەموو شتێک لە بەرنامەکەیدایە کە لەلایەن زۆرینەی خەڵکی هەرێمەوە پشتگیریی لە سەرۆکی کابینەکە دەکرێت، هەروەها پاڵپشتی و پشتیوانیی هێزا سەرۆک مسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەندێ لایەنی سیاسیی کارا، بەو ئاراستەیەی کە پێویستە ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بپارێزرێت بۆ پێشخستن و گەشەسەندن پشتیوانی لێدەکرێت. تاکو ببێتە زامنی بەهێزکردنی پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی.بەدڵنیاییەوە ،پلان و ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چوار ساڵی داهاتوو بریتییە لە (سەروەریی یاسا ، شەفافییەت لە کاردا ، ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بە هەموو شێوەکانیەوە ، ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی دامەزراوە یاساییەکان، دامەزراندنی دەستەی ڕاوێژکاران، گرنگیدان بە خزمەتگوزاریی هاوواڵتیان، ڕێکخستنی بەرگری بە هەموو پێکهاتەکانییەوە ، هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات، ڕێکخستنی کەرتی نەوت و غاز، گرنگیدان بە سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی، بەرەنگاربووونەوەی قۆرخکاری، پشتگیریی کەرتی تایبەت، پاراستنی ژینگە، گرنگیدان بە میژرو و کەلەپوورو شوێنەوار، پشتگیریکردنی پەروەردەو لاوان و خێزان و کەسوکاری شەهیدان) ، ئەمانە هەموویان گەشبینی لای هاوواڵتیان بە ئایندەی هەرێم زیاتر دەکەن.

بەرنامەی حکومەتی تازەی هەرێم ڕەنگدانەوەی واقیعی وڵاتەکەیە ، ئەمەش مانای وا نییە کە ڕێگای بەردەم جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە ئاسانە و بە گوڵ چنراوە ، بە حوکمی واقیعی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی. ڕێگای بەردەم حکومەتی کابینەی نێیەم لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی، زۆر پرسیار دەخاتە بەردەم شەقامی کوردستانی، کە ڕەنگە ژمارەو تەوەرەکەیان لە ژمارە و تەوەری بەرنامەی کابینەکە زیاتر بێت، وێڕای ئەمەش، هاوواڵتیان بە گشتی و پسپۆران لە بوارەکانی پەیوەست بە لایەنی زانستی و پراکتیکی گەشبین بە سەرخستنی بەرنامەکە، لەمیانی هەڵێنانی هەنگاوی واقیعی و بەرنامەدارێژراوی دیراسەکراو کە پاڵپشتی سەرخستنیەتی، بە ئومێدی هێنانەکایەی سیستەمێکی دادپەروەری حوکمڕانی کە کلیلی ئەم سەرکەوتنەیە و پێگەی لەنێوان هاوواڵتیان و لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەرزدەکاتەوە. ڕێرەویی کوردستان بەرەو حکومەت و کوردستانێکی بەهێزترە.

خونیشاندانێن عیراقا فیدرالێ و مایتکرنێن دەرەکی



خالد ئەحمەد بادی

هەر تشتەکێ لسەر بنەمایێن شاش وخوار هاتبیتە دانان ئانکو کارەکێ بێ بنەما دێ ئەو کار یان کریار ب زویترین دەم هێتە تێکدان وهەرفاندن. هەر لدەست پێکا پەیدا بونا دەولەتا عیراقێ ل سالێن بیستان وتا نوکە چونکە لسەر بنچینەکێ شاش وخوار هاتیە دانان تا نوکە کارتێکرنێن نەرێنی کرینە سەر هەمی بوارێن ژیانێ لعیراقا فیدرال وهەمی پێکهات ولایەن و وەلاتیێن سڤێل بوینە قوربان وعیراق ژ وەلاتەکێ زەنگین وپری سەروەت وسامان و ژێدەرێن ژیانێ یێن ب مفا بویە وەلاتەکێ کەفتی وهەژار وپاشکەفتی و پری نەزانین.

ئاریشا هەرە مەزن یا دناڤ عیراقییان دا ئەو نینە کو وەلاتەکێ زەنگین بیت بەلکو هەژارترین وەلاتە چونکە ژئالییێ نەزانین وجاهلیەتێ هەژارترین وەلاتە وپشت بەستنا خو دایە سەر بنەمایێن شاش وچەوت وزانست ژبیر کریە ونەزانین زور زێدە بویە و دیسا پشت بستیا خو دایە سەر مەزهەبییە وعەشیرەتگەری و ئاغا وشێخێن عەشیرا ومەلا وقەشە کرینە ڕێنیشاندەر وبلا بهێلن مەلا مەلاتیا خو بکەت وب دروستاهی ئایینێ پیرۆز بڕیڤە ببەت وبهێلن قەشە ب دروستاهی قەشاتیا خو بکەت وکار بکەن بو نەهێلان وبراندنا شێخێن عەشیرەتا ودویڤەلانکیا ئاغا وبەگ وسەروک جاشان وبتنێ پشت بەستیا خو بدەنە زانست وزانین وسیستەم وپاسایان ودێ لوی دەمی نە عیراق بتنێ بەلکو هەموو ئەو وەلاتێن ڤان ڕەفتار وکاران دکەن دێ لاپەرەکێ نوی ڤەکەن ودێ کەڤنە دکێبرکا پێشکەفتنێ دا وژ لیستا وەلاتێن پاشکەفتی دەرکەڤن . چ جاران لعیراقێ ڕەوش ئارام نەبویە وهەر ڕوژەکێ قادا عیراقێ پرسگرێکەکێ بخوڤە دگریت ولڤان روژێن بوری دیسا پێلەکا دی یا نەرازیبون وخونیشاندانێن مەزن وبەرفرەه لزوربەیا باژێرێن عیراقێ رویداینە وبویە ئەگەرێ پەیدا بونا قوربانییێن زێدە ژ کوشتی وبریندارا ن ودبەردەوامن وئەڤ جارە ژی دیسا عەقلیەتا بەرتەنگا تاکێن عیراقی کو بوینە دار دەستێن وەلاتێن دەردور وهەرێمی وبیانی وئەو وەلاتە ئەجندایێن خو یێن سیاسی وئابوری ودارایی و مەزهەبی لسەر عیراقێ دسەپینن ودیسا زەرەرمەندێ هەر ئێکێ وسەرەکی وەلاتیێن سڤێل وبێ گونەهن ,عیراق کەفتیە دەدستێن هندەک حوکمرانان دا کو نەشییێت خو بتنێ بڕیڤە ببەت ئەڤجا دێ چەوان شێت ئیدارا ملیونان مروڤان بکەت .ئەی تاکێن کومەلگەهان پشت راست بە ئەگەر تو شکەستی کەس تە لێک نا دەت بتنێ تو بخو نەبی وئەگەر تە شکەستنەک خوار تو بخو ب شیانێن خو یێن کەسوکی نە بیت تو نا رابیە ڤە لسەر پێت خو بتنێ تە ئەڤ شیانە یێن هەین خو بهێزتر لێ بکە ژ بارودوخ وپرسگرێکێن دونیایێ ئانکو خو ژ دونیایێ بهێزتر لێ بکە وچ بهێتە سەرێ تە نە کە گری وبتنێ بگرنژە ودێ دونیا ژی بو تە گرنژیت وبلا دونیا بو خو بکەتە گری .ئەڤجا ئەی وەلاتیێن عیراقی هوین ژی ڕێکێ نە دەنە بارودوخێن دونیایێ بلا سیستەم وزانست وزانینێ بو خو بکەنە ڕێنیشاندەر ولەوما ڕوژنامە نڤیس وچیروک بێژ و ڕەوشەنبیر وزانایێ بیانی یێ بناڤ ودەنگ (اریک ارپر بلیێر) یێ کو ناسناڤێ وی (جورج اورویل) گوتیە (ئەو مللەتێن گەندەل وخائین وخودانێن بەرژەوەندێن تایبەت دهەلبژێرن بو حوکمرانییێ ئەو مللەتا هێتە هژمارتن قوربانی بەلکو دبیتە شریکێ تاوانێ) وعیراق یا پرە ژ گەندەل وخائین وبەرژەوەندخوازان لەوما ڕەوش بەرەف ئالوزتر ڤە دچیت وبلا بوچون بو خوینەڤانێن بەرێز بیت.



خۆپیشاندانەکانی عێراق پیلانێک لە دژی عادل عەبدولمەهدی

سەدیق سەعید ڕواندزی

کێشەی بونیادنانەوەی ژێرخانی عێراق لە ڕووی ئابووری و خزمەتگوزاری و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و ڕەخساندنی هەلی کارو چەندین گرفتی خزمەتگوزاری دیکەش، کێشەیەک نین لە ماوەی دەست بەکاربوونی عادل عەبدولمەهدی سەریان هەڵدابێت. بەڵکو لە دوای ڕووخانی بەعسەوە، بۆ ماوەی شانزە ساڵە، نەتوانراوە وەک پێویست سەرخان و ژێرخانی ئەو وڵاتە بینا بکرێتەوە و تاکو ئێستا کەڵەکە بووە لە سەر یەکتری.

بۆیە هەموو ئەو دروشم و بیانووە سیاسییانەی لە دژی سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق و کابینەکەی بەرزدەکرێنەوە، پاساوی سیاسییان لە پشتە و بەشێکی زۆری پەیوەندی بە مللانێی نێومالی شیعە و هاوکات دژایەتی عەبدولمەهدیشەوە هەیە.

بێگومان، داواکاریی و خۆپیشاندان، بوونی ژیانێکی شایستە بۆ مرۆڤەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری، مافێکی ئاسایی و یاسایی و ڕەوای هاوواڵتییانە لە هەر شوێنێکی دنیا بن. چونکە ئەرکی حکومەتە خزمەتگوزاری دابین بکات و هەلی کار بڕەخسێنێ. بۆیە تائێرە ئاساییە و جێگەی ڕەخنەگرتن نییە، وەلێ ئەوەی دەبێ ڕەتبکرێتەوە ئەوەیە، کە لە پەراوێزی خۆپیشاندانەکانەوە، هەوڵدەدرێ ئەوەشی هەیە و بونیادنراوە بڕووخێنرێت. زۆر بە دەگمەن لە عێراق و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، ڕێرەوی خۆیان دەگرن و دەبنە هۆکاری هاتنە ئارای واقیعێکی باشتر. ئموونەی بەهاری عەرەبی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، ئموونەیەکی دیار و گەواهیدەرە، کە زۆر جار گۆڕینی دەسەڵاتێک بە دەسەڵاتێکی دیکە، نەک هەر نابێتە هۆکار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بگرە ئەوەندەی دیکە ململانێکان قوڵتر دەبنەوە و خوێنی زیاترەڕژێت. هەردوو وڵاتی یەمەن و لیبیاش ئموونەیەکی بەرجەستەن. کوڕژانی ئەو هەموو هاووڵاتییە لە خۆپیشاندانەکانی عێراقدا، مانای وایە هێشتا نازانرێت چۆن پراکتیزەی ئەو مافە مەدەنییە بکرێت لەلایەن هاووڵاتیان و دەسەڵاتیشەوە. خۆپیشاندانێک خوێنی سەدان کەسی تێدا بڕژێت، نەک شایستەی بەردەوامی پێدان نییە، بەڵکو دەبێ ڕێگری لە بەردەوامبوونی بکرێت و ڕێگە نەدرێت ببێتە هۆی ئەوەی خوێنی زیاتر بڕژێت. چونکە هیچ سەرمایەیەک لە ژیاندا، دڵۆپێک خوێنی مرۆڤێک ناهێنێت. مەگەر هاووڵاتییانی عێراق شانزە ساڵە نازانن کارەبا نییە؟ ئاو نییە؟ ملیۆنان بێ کار هەیە؟ ئاخۆ هەموو ئەو تەنگەژە و گرفتانە هی ئێستایە و سەرۆکوەزیرانی ئێستا لێی بەرپرسە؟ لە ڕاستیدا، ئەو خۆپیشاندانانەی ماوەی ڕابردوو ئەم وڵاتەی گرتۆتەوە، ئامانجی سەرەکی تیایدا، پیلانێکە بۆ ناچارکردنی عەبدولمەهدی بۆ دەست لە کارکێشانەوە و ڕووخانی حکومەتەکەی، وەک ئەوەی چەند هێز و لایەنێک لە ئێستادا، دروست لەسەر وەختی خۆپیشاندانەکان، باس لە هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکەن.عەبدولمەهدی، یەکێکە لەو کەسایەتییە سیاسی و میانڕەوانەی پەیوەندییەکی باکە و بەردەوام دەبێت لە هێرش کردن.

روسیا بە ڕاگرتنی بەڵانسی سیاسی لە نێوان سوننە و شیعە، کورد و تورک، ئیسرائیل و سوریا ، فارس و عەرەب خۆی بە براوە دەزانێت. ڕێکەوت نیە ئەردۆغان لە 9ی ئۆکتۆبەر پوتین وەکو یەکەم کەس بە شەخسی ئاگادار بکاتەوە لەو هەنگاوە، پێش ئەوەی لە تویتەر ئاشکرای بکات.

تا دێت هەژموونی روسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەورەتر دەبێت. ویلایە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاش ئەوەی کوردی هاوپەیمانی لە شەڕی دژ بە داعش بە تەنها بە جێ هێشت، جارێکی تر ئەو ڕاستیەی سەلماند، کە جێی باوەر نیە.

لە بەرامبەردا روسیا کەمتر بەڵێنی بە کوردی ڕۆژئاوا دابوو، بۆیە کورد هێشتا متمانەی پێی هەیە. ئەمڕۆ کوردی ڕۆژئاوا ناچارکر داوا بکات بگەڕێتەوە ژێر باڵی بەشار ئەسەد.

ئەم هەنگاوە بە پێی خواستی ڕوسیا ڕژێمی سوریا بەهێزتر دەکات، وەکو هەوڵێکی تەندروست و کراوەی لە گەڵ هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە کورد و سوننەشەوە هەیە. ئەو، هاوشێوەی سیاسییەکانی دیکەی شیعە نییە، بیر کردنەوەیەکی مەزهەبی، عەرەبییانە و ئەنتی نەتەوەیی هەبێت. هاوکات ئێستا ئەو یەکێکە لەو سەرۆک وەزیرانەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی دۆستانە و خۆشی هەیە، چەندین جار فشاری لێکراوە بۆ ئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان خەرج نەکات و بیبڕێت، کەچی ئەو ڕەتیکردۆتەوە. لێرەوەش ئەو خۆپیشاندانە هەڕەمەکی و بێ گوتارانە، هێندەی مەرامێکی سیاسی لە پشتە لە دژی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی، هێندە مەبەست دابینکردنی حزمەتگوزاری نییە. کابینەکانی پێشووتر، چییان کردووە تا ئەو تەواوی نەکردبێت؟ شانزە ساڵ نییە ئەو کێشانە لەو وڵاتەدا بوونیان هەیە ؟ بۆچی تا ئێستا چارەسەر نەکراون؟ بۆیە بەردەوامیدان بە خۆپیشاندانەکان ئێستا و لە داهاتوو، ئەگەری دەست لە کارکێشانەوەی کابینەکەی عەبدولمەهدی لێدەکرێت و لەو نێوەندەشدا هەموو گەلانی عێراق و کوردیش بەتایبەتی، زیانمەندی یەکەم دەبن. بۆیە دەبێت لەلایەکەوە داوای خۆپیشاندەران بەهەند وەربگیرێت، لەلایەکی دیکەشەوە دەرچەیەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی عێراق لەو قەیرانە دەرچێت. چونکە نابێ ئەوەمان لە بیربچێت، لە نێوان ماڵکی و عەبادی و عەبدولمەهدی، بێگومان ئەمەی دوایین باشترینیانە بۆ سەرتاسەری عێراق و ئێمەی کوردیش.

ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی و هونەری دەوڵەتداری



د. سامان سۆرانی

لەو کاتەوەی سوپای تورکیا هێرشەکانی دژ بە کورد لە ڕۆژئاوا دەست پێ کردووە، ڕای گشتی و ئۆپۆزسیۆنی تورکیا پێکەوە پشتگیری ئەو هێرشە و بڕیارەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان دەکەن. سیاسەتمەدارە تورکەکان بە دەگمەن بۆچوونیان یەکە، پەرلەمانتارەکانی ئەو وڵاتە بەوە بە ناوبانگن، کەوا لە پەرلەمانی ئەنقەرە بە مشت هاوێشتن وڵامی یەکتر دەدەنەوە.

لەم ڕۆژانە ئەگەر لە تورکیا بەدوای بۆچوونێکی جیاواز بگەڕێیت سەبارەت بەو هێرشە ئەوا بە دەست بەتاڵی دەگەڕێیتەوە.

تەنانەت ئەکرەم ئیمام ئۆغلو و کەمال کلیجدار ئۆغلوی نەیاری ئەردۆغان دوعای خێر بۆ سوپای تورکیا دەکەن و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازن.

ئەی سەرەڕای ئەوە هەموو قوربانیانە لە ناو خەڵکی سیڤیل و کۆچکردنی زیاتر لە 200هەزار کەس لە ڕۆژئاوای کوردستان کەچی لە ئیستانبول کەس خۆپیشاندان و ناڕەزاییان ئەنجام ناداوە!.

بە هۆی ئەو هێرشانەوە دۆناڵد ترامپ پاش کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە سوریا باس لە سەپاندنی ئابلۆقەی تۆند دەکات دژ بە تورکیا، وڵاتانی ئەورووپا و سکەندەنافیا و کەندا بڕیارباندا ناردنی چەک بۆ تورکیا ڕابگرن، بەڵام ئەردۆغان بێ باکە و بەردەوام دەبێت لە هێرش کردن.

روسیا بە ڕاگرتنی بەڵانسی سیاسی لە نێوان سوننە و شیعە، کورد و تورک، ئیسرائیل و سوریا ، فارس و عەرەب خۆی بە براوە دەزانێت. ڕێکەوت نیە ئەردۆغان لە 9ی ئۆکتۆبەر پوتین وەکو یەکەم کەس بە شەخسی ئاگادار بکاتەوە لەو هەنگاوە، پێش ئەوەی لە تویتەر ئاشکرای بکات.

تا دێت هەژموونی روسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەورەتر دەبێت. ویلایە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاش ئەوەی کوردی هاوپەیمانی لە شەڕی دژ بە داعش بە تەنها بە جێ هێشت، جارێکی تر ئەو ڕاستیەی سەلماند، کە جێی باوەر نیە.

لە بەرامبەردا روسیا کەمتر بەڵێنی بە کوردی ڕۆژئاوا دابوو، بۆیە کورد هێشتا متمانەی پێی هەیە. ئەمڕۆ کوردی ڕۆژئاوا ناچارکر داوا بکات بگەڕێتەوە ژێر باڵی بەشار ئەسەد.

ئەم هەنگاوە بە پێی خواستی ڕوسیا ڕژێمی سوریا بەهێزتر دەکات، وەکو هەوڵێکی سەرەکی ڕوسیا بۆ فراوانترکردنی دەسەڵاتی دیمەشق بەسەر تەواوی سوریا.

ئەو ناوچە ئارامەی کە تورکیا لە باکوری سوریا هەوڵی دامەزراندنی دەدات لە لایەن ڕوسیا قبوڵ کراوە.

ڕوسیا بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کەوا مافی ڕەوای تورکیایە، سنووردێک بۆ ئاسایشی ئەو وڵاتە لە باشووری تورکیا هەبێت، بەمەرجێ ئەو ناوچە ئارامەی کە دادەمەزرێت لە لایەن تورکیا داگیر نەکرێت و پوتین بە پێویستی دەزانێت هێزەکانی سوریا لەو ناوچەیە فەرمانڕەوا بێت.

ئەم بابەتە پەیوەندی بە سەرەوەری وڵاتان هەیە، کە پوتین لای خۆیەوە زۆر بەهای پێ دەدات. مۆسکۆ خۆشحاڵە، کەوا تورکیا لەگەڵ هاوبەشە ڕۆژئاواییەکانی لە مشت و مڕ دایە، ئەمەش ڕێگەیەکە بۆ لاوازکردنی ناتۆ. هەرچەند ترامپ بە کشانەوەی هێزەکانی لە باکوری سوریا ئەردۆغانی دڵشاد کرد و دەرفەتی پێ دا هێرشەکەی ئەنجام بدات، بەڵام تا ئێستا هیچ نزیکبوونەوەیەک لە نێوان واشنتۆن و ئەنقەرە نابینرێت.

ئەگەرچی لە 17ئۆکتۆبەر جێگری سەرۆکی ئەمریکا بە هاوڵی شاندێکی باڵا سەردانی ئەنقەرەی کرد و لەگەڵ ئەردۆغان لەسەر ڕاگرتنی هێرشەکان و کێشەی ڕۆژئاوا گفتوگۆ ئەنجام بدا، بەڵام هێشتا دیار نییە، کەی ئەردۆغان باوەشی پوتین جێ دەهێڵێت.

لەناو ئەم هەموو گۆڕانکاریانە کاتی ئەوە هاتووە کورد بیر لە ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی و هونەری دەوڵەتداری بکاتەوە.

لە پەراوێزی جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

سێکتەری پەروەردە



خەبات: تریفە ئازاد

لە ئێستادا کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە جێبەجێ کردنی کارنامەی خۆی کردووە، بێگومان چاکسازی و خزمەتگوزای و پێشڤەبردنی ئاستی بژێوی ژیانی خەڵکی کوردستان و پێشخستنی سێکتەرە جیاجایا کانی جومگەکانی حکوومەت کاریی لەپێشنیە حکوومەتی کوردستان دەبێت. هەڵبەت هەماهەنگی نێوان حکوومەت و هاوولاتیان و فەرمانبەران و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتە ئەگەری سەرکەوتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە جێ بەجێ کردنی کارنامەی خۆی کە لەسەرەتای دەستبەکاربوونی حکوومەت رێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت رایگەیاند. بۆ ئەم مەبەستە رۆژنامەی خەبات لە پەراوێزی جێ بەجی کردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵدەدات لە تەوەرێکی ئالۆگۆڕی بیروڕادا، بیروبۆچوونی شارەزا و پسۆری سێکتەری جودا جوداکان وەرگرێت وەک هاوکاری و بەشداربوون لە جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

پێویستە لەسەر یەکەکانی مەشق و ڕاهێنان بەپلانێکی تۆکمەیان هەبێت سالانە

عەبدولقادر عەزیز سەعید سەرپەرشتیاری کارگێڕی لە پەروەردەی دهشتی هەولێر لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: پڕۆگرامەکانی خوێندن سالانە یاخود چەند سالێک جارێک کەچاپ دەکرێنەوە ووردە دەسکاری و پێداچونەوەیان بۆ دەکرێت لەسەر ڕاپۆرتی مامۆستایانی پسپۆری بابەتەکان کەئەوان وانە دەڵێنەوەو ئاست و کەم و کوڕیە کان دەبینن ،من پێم وایە ئاستی زانستی بابەتەکان نەبونەتە هۆکاری دابەزینی ئاستی زانستی زانستی قوتابیان. ئەوەی بۆتە هۆکاری دابەزینی ئاستی زانستی دوو هۆکارە: یەکەمیان سیستەمی پەروەروەردە و فێرکردن خۆی ماوەیەکی زۆرە لەبازنەی ئاریشەدا دێت دەچێت و کاری پێویست بۆ دەربازکردنی نەکراوە. دووەم مامۆستایان وەک پێویست مەشق و ڕاهێنانیان پێناکرێت و زۆربەی خول و ڕاهێنانەکان لە کاتی دەوامدا دەکرێت و لە ماوەی هەفتەیەک و بەپەلە پرۆژێ تێدە پەڕێنرێت ,پێویستە لەسەر یەکەکانی مەشق و ڕاهێنان بەپلانێکی تۆکمەیان هەبێت و بەرنامە بۆ دارێژراو کارێک بکەن لەماوەی پشوەکانی هاوین لە ڕێگای مامۆستاو ڕاهێنەری کارامە و لێهاتو خولی ڕاهێنان و بڕەودان بەتواکانی مامۆستایان ئەنجام بدەن کەبەلایەنی کەم ماوەکەی لە یەک مانگ کەمترنەبێت ،لە هەمان کاتدا پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی پڕۆگرامەکان وچاپەمەنی وەزارەتی پەروەردە سالانە کتێبی ڕێبەری مامۆستابۆ هەموو بابەتەکان بە تیراژی پێویست چابکات بۆ ئەوەی مامۆستایان بتوان لەکاتی دانانی پلانی ڕۆژانە و سالانەیان و ،وانەوتنەوەیان سودی لێوەربگرن بۆئەوە بەکوالێتی باش و ڕێگای سانا بابەتەکان بگەیەنن قوتابیان.

دەبێت سیستەمی پەروەردە وەکو ئاسایشی نێودەوڵەتی تەماشا بکرێت

جومعە عەباس لە بارەی گرینگی سێکتەری پەروەردە لە کابینەی نۆیەم لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: دەبێت سەرەتا ئێمە پرسیار لە خۆمان بکەین ئایا چ پڕۆگرامێک گونجاوە تا حکومەت و وەزارەتی پەروەردە کاری لە سەر بکەن؟ ئایا سیستەمی سویدی یان هەر سیستەمێکی تر؟ ئاخۆ گۆڕینی سیستەم کاریگەرییەکی ڕیشەی دەبێت لە سەر پەروەردە؟ سیستەمی پەروەردەی زۆربەی وڵاتانی جیهان بە چەند قۆناغێک تێپەڕییوە تا یەکێک لە باشترین سیستەم هەڵبژێردراوە کە بەو هۆیەوە پەروەردە گەیشتۆتە ئاستێک کە سەدەها داهێنان و تۆژینەوە کراوە لە لایەن قوتابیانەوە. پێش ئەوەی باسی پڕۆگرامەکانی خوێندن بکەین دەبێت هەڵوەستە لە سەر چەند خاڵێکی گرنگ بکەین :1- دەبێت سیستەمێکی جێگیر دابنرێت نەوەکو هەر وەزیرێک هاتوو بە پێ تێگەیشتنی خۆی گۆڕانکاری لەو سیستەمە بکات چونکە سیستەمی پەروەردە دەبێت وەکو ئاسایشی نێودەوڵەتی تەماشا بکرێت وە کەس نەتوانی سنووری پەروەردە ببەزێنێ.

2- نابێت تەنها مامۆستا کارێکتەری سەرەکی بێت هەموو ڕۆڵەکان ببینێت بەڵکو دەبێت ڕۆڵەکان دابەش بکرێت لە نێوان قوتابی و مامۆستا ,تا ئێستاش لە زۆربەی قوتابخانەکانی کوردستان مامۆستا بۆتە وتارخوێن و گۆێرایەڵی و بێدەنگیش تەنها بۆ قوتابیانە ,ئەمەش گاریگەری نەرێیانەی دەبێت بۆ داهاتووی قوتابی. 3- تا ئێستاش کلتوری ترس و تۆقاندن بوونی هەیە لە قوتابخانەکانی کوردستان کە سالانە چەندەها قوتابی بێبەش



عەبدولقادر عەزیز سەعید

دەبن لە خوێندن ,ئەگەر ئێمە نەوەیەک بە ترسەوە پەروەردە بکەین وە بەو هۆیەشەوە دەبێتە بونەوەرێکی دەستەمۆکراو و ناتواندرێت قازانج لە بەهرەکانی بکرێت.

4- دانانی فلتەرێکی تۆکمە بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی چونکە قوتابی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بە دی دەکات کاتێک دەچێتە پۆلی چوارەمی بنەڕەتی وەکو کردنی تاقیکردنەوە وە زیادبوونی هەندێک وانە وەکو زمانی عەرەبی.

5- گەڕانەوەی فیلتەر بۆ قۆناغی شەشەمی بنەڕەتی چونکە گۆڕینی قۆناغێکی گرنگە بۆ قوتابیان. سەبارەت بە پڕۆگرامەکانی خوێندن : دەبێ سەرەتا پرسیار لە خۆمان بکەین ئایا بۆچی تاکی خوێندەواری ئێمە نەیتوانیوە داهێنان بکات یان تویژینەوەیەکی ناوازەی زانستی بکات جگە لە ژمارەیەکی کەم نەبێ



جومعە عەباس

کەوا بە پەنجەی دەست دەژمێردرێ؟ ئایا پڕۆگرامی خوێندن لە وڵاتی ئێمە لە سەر بنەمایەکی زانستی دانراوە ؟ بە ڕای زۆربەی دۆستانی پەروەردە دەبێ بەم شێوازە پڕۆگرامەکان دابڕێژرێ : 1- هەبوونی بابەتێکی پەروەردەیی ڕەوشتی کە قوتابیان فێری ئاکاری جوانی بکات کە سەرەتایەکە بۆ دروستکردنی تاکی خوێندەوار چونکە



شەماڵ سەلام

کەسانێکی داهێنەر دروست بکات با زیاتر بایەخ بە لایەنی پراکتیکی بدات .

3- دەبێت حکومەت بایەخێکی تەواو بدات بە لایەنی پەروەردە ئەگەر دەیەوێ تاکی بە سود بەرهەم بێنێت چونکە لە دونیای ماتریالازمدا بایەخ بەو وەزارەتانە نادرێت کە قازانجی مادیان نیە کە بە وەزارەتی (ئیستهلاکی یان بەکارهێنەر) دەناسێندرێن.

پەروەردەو ڕەوشت دەبێت کۆبکرێتەوە لە یەک کەسایەتیدا.


2- هەبوونی تاقیگەی زانستی بۆ هەموو قۆناغەکانی پەروەردە زۆر پێویستە چونکە قوتابیەکی زۆر هەیە توانای پراکتیزە کردنی زۆر باشترە لە بواری تیۆری چەندەها نمونەی زیندوو هەیە لە بواری تیۆری هەرەسی هێناوە بەڵام کاتێک قوتابخانەی جێ هێشتووە بۆتە داهێنەر ,بۆیە ئەگەر پەروەردە دەیەوێ

بۆ بەرەوپێش بردنی سیستەمی پەروەردە پێویستە گۆڕانکاری نەوعی بکرێت

مامۆستا شەماڵ سەلام لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بەدڵنیاییەوە هەر کابینەو بە جۆرێک پلانی هەبووە بۆ بەرەو پێشچونی سیکتەری پەروەردە وە کەم تا زۆر کار کراوە و هەوڵدراوە، لەم کابینەیەشدا ئومێدی گەورە و زیاتر هەیە بۆ بەرەو پێشچونی سەرجەم سێکتەرەکان بە تایبەت پەروەردە بە تایبەت دوای ئەوەی دەبینرێت بەرە و پێشچونێکی باشی ئابوری هەیە لە کوردستان کە ڕاستەو خۆ کاریگەری دەبێت لە بەرەو پێشچونی پەروەردە وە لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک پڕۆژە و پلانی باش لە ئاراداان بۆ جێ بە جێکردن وەک پڕۆژەی پەرەپێدانی توانا کان کە بە پڕۆژەی (بریتش کاونسڵ) ناسراوە لەم ساڵی خوێندندا لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندندا ...وە لە هەمان کاتدا چاودێری و بە دواداچونێکی وردتر دەبینرێت لەساڵانی پێشوو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی پەروەردە ...بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا وەزارەتی پەروەردە گەر بیەوێت لەم کابینەیە گۆڕانکاریەکی نەوعی بکات لە بواری پەروەردە وە سیکتەری پەروەردە بەرەو پێشی ببات پێویستە ڕاوێژی زیاتر بە خەڵکی پسپۆر بکات و لە ڕێگای کۆنفراس و گۆنگرەوە هەوڵی باشتر کردنی ئەم بواڕە بدات وە هەموو ئەو لایەنانەی کەپەیوەندیان بە بەرەو پێشچونی پەروەردە هەیە بەژداریان پێبکات بە تایبەت خانەوادەکان کە پەیوەندیەکی ڕاستەو خۆو کاریگەریان هەیە بۆیە ئومێدی گشت لایەکە کە ئەم کابینەیە هەڵگری پەیامی چاکسازیە ئەم چاکسازیە بواری پەروەردەش بگرێتەوە.

کەرکووک و کوردستان لەبەردەم لافاوی دەستووردا





مستەفا قایتەرەنی/ لەندەن

بەدرێژای خەبات و تێکۆشانی 100ساڵی ڕابردووی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی و شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستان خاڵی ناکۆک و جەوهەری ڕێک نەکەوتن کەرکوک بووە . هەڵبەت کەرکووک چی وەک خاک و چی دانیشتوان و خەڵکەکەشی وەک پێکهاتە بۆ کوردستان گرنگی خۆی هەیە لەڕووی جوگرافیاشەوە دیسانەوە بۆ کوردستان هەر گرنگە.

لە دوای ساڵی 2003و ڕووخانی ڕژێمی بەعس قۆناغێکی تەواو نوێ هاتە پێشەوەو کورد بە نیەتێکی پاک گەڕایەوە بەغدا لەپێناو دروست کردنەوەی عێراقێکی نوێ و دور لە بەعس و فکری عەربی شۆڤینیەت و تاک مەزهەبی و تاک ڕەوی.

بەڵام ئەمجارە عەرەبە شۆڤینییەکانی عێراق ئەم نیاز پاکی و چونە پێشەوەی کوردو سەرکردایەتیەکەی قۆستەوە بۆ بەهێز کردنی پێگەی خۆیان و لە 16ئۆکتۆبەری 2017هەموو سیاسیەکانی عەرەبمان بینی لەیەک سەنگەری هاوبەش بون دژ بە کورد زۆربەشیان جلی خاکی و سەربازی یان لەبەر کردبوو وەک ئەوەی بۆ غەزووی وڵاتێکی تر بچنە جەنگەوە و عێراق لە حاڵەتی جەنگدابێت. دوای ئەو ڕووداوانەی باسمان کرد نابێت و ناکرێت چیتر کورد متمانە بەم خەڵکانێک بکات وەک ڕابردوو !..

کەی لاواز بوون دۆست بن کەی بەهێز بون بتچەوسێننەوەو ببنەوە سەدامێکی مۆدێرن.

دەمێکە کورد ئەوەی بۆ دەرکەوتوە عەرەب شۆڤینییەکان چ شیعە چ سونە نیەتی پێگریکردنیان بەدەستور نیەو یەک خاڵێکیشی لێ جێ بەجێ ناکەن .

کورد لەم دۆخەی هاتۆتە پێشەوە لەوە دڵنیا بوەتەوە کە لە پەڕلەمانیشدا ئەو هێزەی جارانی نیە بتوانێ ڕێگری لە پڕۆژەیەکی یاسایی بکات تا تێ نەپەڕێ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ، یان بێتە کارتی فشار و هەڵوێست وەرگرتن ، بەڵکو ئێستا هەندێک ڕەوتی شیعە کەی و چۆن بیانەوێت پڕۆژە یاسا کان تێ دەپەڕێنن .

ئەوەی تا ئێستا ڕێزیشتوە شتی ماددین و بودجەو کۆمەڵێ شتن ڕەنگە بۆ ژیانی ئەمڕۆی خەڵک گرنگ بێت بۆ داهاتوی کوردستان ئەو زیانە گەورەیەیی نیە ، ئەوەی مەترسی گەورە دروست دەکات ئەوەیە لەم خولە پەڕلەمانیەیی ئێستا وبەم عەقڵیەتە شۆڤینیەتەوە بەم زۆرینەیەی ئەوان و ئەم کەمینەیەی کورد و ئەم ناکۆکی و ناتەبایە سیاسی یەی هەیە! کوردستان دەخاتە بەردەم مەترسی یەکی گەورە !...

دەمێکە گوێ بیستی دروشمی سیاسیە کانی عەرەبەشۆڤینییەکان دەبین لە عێراقدا دەهۆڵی بۆ لێ دەدەن کە دەیانەوێت بیکەن بە کردار ئەویش (تەعدیلی دەستور ، واتا دەستکاری و هەموار کردنەوەی دەستور) بۆ ئەمەش بیانووی پێویست هەیە و زەمینەسازیشی بۆ کراوەو دەکرێت ، ئەوەتا سەرۆک کۆماری عێراق بە ئاشکرا باسی هەمواری دەستور دەکاتەوە و سەرە داوی ئەجندا کانی بە گوێی خەڵکدا دەدات ، ئەم زەمینەسازیەش جۆرێکە لە شەرعیەت پێدان بە هەموار کردنەوەی دەستور دوریش نیە ئەو دروشمە بۆ شەقام و

رایگشتی ئاراستە بکرێت تا بکرێتە داوایەکی جەماوەری ، لە دۆخێکی نالەباری وەک عێراقی ئەمڕۆدا (کەرکوک و کوردستان لەبەر دەم لافاوی دەستور دایە!.

لەلایەک سوننە دەڵێن ئێمە بەشدار نەبوین و نوێنەری ڕاستەقینەمان نەبوە لەو سەردەمەی دەستور نوسراوەتەوەو بەشدار نەبوین و خواستی ئێمەی تیا نیە !.

لە لایەکی تریش شیعەکان دەڵێن ئەو دەستورە لە ژێر دەستی داگیر نوسراوەو بە ئیرادەی عێراقیەکان نەنوسراوە و زۆر بیانوی تر سوننە و شیعە لەسەر یەک شت کۆک و کۆ دەکات ئەویش بچوککردنەوەی ڕۆڵ و پێگە و قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستانە ئەگەر نەشتوانن بیسڕنەوە ئەوا بەلای کەم بەپێی دەستوور ئەو کەسایەتیە مەعنەویە سیاسی و ناوبانگەی هەرێمی کوردستان تیرۆر بکەن بە هەموار کردنەوەی دەستور ، ئەم ناکۆکی و ناتەباو نا یەککرپیزەیی ناو هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستانیش کەلێنێکی باشە بۆ دەست بردن بۆ ئەم فایلانە. ئەوەی گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیکات ئەوەیە بە پشتیوانی پەڕلەمانی کوردستان و هێزولایەنە سیاسیەکانی کوردستان بکەوێتە گفتۆگۆکردن لەگەڵ بەغدا لەسەر کۆی پرسەکان و دەرفەت دروست نەکات نەیاران لە هەندێک کەلێنەوە بکەونە پلان دانان ، چونکە کات لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان دا نیە.



هیمداد عەبدوللا خۆشناو

گۆڕینی دیمۆگرافیا و بەئامانجکردنی کورد

ئەگەر ئاورێک لەمێژووی کورد بدەینەوە بۆمان ڕۆن دەبێتەوە سەرەڕای ئەوەی کە دابەش کراوە بەسەر چوار وڵاتی وەک تورکیا ،ئێران،عێراق،سوریا ،کەبەبێ خواست و ویستی خۆی بووە ،لەناو خودی ئەوەدەوڵەتانەش هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو بەشە کوردیە دراوە کەلکێنراوە بەو دەوڵەتانە.

ئەگەر پێناسەیەکی دیمۆگرافی بکەین بە شێوازی دابەش بوونی دانیشتوان پێناسە دەکرێ،بەواتایەکی دیکە بڵێین جیاکردنەوە و لێکترازانی دانیشتوانە و دابەش بوونیانە بەسەر چەندین شێوازدا.

گەلی کورد هەمیشە بۆتە قوربانی پیلانگێڕی وولاتە زلهێزەکان و بەتایبەت خودی ئەو وڵاتانەی کە لە ناوی دەڕی،بێ ڕەچاوکردنی مافەکانی و دانان بەڕەوایەتی ئەومافانەی کە پێویستە لەچوارچێوەی ئەودەوڵەتە پێی بدرێت.

ئەگەر باشووری کوردستان وەک نمونەیەکی زیندوو وەربگرین و وەک پارچەیەکی ئازاد کراو باسی بکەین،دەگەین بەحقیقەتێکی دروست کە تائێستا بۆ هیچ کامێک لەو وڵاتانەی وەک ئێران و سوریا و تورکیا و بگرە عێراقیش بۆیان هەزم نەکراوە و بەڕەوای دانانێن کە هەرێمێکە و لەهەریەک لەپارێزگاکانی هەولێر،دهۆک،سلێمانی،هەڵبجە پێک دێت،کاری لەپێشینەی ئەو دەوڵەتانەش هەوڵدان بووە بۆ لاوازکردنی ئەو بەشەی کوردستان کە بۆتەسایەو سێبەری هەموو کوردێک و لە جیهانیش ناسراوە و حیسابی بۆدەکرێ و خاوەنی حکومەت و پەڕلەمان و ئالا و زمان و کلتوری تایبەت بەخۆیەتی و لەدەستووری عێراقدا وەکو هەرێم دانی پێدانراوە. لەزۆر بەی کاتی جیاوازدا سەرکردەی و گەورە بەرپرسانی تورکیا و ئێران و سوریا نەیان شاردۆتەوە کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، لەوولاتەکانیان دووبارەبێتەوە وەک بڵێتی خێرییان پێ کردووین!؟ بەڕەواشی نابینن بۆ کورد لەوڵاتەکانیان ببنەخاوەن هەرێمکی سەربەخۆ لەچوارچێوەی دەوڵەتەکانیان،هەربۆیەشە دەبینین سەرەتایی ترین مافیان پێ ڕەوانابینن و هەوڵی سەرکوتکردنی کورد دەدەن و کارلەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیای کورد دەکەن وەک ئەوەی تورکیا لەهەوڵدایە لەڕۆژئاوای کوردستان جێ بەجێببکات و ئەو کوردانەی سەدان ساڵە لەسەر خاکی خۆیانن خەڵکانی بێگانە و غەریب بەو خاکە لەشوێنیان نیشتەجێ بکە! هەربۆیە ئەو کەمینانەی ئەم وولاتانە بەڕێوە دەبەن پێمان دەڵێن کە ئامانجیان تەنها دژایەتی کوردە و هەموو کارێک دەکەن لەدژی بۆئەوەی نەگات بەمافەکانی،بەڵام لەڕابردوو بینیمان ئەوانەی دژی خواست و ویستی گەلی کورد وەستانەوە ئەوان نەمان کورد هەر ماوە،گومانیشمان نیە بۆداهاتووش هەروادەبێت.

وون بوون

دەفتەرگەرانی ئۆتۆمبێل لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر ژمارەی ئۆتۆمبێل ٣٤٧٣١ هەولێر بارهەلگر دەرچووە بەناوی ئارام روستم بایز وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

دەفتەرگەرانی ئۆتۆمبێل لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٤٤٩٤٩ هەولێر تایبەت دەرچووە بەناوی عیماد عسی یونس وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی: کۆمپانیای یام جۆری ئۆتۆمبێل: شفل کومانسو WA٤٧٠ ڕەنگ زەرد مۆدێل ٢٠٠٥ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٧٩٧٠ ژمارەی شاسی: KMTWA٠٤٣V٧٩H٥٠٩٢٦ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة المواد الشخصية فى الشهال

اعلان

الى المفقود : قاسم شفان قاسم

قدمت السيده / منجى ملكو جردو

طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٧/٢٧ ولمجهولية محل اقامتكم تقرر تبليغكم بواسطة صحيفتين محليتين ولكم حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضوركم سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٥/٢٠٣٨

ڕێکەوت/٢٠١٩/١٠/١٦

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٥/٤٧٨٦ کە کەوتوتە ك ٩٣ حصارۆك دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار مصطفى صابر مصطفى کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی شرکە FILO FOOD بەبڕی/ ٦٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئاڕەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٥/٤٧٨٦ ك ٩٣ حصارۆك

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ لەدوو خانوو خانووی (١/٤٠٦) لە یاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

سەرۆك/ تحسن طه رسول

***

دادگای کار لە هەولێر

ژمارە: ٧/ك.س/٢٠١٨

بەروار: ٢٠١٩/١٠/٩

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: ديدار دڵدار مامند

ئاگادارکردنەوە

لەبەڕئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ عبدالباسط مسعود احمد

***

دادگای کەتنی هەولێر/٢

ژمارە/٤٠٧/ك/٢٠١٨/٢

ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/١٠

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: خليل ابراهيم عبدالواحد

ئاگادارکردنەوە (سزا)

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٤٠٧/ك/٢٠١٨/٢ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/١٣ لەسەرت بە بەندکردن (الحبس) بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ، بەپێی ماددەی ٢/٢٦ لەیاسای (هاتووچۆ) بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بڕیاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەینرێت مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای ناڕازیبوون (الاعتراض) لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەرۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣

ژمارە/٥٦٤/ك/٢٠١٩/٣

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٦

بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ ١- خليل بدر الشمری و مصطفى حسن علاوی

ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٥٦٤/ك/٢٠١٩/٣ لە ٢٠١٩/١٠/٦ لەسەرتان بەزیندانی کردنیان (الحبس) بۆماوەی (٣/سێ ساڵ) بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای (سزا) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە بڕیار درا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێتان ڕابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانتان هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایدا (٣ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە/٣٤/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/١٠

ئاگادارکردنەوەی سزا

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: سامر طه حسين

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٣٤/ك/٢٠١٩ لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٠ لەسەرت بەندکردن بۆ ماوەی ٤ چوار مانگ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخوی پێت ڕابگەینرێت مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە/٦٢/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت:٢٠١٩/٨/٢٨

ئاگادارکردنەوەی سزا

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: حسن مطلك خماس

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٦٢/ك/٢٠١٩ لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٣ لەسەرت بەندکردن بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخوی پێت ڕابگەینرێت بەپێی ماددە ٤٥٣ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٣٦٣/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٠

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (مازن خضر حسن)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٣ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.

دادوەر / تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارە: ١٨٧٦/ك/٢٠١٨

بەروار: ٢٠١٩/٩/٨

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: دەشنێ اسماعیل کریم

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٢) لەیاسای (هاتوچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بازیان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١١/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.

دادوەر / ئازاد اکرم مجید

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١

ژمارە: ١٠٨٤/ت/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١٠/٣

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سليم محمود محمود و لطيف محمود محمود و صالح محمود محمود و كوردستان ظاهر عزيز

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بەپێی ماددەی (٤٠٦) لەیاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (قەڵادزێ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوتان نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارتان بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەیننە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانتان لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.

دادوەر / قادر سعيد محمود

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٧٦٣٤

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٧

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (LANIKAI) بۆ (گەشت و گوزار/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٤٢٥٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٦

بڕیار

ئامازە بەناوەڕۆکی کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لقی کۆمپانیاکان (شركة البناء اندار ادى غوتييريز ش.م/المساهمة)CONSTRAUTORA (ANDRADE GUTIERREZ S/A) برازیلی (تنفيذ المشاريع و الخدمات الهندسية على جميع اشكالها) راستێندراوە لە قونسلخانەی عیراقی لە ولاتی (پورتوگال) لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/١٢/٢٠) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا، وە دانانی بەڕێز (احمد سليمان داود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.

من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوم پەسندکرد پالپشت بە ماددەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.

ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٦

پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٨٧٧٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٦

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (WEST ENERGY)
بۆ خزمەتگوزاری نەوت/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (WEST ENERGY) بۆ خزمەتگوزاری نەوت/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (احمد جودت علي اغا) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/١٦

پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (جیهان) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئامێری قورس و مۆلیدە و بەرهەمهێنانی ووزە هەموو جۆرەکانیەوە و هاندانی سەرمایەگوزاری تایبەت لە بواری بازرگانی گشتی بەهەموو خاسیەتەکانیەوە/سنوردار) بڕیاری کەمکردنەوەی سەرمایەی کۆمپانیای داوە لة (٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار) بۆ (٤,٠٠٠,٠٠٠ دینار) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (WEST ENERGY) بۆ خزمەتگوزاری نەوت/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.


پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ٢٥٢١/ك/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٣
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عثمان رشید عزیز
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / بێخاڵ محمد مصطفی
* * *
دادگای کەتنی دوکان
ژمارە: ١٢٩/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١
پسولەی ئاگادارکردنەوە
ناوی تۆمەتبار/ رضا نوری رشید
لەبەر ئەوەی لە دۆسیەی ژمارە ١٢٩/ك/٢٠١٩ لە دادگای کەتنی دوکان تۆمەتباری وە شوێنی نیشتەجێبوونت دیاری کراو نییە بۆیە بڕیارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆییەوە بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبیت لەدادگای کەتنی دوکان لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٣ لەکاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی لەسەر کێشەی ژمارە (١٢٩/ك/٢٠١٩) بەپێی ماددەی ٤٥٧ لە یاسای سزادان بەبێ دواکەوتن بەپێچەوانەوە بەر پرسیاری بەرامبەر بە یاسا.
دادوەر/ ابوبکر مولود عبدالله
* * *
دادگای کەتن حاجیاوا
ژمارە: ٣٣٠/ك/٢٠١٤
بەروار: ٢٠١٩/٩/١
ئاگاداری
بۆ تاوانباری راکردوو/ یونس عزیز حسین
ئەم دادگایە بەپێی داوای ژمارە (٣٣٠/ك/٢٠١٤) لە رۆژی (٢٠١٥/٣٠/٣٠) بڕیاریدا بەبەندکردنێکی سوك بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ بەپێی بەشی (١/٢١) لەیاسای هاتووچۆ بەوپێیەی لەرۆژی دادگایکردنتدا ئامادەنەبوویت هەرچەندە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی ئاگادارکراویتەوە وەبەهۆی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بریارماندا بەئاگادارکردنەوەت بەم بڕیارە لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆی کە خۆت بدەیت بەدەست ئەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە ئەگەر لەماوەی یاسایدا تانەو پێداچوونەوەی ئەم بریارە نەکەیت ئەوا بریارە کە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ بەختەوەر صابر سعید
* * *
دادگای کەتنی سید صادق
ژمارە: ١١٩/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٩/٢٥
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو/ منجد مجید فیض الله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٥ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ١١٩/ك/٢٠١٨ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی (٧) لەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی حوکم درا بەسەرتا بەندکردنی سوك بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراضیت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ جمیل جمال محمد
* * *
دادگای کەتنی سید صادق
ژمارە: ١٩٥/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٥
بۆ/ تۆمەتبارانی هەڵهاتوو: سوبات قادر علی و سیفات قادر علی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (حەسار) کە تیایدا (سردار عمر سعید و شرمین جاسم محمد) سکاڵای لەسەرت تۆمارکردووە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لەسەرت لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لەرۆژی (٢٠١٩/١١/٢٧) کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی بەمەبەستی دادگاییکردنت یاخود خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس و خۆت تەسلیم بکەیت بۆ ئەوەی بتهێنن بۆ بەردەم دادگا لە رۆژی دیاریکراوی سەرەوەدا بەپێچەوانەوە بەپاشملە (غیابی) دادگایی دەکرێیت و خۆت بەرپرسیار ئەبیت، بەپشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی (١٤٣/ج) لەیاسایی بنەما دادگەرییە سزاییەکان.

دادوەر / جمیل جمال محمد
* * *
دادگای باری کەسی خەبات
ژمارە:٤٥٣/ش/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/١٧
جاڕدان
بۆ/ داوالێکراو (عبدالخالق قاسم محمد) شوێنی دانیشتن نادیارە.
ئاماژە بە داوای ژمارە (٤٥٣/ش/٢٠١٩) کە تایبەتە بە داوالێکراو (عبدالخالق قاسم محمد) کەجۆری داواکەی بریتییە لە (تصدیق طلاق) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەدەلالەتی داواکار بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/١٧ بەپێی راگەیاندنت بەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یاخود بریکاردارت لەجیاتی خۆت رەوانە بکەی لەرۆژی دادگایی رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٣١ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادگایی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا..
دادوەر/ مسعود سعید صدیق
* * *
بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی
دووەم لە بەرێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ٥٧/١٠٠
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/١٧
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (٢) شوێنی مولکی شارەوانی دروستکراوە لەسەر بەشێکی زەوی ژمارە (١/٣٨٣٨ ك ٦٣ هنجیرۆك) بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیارکراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی خەبات بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢١ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانزەو نیوی نیوەرۆ لە رۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە رێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنێ هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ شوێنی (مینی مارکیت) لەسەر بەشێك لەپارچە زەوی ژمارە ١/٣٨٣٨ ك ٦٣ هنجیرۆك رووبەری زەوی بەم٢/ ٢٨٠م٢ کرێی خەملێندراو بۆ م٢/ ٦٠٠٠ شەش هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ١٠ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ شوێنی (بازاری هاوچەرخ) لەسەر بەشێك لەپارچە زەوی ژمارە ١/٣٨٣٨ ك ٦٣ هنجیرۆك رووبەری زەوی بەم٢/ ٤٠٠م٢ کرێی خەملێندراو بۆ م٢/ ٨٠٠٠ هەشت هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ١٠ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەرێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
* * *
بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی
دووەم لە بەرێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ٥٨/١٠٠
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/١٠
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (٢٠) دوکان مولکی شارەوانی ئاشتی بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیارکراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی ئاشتی بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢٦ کاتژمێر (١١:٣٠) یانزەو نیوی بەیانی لە رۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە رێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنێ هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ ٢٠ دوکانی دروستکراو لەسنوری شارەوانی ئاشتی رووبەری بەم٢/ ٢٠م٢ بۆ هەر دوکانێك کرێی ساڵانەی خەملێندراو/ ١٠٣٠٠٠ سەدو سێ هەزار دینار بۆ هەردوکانێك ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەرێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٢٣٠٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠
ئاگاداری
بۆ/ رێکان سلیم مدو
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوەخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (بیستون علی خدر) کە بڕی (٧٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزە
* * *
فەرمانگەی دادنوسی سلێمانی/٢
ژمارە:١٢٠٥
بەروار:٢٠١٩/١٠/١٣
ئاگاداری
لەسەر داوای هاوڵاتی(هۆشیار محمد امین و هاوبەشەکەی) کە داواکارە بەگۆڕینی ناوی کۆمپانیای (هۆشیار محمد امین و هاوبەشەکەی) بۆ دروستکردنی بۆری و کاشی بۆ سەر ناوی کارگە (کارگەی _سایەی وولات) بۆ دروستکردنی بۆری و کاشی کە ئامێرەکانی تۆمارە لەلامان بە ژمارە (١٠٦/ئامێر/٢٠٠٤ لە ٢٠٠٤/٤/٢٠ و ٢٧/ئامێر/٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٥/١٧) لەدوای دەرچوونی بۆ ماوەی (١٥) رۆژ هەر کەس و لایەنێک لاری هەیە لە گۆڕینی ناوی ئەم کۆمپانیایە ئاگادارمان بکاتەوە بەپێچەوانەوە ناچاردەبین کاری یاسایی بۆ ئەنجام بدەین.
دادنوسی یەکەم
سۆران یادگار رشید
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٣٤٠٣٢/ش٣/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٧
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (حازم حسام الدین نجم الدین) شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٣٤٣٢/ش٣/٢٠١٩) دادگای بڕیاریدا لەسەر (جیابوونەوە) لەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٩ لەنێوان داواکار (هودا خلیل سلیم) وە داوالێکراو (حازم حسام الدین نجم الدین) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر- گەرەکی مەلایان) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێرگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی و رۆژانە وەتۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە رۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/صباح قادر کاملا
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە: ٥٧/ت/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/١٠/٢٠
جاڕدان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٦٣٤٨/هەولێر-کرێ) جۆری (تویوتا کرۆلا صالون) مۆدێل (٢٠٠٩) رەنگی (تبنی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (محمد رشید فتاح) لەرۆژی (٢٠١٩/١١/٦) کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ جاهەرکەسێك دەیەوێ بەشداری کرینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێندراوە بە نرخی (٩,٠٠٠,٠٠٠) دینار.
دادوەری یەکەم: دیار محمد علی
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە: ٤٢١٠/ش٢/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٥
جاڕدان
بۆ داوالێکراو(محمد حسین عبدالرحمن)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار(سیران محمود فقی رسول) داوای ژمارە (٤٢١٠/ش٢/٢٠١٩)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای(جیابوونەوە تفریق للهجر) دەکات وەلەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری کۆمەڵگای (ئەتلانتیك) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت خۆت یان بریکارێکی یاسایی لەرۆژی دادبینی (٢٠١٩/١١/٦) کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/طارق حسین کریم
* * *
سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
مولکایەتی و زەڤی و زار
ژمارە: ٥٧٤٦ /٣٠١/٢/٢
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠
ئاگەهداری
لدویف نڤیسارا رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە (٤٧٨١ ل ٢٠١٩/٦/٩) و ئاماژە ب نڤیسارا رێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانی ل دهوکێ یا ژمارە (١٤٨٤ ل ٢٠١٩/٥/٣٠) سەبارەت پارچە زەڤیا ژمارە (٢٢/١ کەرتێ ١٠ مهمدیە) و پشتی دیراسەتکرنا نەخشێ ژمارە (٥٠٤) ژلایێ رێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانی ل دهوکێ ژبو مەرەما پەیداکرنا رووبەرێن پتر یێن نیشتەجێ دا بهێتە بکارئینان ژبو قەرەبویا پارچا ناڤبری بتنێ دشیاندابی کو رووبەرێ پارچێن نیشتەجێ بهێتە گهورین ژ (٢٤٠م٢) بو (٢٥٠م٢) و هەردیسان (١٠) پارچێن نیشتەجێ هاتینە زێدەکرن یانکو ب گشتی رووبەرێن نیشتەجێ دنەخشێ پێشتردا (٢٦٠٠٠م٢) و دنەخشێ نوی بویە (٢٩١٧٣) یانکو زێدەبویە ب رووبەرێ ٣١٧٣م٢ لدویف یاسایا رێڤەبەریا شارەوانیان یا ژمارە (٦) یا سالا ١٩٩٣ بەندێ (٢٥) شارەوانیا زاخو ئاگەهداریا هەمی هاوولاتی و جهێن پەیوەندیدار دکەت بو ماوێ (٣٠) سیە روژا هەر ژ روژا بەلاڤکرنا ئاگەهدارییێ ل روژنامێ دا هەر کەسێ شولەژێ ماف هەیە ژبۆ دیارکرنا نەرازیبوونا خو یان هەر پێشنیارەکا هەبت دەربارەی ڤی نەخشەی پێش کێش بکەت بو شارەوانیا زاخو ل ماوێ ئاگەهدارییێ.
ئەندازیار / بشار منیب محمود
سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخو
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە: ١٤٦٤/ب/٢٠١٩
رێکەفتی: ٢٠١٩/١١/٤
ئاگەهداری
بۆ/ داوالێکری: سردار رمضان ناصر- جهێ ئاکنجیێ وێ نەدیار
ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تومارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکاری (هلفین حجی علی) ئەوا تێدا داوای دکەت زڤراندنا کەلوپەلیت ناف مالی یان دانا بکوژمێ پارە (٢,٧٨٢,٠٠٠) دوو ملیون و حەفت سەدو هەشت دوو هزار دینار و ژبەر جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریڤەبەریا بنگەهێ پولیسن گولان ژمارە (٤٠٢٣) ل رێکەفتی ٢٠١٩/٩/٢٥ و راپورتا هەلبژێری سوسنا رێکەفتی ٢٠١٩/٩/٢٥ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا شارستانی بۆئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩:٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/١١/٤ و ئەگەر ئامادەنەبن یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێرین دێ ب پاشملە و ئاشکرایی داوا برێڤە چیت و لدیف یاسایێ.
دادوەر/ ریبوار محمد حسن
* * *
دادگای باری کەسایەتی ل دهوك
ژمارە: ١١٠١/ش/٢٠١٩
رێکەفتی:٢٠١٩/١٠/١٤
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ئاگەهداری
بۆ/ داوالێکری (میرندا زیکای)
ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٩ د کێشا ل سەر دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (بنیات عاصم محمد سلیم) بریاردا ب (تصدیق الطلاق الخارجی) دنڤابەرا تە و هەڤژینا تە یا داواکار دا و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی د ماوێ دەه روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ و بەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهئینان.
دادوەر/ مروان عادل اسماعیل
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە: ٢٢٣٦/ب٦/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠
جاڕدان
بۆ/ داوالێکراو (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای کایار گرووپ بۆ بەڵێندەرایەتی)
داواکار (ریاض افرام بحو) داوای ژمارە (٢٢٣٦/ب٦/٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ شاری زین ستی) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بە پابەندکردنت ٢٣٣١٢ دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە (٢٧٩٧٤٤٠٠) هەزار دیناری عیراقی بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنتان بەبڕیارەکە لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارەو بڕیارێکی پاشملەیە و (قابلا للاعتراض و الاستئناف و التمییز) ە و مافی تانەدانت هەیە لەبڕیارەکە لەماوەی یاساییدا، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کاوە صدیق حسین
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ٣٤٣٩/ب١/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠
جاڕدان
بۆ/ داوالێکراو (احمد رعد عبدالمجید)
داواکاران (اسماعیل امین و فاروق طە) داوای ژمارە (٣٤٣٩/ب١/٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی ٩٩ زانکۆ و مامۆستایانی زانکۆ) لە ٢٠١٩/١٠/٩ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت بە ئامادەبوونی خودی خۆت یان بریکاری یاساییت لە دادبینی رۆژی (٢٠١٩/١١/١٣) بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.
دادوەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٦٦٨ / ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٠
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (سکفان علی یاسین)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥/پازدە) روژا ژ روژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهدارییێ ئامادەبی لرێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا رێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیة) وبەروڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی یێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین
ژڤان عزیز محمد / رێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٨/١٦/انابە
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٠
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٩١٧/٢٦) کەرتێ (٧٥/شندوخا الجنوبیە) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (زکریا عبدالله حسن) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیف داخازا قەردەر (مصرف کوردستان الاسلامی الدولی للاستثمار والتنمیە) بکوژمێ (٧٨٠٣٠٠٠٠٠٠) حەفت ملیار وهەشت سەد وسێ ملیون دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا رێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت برێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (١٤٥٤٧١٠٠٠٠)ئێك ملیار وچار سەد وپێنجی وچار ملیون وحەفت سەد ودەه هزار دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە دهۆك مولکێ ژمارە (١٩١٧/٢٦) کەرتێ(٧٥/شندوخا الجنوبیە) جور پێك هاتیە ژ (عەردێ ڤالا ژ ئاڤاهی) سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ (عەردێ ڤالا ژ ئاڤاهی) دکەڤیتە سەر دوو شارعێن فەرعی یێن موبەلەت (٣٠ م)واجیهە (شیمال غەرب جەنوب) روبەر (٣,٧٦,٦١) م٢ کوژمێ خەملاندی (١٤٥٤٧١٠٠٠٠) ئێك ملیار وچار سەد وپێنجی وچار ملیون وحەفت سەد ودەه هزار دینار
هلات عبدالکریم محمد
جێ بەجێ کاری داد
* * *
دادگای باری کەسایەتی دیرالوك
ژمارە/ ٢٧٠/ش/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/١٠/٢٠
ئاگاداری
داواکار (محمد شریف حسن مرتیخان)
داوالیکراو (افراح اعکیل حسن)
بو/داوالیکراو (افراح اعکیل حسن) جهێ ئاکنجیبونا تە نە دیارە هەڤژینێ تە یێ داواکار دداوایا شەرعی یا ژمارە ٢٧٠/ش/٢٠١٩ دژی تە تومارکریە کو داخازا پەسندکرنا تەلاقا دەرەکی دکەت دناڤبەرا هەوە دا ل رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٩ ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە ل دیف رابورتا هەلبژێرێ ناحیا شیلادزێ نەدیارە بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بهێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت نافخویی کو تو ئامادەبی ل ڤێ دادگەهێ روژا ٢٠١٩/١٠/٢٩ ئەگەر نە دێ دادگەە پاشملە داوایا داواکاری لدیف یاسایێ ب رێڤەبەت
دادوەر/ ئەڤراز مصطفی طە
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٧
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (موفق حمدامین عثمان) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/١٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- دوودانە کەتەری برینی P.V.C بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*K.W١,٥
٢- دوودانە کەتەری برینی ماسیکەی P.V.C بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*K.W١,٥.
٣- دوودانە تەشریح کردنی حرف T P.V.C بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥*٢.
٤- دوودانە دەرهێنانی نەرمادە و کیلۆنی P.V.C بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*K.W١,٥.
٥- دوو دانە لەحیم کردنی P.V.C بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*K.W٢,٥.
٦- کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
٧- ٤ کەتەری برینی ئاسن بچووك پرۆفیل بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤*٠,٢٥.
٨- مۆلیدەی کارەبایی کاتم بێ ژمارە دروستکراوی ئینگلیزی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٤٠.
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٧
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (هارون رشید علی) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/١٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- دوودانە لەزگەی P.V.C لە رۆخی دار بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٢- دەبڵی سافکردنی دار بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
٣- مشاری سنی برینی دار بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
٤- مجموعەی دار تاشی حجم ٤٠ بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
٥- مشاری سنی سلایت حجم ٣٢٠ بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
٦- کۆمپرێسەری هەوایی حجم ٥٠٠ لتری بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
٧- شەنەری کونکردنی دار مەنتەشە بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.
* * *
بەرێوەبەرایەتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر
خۆیەتی
ژمارە/ خ/١٢٨٢
رێکەوت:٢٠١٩/١٠/١٧
بۆ/ بەرێز/ وضاح جلال حسین
فەرمانبەر بەناونیشان (تێبینەر)
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
لەبەر ئەوەی لە رۆژی ٢٠١٩/١٠/١٠ لەدەوام دابڕاوی دوای کۆتایی هاتنی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ تاکو ئێستا دەست بەکارنەبووی ئاگادارت دەکەینەوە دەست بەکاربیت بۆ ماوەی یەك هەفتە ئەگەر لەناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی یەك مانگ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە بەپێی یاسای خزمەتی شارستانی کۆتایی بەراژەکەت دێت.
سیروان عثمان حسن
بەرێوەبەری راگەیاندن و چاپ
و بڵاوکردنەوەی هەولێر
* * *
دادگەها ڤەکولینا دهوك
ژمارە: ٢٠١٩/٢٩٧
رێکەفت: ٢٠١٩/١٠/١٦
راگەهاندن
ئاماژە ب کێشا ڤەکولینی یا ژمارە (٢٠١٩/٢٩٢) یا بناڤی هەولدەر (دیژین کمال رمضان) لدور بەرزەبونا هڤژینی وێ بناڤێ (شمال انور احمد) ئەوا تومارکریە ل بنگەهێ پولیسێن سەرهلدان:
ل رێکەفتی (٢٠١٩/٦/١١) هاوەلاتی (شمال انور احمد) ژ دایك بوون (١٩٩٤/١/١) ناڤێ دەیکاوی (سمیە محمد) یێ بەرزەبووی و هەر کەسەك پێزانین لسەر هەبێت یان جهی ئاکنجیی بو ناوی ئاگەهداریا مە بکەت..
دادوەر/ رەزڤان حبیب محمد
* * *

نامە درێنراوەکەی تەرەمپ!





دەقی نامەکەی تەرەمپ بۆ ئەردۆغان:

بۆ بەڕێز رەجەب تەییب ئەردۆگان
سەرۆک کۆماری تورکیا
ئەنقەرە
بەڕێز سەرۆک ..

با ڕێککەوتنێکی باش بکەین، تۆ ناتەوێت کوشتاری هەزاران خەڵک لە ئەستۆبگریت و منیش نامەوێت تێکشکاندنی ئابووری تورکیا لە ئەستۆبگرم – خۆیشت دەزانیت دەتوانم و پێشتریش نموونەیەکی بچوکی لەو شێوەم پێپیشاندااویت کاتی (سەپاندنی سزا) بەهۆی کەیسی قەشە برۆنسن.من سەرسەختانە کارمکردوە بۆ ئەوەی هەندێک لە کێشەکانت چارەسەر بکەم، کارێک مەکە دنیا شەرمەزار بکەیت، تۆ دەتوانیت ڕێککەوتنێکی گەورە بکەیت. ژەنەراڵ مەزلوم (کۆبانێ) ئامادەیە گفتوگۆت لەگەڵ بکات و ئامادەشە سازشگەلێک بکات کە هەرگیز لە ڕابردوودا ئامادە نەبوو بیکات. من نامەیەکی پارێزراوی (نهێنی) ئەوم لێرەدا هاوپێچ کردووە کە هەر ئێستا بە دەستم گەیشت.میژوو بە باشی ناوت دەهێنێت ئەگەر بێتو ئەم ڕێککەتنە بە شێوازێکی دروست و مرۆییانە ئەنجام بدەیت، بەڵام میژوو وەکو شەیتانیش باست لێوە دەکات ئەگەر شتی باش ڕوو نەدەن. پیاوێکی ڕەق مەبە و کەسێکی گەمژە مەبە!
دواتر تەلەفۆنت بۆ دەکەم.
لەگەڵ ڕێزدا

دۆناڵد جەی تەرەمپ
9تشرینی یەکەمی 2019

غازی حەسەن

پێش ئەوەی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لەسووریا بدات و کورد بێ پشت و پەنا جێبهێلێت، دۆنالد تەرەمپ نامەیەکی نهێنی بۆ ئەردۆگان ناردووە. نامەکە درێژکراوەی ئەو پەیوەندییە نهێنی و شتە شاراوانەیە، کە لەنێوان هەردوو سەرۆکدا بەڕێوەدەچێت.

نامەکەی تەرەمپ لەتەک داواکردن و جۆرێک لەپارانەوە، هوشداری و ئامۆژگاری و تەنیا نیمچە هەڕەشەیەکیشی لەخۆگرتووە، ئەمە گوتاری تەرەمپ بوو، تەرەمپ پێش وەرگرتنەوەی وەڵام کشانەوەی سوپای خۆی ڕاگەیاند و لەوەڵامی ئامۆژگارییەکانیشدا، بەپێی هەواڵێکی (بی بی سی) ئەردۆگان نامەکەی تەرەمپی دڕاندووە و فڕێی داوتە تەنەکەی بێ بایەخکردنەوە و هێرشی سەربازی دەستپێکرد. پێ دەچێت ڕووسیا لەم کار و کاردانەوانەدا نەک هەر تەنیا ئاگادار بووە، بەپێچەوانەوە بەهۆی هەڵکشان و داکشان لە قسە و سیاسەتەکانی تەرەمپدا، بەکردەوە بەشداری لەبەرنامە و بەڕێوەچوونی هێرش و چارەسەریەکانیش کردبێت و بۆیە بەتەنیا ڕووداوەکان ئاراستە ناکات، بەڵکو بەرهەمیان دەهێنێت.
نهێنییەکانی نێوان تەرەمپ و ئەردۆغان، نهێنی قسە ئاشکراو ڕاشکاوەکانی تەرەمپن، ڕەخنەکانی و ئینجا پێداگری لەوەی ئەمەریکا بێ بەرانبەر شەڕ بۆ هیچ لایەک ناکات، کەچی ئەمەریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، متمانەی دەوڵەتەکان و نەتەوە و گرووپەکان خەریکە لەدەست دەدات، ئێستا لایەنەکان متمانەیان بەئەمەریکا بەشێوەیەک لەق بووە، کە خۆیان لەلێواری دۆزەخ دەبینن.تورکیا بێ گوێدانە هیچ ڕا و بۆچوونێکی (دژ، ئامۆژگاریکەر) بڕیاری دا تا قوڵایی 32و بەدرێژایی 440کیلۆمەتر بچێت و هێزەکانی ناوچە سنووریەکان کۆنترۆڵ بکات، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچە سنووریانە و دەربەڕاندنی کورد بە (هاووڵاتی و هێزە چەکدارەکانییەوە) هێرشی سەربازی دەست پێکرد، ئامانجی سەرەکی (گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە)یە.تەرەمپ دەڵێت کوردەکان فریشتە نین، من پێم وایە قسەکانی تەرەمپ هەم ڕاشکاوانە و کورتە گوتارن، هەم ڕەگی بڕیاریان تێدایە، تەرەمپ وەکو ئامانژەیەکی نیمچە سوکایەتی بە فەرەنسا و ئینجا کوردیش دەڵێت با (ناپلیۆن) بەهانای کوردەکانەوە بچێت، ڕەخنەش دەگرێت دەڵێت کورد لەجەنگی دووەمی جیهانی هاوکاری ئەمەریکای نەکردووە. گوتار و شێوازی ئاخاوتنی تەرەمپ زمانێکی دوور لەدیبلۆماسییە، زمانێکە (بەئاشکرا قسەکردن، ڕیسواکردن، ڕەخنە، گاڵتەئامێز، هێرش، لاواز لەزانیاری) تێدایە. ئەردۆگان داوای لێکراوە بچێتە سەردانی ڕووسیا، لەگەڵ جێگری سەرۆکی ئەمەریکا کۆبێوە و ڕێککەوتنێکیان بۆ ڕاگرتنی هێرشی سەربازی و ڕازیکردنی تورکیا مۆرکرد. ناوچەکە لەقەیران دایە و خودی ئابووری تورکیاش بەرگەی گوشاری زۆرتر ناگرێت و هەروەها گوشاری سیاسی و دیبلۆماسی دەرەکی تورکیا و ئەمەریکا تووشی دۆخێکی نەویست کردووە.ئەمەریکا لەناوەخۆ و دەرەوەدا بەرانبەر بەهو گفتانەی لەسەرەتاوە بە ئەردۆگانیان دابوو، تووشی شەرمەزاری و دڵەڕواکێ بوو، لەبیری نەکەین لەنێوەخۆی ئەمەریکاشدا تەرەمپ لەژێر گوشارێکی سیاسی و یاسایی زۆردایە، کۆنگرێس بڕیاری کشانەوەی سوپایان هەڵوەشاندەوە، بەرەو دەستوپێ بەستنی تەرەمپ دەچن، ئەمەش وا دەکات کارتەکانی خۆکاندیدکردنەوەی تەرەمپ بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا بسووتێنن. تورکیا لەجیاتی خنکاندنی کورد لەنێو ئابلۆقەی سەربازی، سۆزیان بۆ کورد لە ئەمەریکا و ئەوروپا و ناوچەکە زیادکرد. لەنێو سووریاش کوردیان ناچارکرد هەموو ناوچەکان ڕادەستی سوپای بەشار ئەسەد بکەن و دەسەڵاتی حکوومەتی سووریا بگێڕنەوە ناوچە سنووریەکان، لەهەمان گاڤیشدا ڕووسیا بۆتە یەکێک لەبڕیاردەر و یاریکەرە سەرەکییەکان نێو سوریا و ناوچەکەش.تەرەمپ، تورکیای لەقەیرانێکەوە بردە قەیرانێکی دیکەی خراپتر، ئەردۆگانیش تەرەمپی تووشی دۆخێک کردووە، کە دوارۆژی دەسەڵاتەکەی بەقەیران و گوشار و لاوازبوونی پێگەی ئەمەریکا لەڕۆژهەڵات کۆتایی بێت. لەوە دەچێت ڕووسیا براوەی یەکەمی نێو ڕووداوەکان بێت، ئینجا بەهێزبوونەوە و کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکان لەلایەن سووریا دێت. کورد باجێکی قورس دەدات، باجی کورد ڕەنگە بەهۆی هۆکاری بابەتی و خودی لەکۆتایی بەهارێک و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە هەموویان بەسوێتر بێت.تەرەمپ نامەیەکی بەڕپرسی هەسەدەی داوەتە ئەردۆگان، لەنامەکەدا دەڵێت بەشتی زۆر ڕازی دەبێت، بەڵام تەرەمپ کوردی کردە قوربانی سیاسەتێک، کە نەبنی دیارە و نەسەر. گێژاوێکی گەورە دەستی پێکردووە. گێژاوێک نهێنییەکان زوو ئاشکرا دەبن و ئاراستەی ڕووداوەکان دوور نییە زوو زوو بگۆڕێن. گرنگ ئاراستەی ئەمەریکا و سیاسەتی تەرەمپ لەژێر هەژموونی ڕەخنەی ناوەخۆیی و ئەنجامی ترسناکی هێرشە سەربازییەکان و ئیستغلالی لەلایەن ڕووسیا و سوریا و ئێرانەوە، ئینجا دەرفەتدان بەداعش بۆ ئەوەی ببێتەوە سەرچاوەی هەڕەشە، بەرەو پێداچوونەوە و گۆڕانە.بزانین ڕێککەوتنی نێوان (بێنس و ئەردۆگان) کەئەویش بۆمبێکی دیکەی لەخۆ گرتووە، بە چ دەگات. لایەنە سیاسییە کوردییەکان بە تایبەتیش هێزەکانی سەر بە پەکەکە کە چارەنووسی دۆخەکەیان کۆنترۆل کردووە چ دەبێت؟. ئایا سووریا و ڕووسای بەدروستکردنی ناوچەیەکی ئارام لەژێر دەسەڵاتی تورکیا بەقوڵایی 32کیلۆمەتر ڕازی دەبن. ئایا ئاگربەست چانسی بەدیهێنانی خواستەکانی تورکیا بەدی دەهێنێت. ئەردۆغان نامەکەی تەرمپی دڕاند، تەرەمپ چی دیکە کورد بەفریشتە نازانێت و ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی ئەنقەرە بەدیهێنەری خواستەکانی تورکیایە. بزانین ڕووداوەکانی ڕۆژانی داهاتوو کارتی کێ دەسوتێنێت و نامەی کێ دەدرێنرێت؟

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1931:
لەنێو ریزەکانی سوپای ئیمپراتۆریی ژاپۆنیدا هەوڵێک بۆ کودەتاکردن ڕوویدا .



سالی 1952:
ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی یەکەم کۆنگرەی خۆی لە جدە ساز کرد .



سالی 1964:
لە سوودان شۆڕشێکی گەورە بەڕپا بوو و کۆتایی بە دەسەلاتی سەربازی هێنرا .



سالی 1973:
نیکسۆنی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا تاوانباری سەرەکی وۆتەرگێیتی لە کارەکەی دوور خستەوە.



سالی 2016:
لە ئەنجامی وەرگەڕانی شەمەندەفەرێک لە کامیرۆن 79 کەس کوژران و 600ی دیکە بریندار بوون .



سالی 2018:
شای ئوردن کۆتایی بە ڕێککەوتننامەی تایبەت بە بەکرێدانی ناوچەکانی باقورە و غومەر بۆ ئیسرائیل هێنا.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/10/21 ژمارە (5853)
خەبات



مۆسکۆ..

یاریزانە سیاسیە سەرەکیەکەی ئەمڕۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

ئا : هەندرێن شێرزاد

لە دەستپێکی شەڕی سووریا ، رووسیا خۆی خزاندە نێو ئەم وڵاتە و پێگە و بارەگای سەربازیی زۆری تیادا بونیاد نا ، تەنانەت لە شەڕی دژ بە ئێڤزسیۆنی ئەم وڵاتەش بەشداریی کرد و پشتی هێزەکانی ئەسەدی گرت . لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ زۆر لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ ئەم هەنگاوەی رووسیا کراون ، هەندێکیان زیاتر مەسەلەکەیان بەوە دەبەستەوە کە رووسیا دەخوازێ لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی ئەم وڵاتەدا پشکی گەورەی بەر بکەوێ ، بەشێکی دیکەش وای بۆ چوون کە بابەتەکە تەنیا فرۆشتنی چەک و هیچی تر .. بەڵام ژمارەیەکی کەم لەم لێکدانەوانە باسیان لەوە کرد کە ئیتر کاتی هەستانەوەی رووسیا هاتووە و ئەو دەیەوێ لە رێگەی سوورياوە کۆنترۆڵی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات . ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێ ئەوەیە کە رووسیا بۆتە یاریزانی سەرەکی لە ناوچەکە ، بەڵکو خەریکە شوێن بە ئەمەریکا لەق دەکات . لەم بابەتەدا کە لەلایەن ستیڤ رۆزنبێرگەوە نووسراوە و لە مالپەڕی بی بی سیەوە بڵاوکراوەتەوە ، بە وردی باس لەو بابەتە کراوە .

پلانی پێنج ساڵەتان بیر ماوە؟

لە سەردەمی سۆڤیەتدا ، ئەم جۆرە پلانە ئابووریانە لە رووسیا زۆر باو بوون ، سەرکردایەتی ئەوکاتەی سۆڤیەت دڵنیا بوون لەوەی دەتوانن لە ماوەی پێنج ساڵدا ئاراستەی ئابووری وڵات بگۆڕن . ئەمڕۆش جارێکی دیکە ئیدارەی پوتن هەمان ئەو بابەتە دەگۆڕێ و تازەی دەکاتەوە . ئەوەتا لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا کرێملین ئەوەندەی بایەخی بە بەهێزکردنی دەسەلاتی جیۆسیاسی رووسیا داوە ئەوەندە گوێی نەداوەتە بەرەوپێشبردنی ئابووری وڵات.

با بگەڕێینەوە بۆ ساڵی 2014

دوای ئەوەی رووسیا نیمچە دوورگەی کرێمیای خستەوە ناو سنوورەکانی و لە رووی سەربازیشەوە دەستی وەردایە کاروباری رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا ، بەو هۆیەوە رووبەڕووی سزای ئابووری توند بووەوە لەلایەن رۆژئاوا ، هەر ئەو کاتە رووسیا وەک دەوڵەتێکی نابوت و دووڕەڕێز دەهاتە بەرچاو و سەرکردەکانی وڵاتانی رۆژئاواش پەلەیان بوو لە رەخنەگرتن لە پوتن ، ئەوان دڵنیا بوون کە ئەمە دەبێتە گوشارێکی بەهێز بۆ ئەوەی کرێملین هەڵسوکەوتەکانی حکوومەتی رووسیا بگۆڕێ ، دواتر نۆرە گەیشتە باراک ئۆباما سەرۆکی پێشووی ئەمەریکاش بۆ ئەوەی بە گاڵتەوە باسی رووسیا بکات و تەنیا وەک هێزێکی هەرێمی وەسفی بکات ، هەر ئەمەش بوو رووسەکانی توڕە کرد ، ئەو رووسانەی کە وەک زلهێزێکی پێشوو دەڕوانینە خۆیان .

با بێینەوە بۆ ساڵی 2019

ئەمڕۆ رووسیا لە پێناوی دەستەبەرکردنی هەژموونێکی جیهانیدا لە پێشبڕکێ دایە . بە گوێرەی لێکدانەوەی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا ، ساڵی 2016لە بەرژەوەندی دۆناڵد ترەمپ ، رووسیا دەستی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا وەرداوە، هەروەها هەوڵ دەدات دەسەلاتی خۆی لە ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین فراوان بکات و ناکۆکیەکانی ئەورووپاش بۆ بەرژەوەندی خۆی دەقۆزێتەوە.

ئەمەریکا بە نوێژی نیوەڕۆ رێگای ون کرد

گۆڕانی هاوکێشەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەرژەوەندی رووسیا وەرچەرخانێکی بەرچاو و گەورەیە ، دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر دەستپێکی کردەوە سەربازیەکانی لە سووریا ، ئەمڕۆ دەبینین کە مۆسکۆ هەمان ئەو رۆڵە پێشەنگە دەبینێ کە پێشتر واشنتۆن لە ناوچەکە هەیبوو. تەنیا لە ماوەی چەند رۆژێکی کەمدا پوتن لەگەڵ سەرۆکی تورکیا قسەی کردووە و بانگهێشتی مۆسکۆی کردووە ، هاوکات سەبارەت بە چەندین بابەتی گرنگ قسەی لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل کردووە ، لەوڵاش سەردانی سعودیە و ئیماراتی کرد . ئەمانەش ئاماژەی ئاشکران بۆ زیادبوونی رۆڵی رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست . لەو بارەوە رۆژنامەی مۆسکۆڤسکی کومسومولیتسی رووسی بەم شێوەیە باسی گۆڕانکاریەکان دەکات و دەڵێ :

لە سەردەمی هێنری کیسنجەر بیردۆزەکەیدا (یاری شترەنجی جیۆسیاسی جیهانی) هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەدەکرا کە بارودۆخێکی وەک ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێتە پێشەوە . ئەوەتا ئەمڕۆ بە نوێژی نیوەڕۆ ئەمەریکا ڕێگای خۆی ون کردووە و لە بەرامبەردا دیبلۆماسیەتی رووسی داوەکانی یاریەکەی بە دەستەوەن. ئەمڕۆ رووسیا رۆڵی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی و خاوەنی دەسەلات دەبینێ و هیچ هێزێکی هەرێمیش ناتوانێ ئەم رۆڵە پشتگوێ بخات .

شارەزا رووسەکان شۆک بوون

بڕیاری کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سنووورەکانی سووریا لەگەڵ تورکیا لەلایەن سەرۆکی ئەم وڵاتە ، شارەزایانای بواری سیاسەتی دەرەوەی رووسیای تووشی شۆک کرد، لەو بارەوە شارەزایەکی نزیک لە کرێملین دەڵێ : دڵنیاین لەوەی ئەمەریکیەکان زیرەکن ، تەنانەت ئەگەر بڕیارێکی نابەجێش بدەن ، بەڵام ئەم بڕیارەیان گێلانە نیە و ئێمە لە ئامانجە دریژخایەنەکانی ئەوان ناگەین ، زۆر لە رووسەکان پێیان وایە ئاستەمە ئەمەریکیەکان هەڵسوکەوتی شێتانە بنوێنن ، بەڵام پێدەچێ لە توانایاندا هەبێ ئەمە بکەن .

لە سووریا لەبەرچی رووسیا لە پێشەوەیە؟

چەند هۆکارێک هەن وا دەکەن مۆسکۆ سوود لە بارودۆخی ئەمڕۆی باکووری رۆژهەڵاتی سوریا ببینێ کە ئەمانەن :

لە رووی سیاسی و سەربازیەوە رووسیا لایەنگری سەرەکی رژێمەکەی بەشار ئەسەدە ، بۆیە هێزەکانی سەر بە حکوومەتی سووریا چەند خاکی زیاتریان بکەوێتەوە دەست ، ئەمە لە بەرژەوەندی مۆسکۆ دەبێ .

ناوبانگی ئەمەریکا لە ناوچەکە رووی لە دارمانێکی گەورە کرد کاتێک پشتی لە کورد کرد کە هاوپەیمانی ئەو بوون ، ئەمە رێگەی بۆ رووسیا خۆش کرد کە خۆی وا پیشان بدات کە خۆی تاکە ناوبژیکار و ئاشتیخوازی ناوچەکەیە . ئێستا پۆلیسی سەربازیی رووسیا رۆڵی پاراستنی هێڵی تەماسی نێوان هێزەکانی تورکیا و سووریا دەبینێ . لێرەدا پەیامەکە ئاشکرایە : ئەگەر دەخوازن ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرقەرار بێ ، پەنا ببەنە بەر رووسیا .

لەم ساڵانەی دواییدا مۆسکۆ زیاتر سەرقاڵی لاوازکردنی لایەنە رۆژئاواییەکان بوو ، لە سەرووبانەوە یەکێتی ئەورووپا و رێکخراوی ناتۆ ، ئەمەش لە رێگەی قۆزتنەوەی ئەو ناکۆکیانەی کە لە نێوان ئەندامانەوە بوونیان هەبوو . بۆیە بوونی ناکۆکی لە نێوان تورکیا و وڵاتی دیکەی ئەندام لە ناتۆ لە بەرژەوەندی رووسیایە .

مۆسکۆی ئەمڕۆ

کاتێک لە ساڵی 2015 رووسیا دەستی بە هەڵمەتی سەربازی کرد لە سوریا ، کرێملین رایگەیاند کە بنبڕکردنی تیرۆر لە پێشەوەی ئامانجەکانە ، بەڵام گومان نەبوو لەوەی کە یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم دەستوەردانە گێڕانەوەی هەژموونی رووسیا بوو بۆ ناوچەکە . بۆیە ئەمڕۆ مۆسکۆ لە پێگەی سەربازی تەرتوسەوە دەتوانێ دەسەلاتی سەربازی خۆی بەسەر حەوزی دەریای ناوەڕاستەوە بسەپێنێ . بە گوێرەی راپۆرتەکانیش رووسیا بەنیازی فراوانکردنی پێگەی ئاسمانی خۆیەتی لە لازقیە .

ئایا تەرازووی هێز دەگۆڕێ؟

شارەزایەکی بواری سیاسەت دەڵێ : ئەمڕۆ ئەمەریکا و وڵاتانی ئەورووپا لە سەالانی رابردوو زیاتر رووبان بە ئاراستەی ناوخۆوەیە ، هەروەها ئەو هێزانەی هەوڵی گۆشەگیرکردنی رووسیایان دەدا ئێستا بێ سەروبەر دێنە بەر چاو ، لە بەرامبەردا رووسیا زیرەکانە رووبەڕووی گوشارە دەرەکییەکان دەبێتەوە و مامەڵەش لەگەڵ بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات . رووسەکان ئەگەرچی خاوەنی شارەزایی و دەسەلاتی زیاترن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەکە وا ئاسان نییە و چەند بەربەستێک ماون بۆ ئەوەی مۆسکۆ تێپەڕیان بکات . وەک دیارە رووسیا لە رووی ئابوورییەوە خاوەنی ئەو توانایە نیە ، لە راستیدا ئابووریەکەی لاوازە و بەردەوامبوونی سستی ئابووری لەوانەیە ببێتە بەربەست لەبەردەمی خواستەکانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی . سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ، بارودۆخەکان زۆر ئاڵۆزن و ناوچەکە بە دەستی بەش بەشی و رق و کینە و نەبوونی متمانەوە دەناڵێنێ ، بۆیە پێویستە مۆسکۆ هەوڵ بدات لەو نێوەندەدا هاوسەنگییەک بخولقێنێ کە بێگومان مەسەلەکە وا ئاسان نابێ .



مانشێت



سکای نیوز:
مارک ئەسپەری وەزیری بەرگری ئەمەریکا رایگەیاند کە ئەو هەزار سەربازەی لە سووریا پاشەکشەیان پێ کراوە ، دەگوازرێنەوە بۆ رۆژئاوای عێراق .



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
هێزەکانی ئەفغانستان لە سێ کردەوەی سەربازیدا لە چەند ویلایەتێک 16چەکداری سەر بە داعش و تاڵیبانیان کوشت .



ئیلاف:
بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا دوای دەنگدانەکەی ئەنجوومەنی عەموم ، لە نامەیەکدا کە ئاراستەی یەکێتی ئەورووپای کردووە ، داوای دواخستنی چوونە دەرەوەی وڵاتەکەی لە یەکێتی ئەورووپا کرد .



ئەی ئێف پی:
لە شاری سانتیاگۆی پایتەختی چیلی و لە ئەنجامی پێکدادانی نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس ، 3کەس کوژران .




فرانس 24:
حکوومەتی کاتالۆنیا داوای لە مەدرید کرد دەست بە دانوستان بکەن بەڵام لایەنی دووەم داواکەی ڕەت کردەوە.



کەنالی ئار تی:
سەرۆکی ئەمەریکا رایگەیاند کە پەشیمان بۆتەوە لەوەی کۆبوونەوەی داهاتووی گرووپی حەوت لە یەکێک لە ناوچە گەشتیاریەکانی خۆی ئەنجام بدرێ .

تلسکۆپێک دەتوانێ لە زەوییەوە مۆمێکی داگیرسا و لەسەر ڕووی مانگدا ببینێت!



تیرەی ئاوێنەی (تلسکۆپی ئاسمانیی هابڵ)، ئەو ڕوانگەیەی بە درێژایی دەیان ساڵە وێنەی سەرسوورهێنەری قوڵایی بۆشایی ئاسمانیی ناردۆتەوە نزیکەی 2.4مەتر، وە لەبەرامبەردا تیرەی ئاوێنەی تلسکۆپی ئاسمانیی (جێیمس وێب - James Webb Space) کە لەئێستادا لەدروستکردندایە، 6.5مەترەو چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتایی ئەمساڵدا بکەوێتە کار، بەڵام هەردوو تلسکۆپی ئاسمانیی زۆر بچووکتر دەبن بەبەراورد لەگەڵ یەکێ لە گەورەترین دامەزراوە فەلەکییە جیهانییەکان کە ناسراوە بە (تلسکۆپی مەزنی ماجەلان - Giant Magellan Telescope) کە لە (بیابانی ئاتاکاما Atacama Desert) لە وڵاتی (چیلی) دروستدەکرێت و بڕیتییە لە پێکەوە بەستانی (7) ئاوێنەو تیرەی هەر یەکێکیان دەگاتە (8.4) مەترو بەمەش کۆی گشتیی تیرەی تەواوی ئاوێنە پێکەو بەستراوەکان دەبێتە (22) مەترو ڕووبەری گشتیشی دەبێتە 368مەتر دووجا.

"سەیرکردن و ڕوانگەکردنی هەردوو بەشی جیاوازی شەپەنگی تیشکی بینراوو تیشکی ژێرەوەی سووری ئەم دوو تیلسکۆپە نوێیە تەواوکاری یەکتری دەبن و لەوباوەڕدام پێکەوە کارکردنیان وێنەی ڕوون و کۆتاییمان دەداتێ ئەگەر بەدوای هەسارەیەکدا بگەڕێت لەنەستێرە نزیکەکان و کونە ڕەشەکان لەناو چەقی گەلەستێرەکانی دیکەدا، یاخوود بۆگەڕانەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی گەردوون و ئەوەی پێی دەڵێن تیشکی سەرەتایی، ئەوکاتە کە دەتوانین یەکەم ئەستێرە ببینین کە لەیەکەم گەلەستێرەدا لەدایک ببوو"، لە زاری (پاتریک ماکارتی) ی بەرێوبەری (تلسکۆپی مەزنی ماجەلان).

هەروەها (ماکارتی) گوتی:" فۆتۆنەکان - واتە وردترین تەنۆچکەی پێکهاتەیی ڕووناکیی - لە ماوەی 15بۆ 20 خولەکێک شەپۆلێکمان بۆ دەنێرێت، بۆیە کاتی زۆری پێدەچێت تا ئەو تیشکانە کۆبکرێنەوە، بۆیە لەم دۆخەی ئێمەو لەوباوەڕدایین ژمارەیەکی کەمی ئەم فۆتۆنانە دەگەنە ئێمە، واتە دەستکەوتنیان کات و ئارامی دەوێت".

هەر لە درێژەی گوتەکانیدا (پاتریک ماکارتی) دەڵێ: "بەڵام لەگەڵ بوونی تەلەسکۆپێکی ئاوا مەزن و هەستیار کە دەتوانێت مۆمێکی ئاسایی داگیرساو لەسەر مانگ ببینێت، ئەوا چاوەڕوانین دەرەنجامی زۆر سەیرو سەمەرەو سەرسامکاری گەردوونمان بۆ ئاشکرابن.

"ئەوەی زۆر گرنگە کەس نازانێت چی پێشبینی دەکرێت، لەدۆزینەوەو پێشکەوتنی نوێ، ئەمەش هەمیشە چیرۆکی زانستی فەلەکناسی بووە کە کاتێک توانایەکی نوێ بنیات دەنرێت، ئەوا دۆزینەوەی نوێ بەدەست دەهێنرێت بە جۆرێک کەس پێشتر پێشبینیشی بۆ نەکردوە یاخوود ئەو تیۆرو بیردۆزانە بسەڵێن کەسانی پێشتر هەڵەبوونە".

ماوەتەوە بڵێین کەوا چاوەڕوان دەکرێت پرۆژەی (تلسکۆپی مەزنی ماجەلان - Giant Magellan Telescope) کە تێچوونەکەی لە سنووری یەک ملیار دۆلارەو هاوبەشە لەنێوان وڵاتەیەکگرتوەکان و ئۆستراليا و بەرازیل و کۆریای باشوورو چیلی، لەساڵی 2022دا یەکەم بینینی خۆی بۆ قوڵایی بۆشایی ئاسمانی نێو گەلەستێرەیی خۆمان و بۆشایی ئاسمانی گەردوونی دەرەوە لەساڵی 2026دا ئەنجام بدات.

زانایان نهێنییەکی زۆر گرنگی (مەریخ) یان دۆزیوەتەوە، بەڵام پشتگوێیان خستووە



زانایەکی پێشووی سەر بە ئاژانسی (ناسا) ڕایگەیاندووە، کەوا دەزگاکەیان پێش 40ساڵ هێمایەکی بوونی جۆرە ژیانێکی لەسەر ڕووی مەریخدا دۆزیوەتەوە.

لە بابەتێکی بڵاوکراوەی خۆی لە گۆڤاری هەرە ناوداری (ئەمێریکان ساینتیفیک) دا، زانای فەلەکناس (گێڵبێرت لیڤن) دەڵێ، کەوا ئەو لەمیانەی سوود وەرگرتنی لە داتا وەرگیراوەکانی تایبەت بە کەشتی ئاسمانیی نیشتووەوەی (ڤایکینگ 1 و 2)کە لە ناوەڕاستی حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر ڕووی مەریخدا نیشتبوونەوە، گەیشتۆتە ئەو ڕاستییەی کەوا جۆرە ژیانێک هەبووە یان تا ئێستاش هەیە لەنێو خاکی ئەو هەسارەیەدا.

لەم بارەیەوە (لیڤن) نووسیویەتی:" لە کاتی ئەنجامدانی یەکێ لە تاقیکردنەوەکانی سەر خاک و خۆڵی مەریخ ،لە نێو تاقیگەی کەشتی نیشتووەوەی (ڤایکینگ) دا، شتێک لە درەنجامەکانی ئەو شیکردنەوەیەدا دەرکەوت کە جەختی دەکرد لەسەر بوونی جۆرە ژیانێک، بەڵام - وەک لیڤن دەڵێ - پسپۆڕانی (ناسا) ئەم دەرەنجامەیان بە هەندو گرنگ وەرنەگرت، تەنانەت دوای دەستکەوتنی 4دەرەنجامی ئەرێنیی کە هێما بۆ بوونی شتێکی نا ئاسایی یان جۆرە چالاکییەکی ژیانیی دەکرد کە زۆر نزیک بووە لە ئاسەواری هەناسەدانی مایکرۆبیی، کە بێگومان ئەوەیان هێمایەکە بۆ بوونی زیندەوەر لەنێو خاکی ئەو هەسارەیەدا"

هەروەها زیاتر دەڵێ:" دەرەنجامی دەستکەوتووی نێو تاقیگەیی ناسراو بە (هێڵی هەناسەدانی مایکرۆبیی) نێو ئەو نموونەیەی خاک و خۆڵی مەریخ زۆر لێکچووە لەگەڵ هەمان (هێڵ) کە لەسەر ڕووی زەویدا دەیتە دەست، بەڵام پسپۆڕانی ئەو سەردەمە ڕایانگەیاند کەوا نشوستیان هێناوە لە دۆزینەوەی مادەیەکی ئۆرگانیی و ئەو دەرەنجامەی دەستکەوتووە کە ئەگەرچی وا نیشان دەدات کە چالاکیی ژیانی هەیە بەڵام ئەوەیان نابێتە بەڵگە لەسەر بوونی ژیان لەنێو خاکی مەریخدا".

بەڕای (لیڤن)، ئەوەی تیمی لێکۆڵینەوە پێش دەیان ساڵ کەوتبووە دەستیان لە ئەسڵەوە بەڵگە بووە لەسەر بوونی ژیان لەنێو خاکی مەریخ و پێویست بوو ئەوکاتە ئاژانسی (ناسا) هەوڵ و کۆششی زۆر زیاتری بکردبایە بۆ بەدواداچوونی ئەو دەرەنجامانەی کە لە ڕێگەی کەشتییەکانی (ڤایکینگ 1و 2) ەوە هاتبوونە دەست، بەڵام بەداخەوە پشتگوێخران و ئەوکاتە نەکرا.

ئاژانسی ناسا بەرگی نوێی کەشتیوانانی مانگی نمایش کرد

وەک ئەنجامدانی هەنگاوە پراکتیکییەکان بۆ گەڕانەوەو نیشتنەوە لەسەر مانگدا، ئاژانسی (ناسا) بەرگی تایبەتی ئەو کەشتیوانانەی نمایشکرد کە بڕیارە لەسەر مانگدا بەکاریان بهێنێ.

پسپۆڕان و ئەندازیاران لەنێو سەنتەری ئاژانسی ناوبراو لە (واشنتن) دا نمایشیان کرد لە کاتێکدا هێشتا لە بۆشایی ئاسماندا بەکار نەهێنراوەو چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی 2023 و پێش ئەنجامدانی گەشتی نیشتنەوە لەسەر ڕووی مانگدا تێستی کۆتایی لەسەردا بکرێ و بۆ ساڵی 2024 ئامادەبکرێ.

بێگومان، بەرگی کەشتیوانان خۆی لە خۆیدا بریتییە لە کەشتییەکی ئاسمانیی بچووککراوە کە هەواو پەستانی هەواو پلەی گەرمیی گونجاوو پاراستنی جەستەی کەشتیوان لە هەموو کاریگەرییە کوشندەکانی بۆشایی ئاسمان.

پسپۆڕان دوو جۆرە بەرگ یان پۆشاکیان دیزاین کردووە، یەکەمیان تایبەتە بە ڕۆیشتن لەسەر ڕووی مانگ و ڕەنگیشی سپییەو هێڵی شین و سووری تیادایەو ناونراوە (کزمۆ) و بەرگەکەی تریش تایبەت دەبێ لە گەڕانەوە لەسەر ڕووی مانگ بۆ سەر زەوی، کە بێگومان کێش و ئەستووراییکەمترە لەوەی پێشووترو ڕەنگیشی پرتەقاڵییەو ناونراوە (ئۆراین کرۆسۆلفایت سووت).

جیا لەگەڵ ئەو بەرگانەی کە کەشتیوانانی ئەپۆلۆ لە ساڵانی شەست و سەرەتای حەفتایەکاندا لەسەر ڕووی مانگدا بەکاریان هێنا، ئەو بەرگە نوێیەی کە لە داهاتوودا بەکار دەهێنرێت زۆر ساناترو کاریگەرترو خێراتر لەگەڵ ویست و جوولەی کەشتیوانەکەی سەر ڕووی مانگ کاردەکات بە شێوەیەکی ئەوتۆ بە ئاسانی دەتوانن



قۆڵ و باسکەکانیان بچەمێننەوەو نیوەی لاشەی سەرووبان لاربکەنەوە بۆ سەر ڕووی خاک بۆ هەڵگرتنی نمونەی خاک و بەرد بێ ئەوەی هاوسەنگیان تێک بچێ.



لە دەرەنجامی بەریەکەوتنی دوو ئەستێرەی نیۆترۆنییدا، هەزاران تریلیۆن تەن (زێڕو پلاتینیۆم) دروست دەبێت!

ئاخۆ دەبێ هەست بەچی بکەیت ئەگەر هاتوو لە دووربینەکی شیاوو بێ بەرکەوتنی گووزی کوشندەوە، سەیری پەرش و بڵاوبوونەوەی سەدان تریلیۆن تەن لە توخمە هەرە قورس و گرانبەهاکانی سەر ڕووی زەوی بکەیت لە بۆشایی ئاسمانی دەوروبەری دوو ئەستێرەی نامۆی بەرییەکەوتوودا؟ ئا ئەمە ئەو پێشبینییەیە کە پسپۆڕانی فەلەکناسی کردوویانە لەمیانەی ڕووداننی یەکەم (بەرییکەوتنی نێوان دوو ئەستێرەی نیۆترۆنی) کە هەردووکیان بریتین لە پاشماوەی یەگجار زۆر قورسی دڵی دوو ئەستێرەی مەزنی تەقیو و تیرەی هەر یەکەیان دەگاتە نێوان 15تا 20 کیلۆمەتر، بەڵام چڕی مادەیان هێندە مەزنە وایلێهاتووە قورسایی تەنها یەک کەوچکی لە بچووک لە مادەکەی لەسەر زەوی دەگاتە (1 ملیار) تەن!

پسپۆڕانی فەلەکناسی ڕایانگەیاند، کەوا ئەوا بۆ یەکەمجارەو دوای چاوەڕوانییەکی دوورو درێژداو لە دەرەنجامی بەریکەوتنی دوو ئەستێرەی نیۆترۆنی، دیاردەی ناوازەی ناسراو بە (شەپۆلەکانی کێشکردنیی ژ-Gravitational Waves) ڕێگەی (ڕوانگەی پێوانەکاریی لێزەریی شەپۆلەکانی کێشکردن) واتە Laser Interferometer Gravitational-Wave Observatory)) لە (هانفۆرد - واشنتن) و (لیڤینگستۆن - لویزیانا) و دەزگای (پێوانەکاری تیکەهەڵکێشانیی ڤێرگۆ) یان (The Virgo interferometer) لە نزیک (بیزا - ئیتالیا) بۆ ماوەی 100چرکەی بەردەوامدا تۆمار بکەن و ئەم دیاردەیەش لە بەروارى 2017.8.17هەردوو تۆمارکرا و خودی ئەو جووت ئەستێرە نیۆترۆنییەش ناسراون بە سیستەمی (تەقینەوەی تیشکی گامای - GRB 170817 A) و دەکەونە نێو گەلەستێرەی گوێی ناسراو بە (NGC 4994) کە بەمەودای 130 ملیۆن ساڵی تیشکی لێمانەوە دوورە، وە ئا لەم دوورییە مەزنەوە، بریسکایی تەقینەوە لە دەرەنجامی بەریەکەوتنی ئەو دوو ئەستێرە نیۆترۆنییەدا بەشێوەیەکی جیاو سەرسوڕهێنەر زۆر گەش لە ڕووناکی گشتیی گەلەستێر دەکەوە بینراوە!.



لە ڕووی فیزیای فەلەکییەوە ، (شەپۆلی کێشکردنیی - Gravitational Waves) بریتییە لەو شەپۆلە لاربوونەوەیی یان کووڕبوونەوەیانەی (کات و شوێن) ە کە بەهۆی کاریگەریی بارستایی تەنێکی ئاسمانییەوە دروست دەبێت و بەپێی (تیۆری ڕێژەیی) تایبەت بە (ئالبێرت ئاینشتاین) دەوە، ئەوا هەر تەنێکی خاوەن بارستایی کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لە دروستکردنی گۆڕانکارییەک لە (کات و شوێن) یان (کاتشوێن) دا و دەتوانێ ئەو ناوچەیەی دەوروبەری خۆی ببات‌ەوە بارەک یان فراوانی بکات، بۆ نموونە، ئێمە دەبینین هەسارەکان لەسەر خولگەی شێوە بازنەیی لە دەوروبەری خۆردا دەخولێنەوە، کەچی بەپێی مۆدێلی (تیۆری ڕێژەیی) دەبینین (خۆر) بەهۆی بارستاییەکەی، جۆرە (لاركردنەوە یان کووڕکردنەوەیەکی شێوە قووچەکی) لەنێو بۆشایی ئاسمانی دەوروبەری خۆیدا دروست دەکات و ئەم شێوە قووچەکییە لەنێو (کات و شوێن) وادەکات هەسارەکە بخزێتە نێو ئەو قووچەکە نەبینراوەو بەدەوریدا بخولێتەوە، بەمەش هەسارەکەش ناتوانێ خۆی لە چنگی ئەم قووچەکە ڕزگاربێت، هەروەها لە ڕووی (تیۆری ڕێژەیی) یەوە، جوولەی هەسارە لەسەر شێوەی ڕاستەهێڵە، بەڵام ئێمە لەسەر شێوەی خولانەوە بەدەوری خۆردا دەبینین، ئەوەش بەهۆی کورپبوونەوەی (کات و شوێن) ە لەدەوری خۆی خاوەن بارستایی بەرز.

لەلایەکی دیکەوەو هەر بەپێی ئەو تیۆرە، ئەمجۆرە شەپۆلانە یەگجار زۆر لاوازن و زۆریش بە ئەستەمی ڕوانگە دەکرێن و دەتوانرێنەوە یان هەستیان پێدەکرێت، بۆ نموونە، جوولەی زەوی لە دەوروبەری خۆردا، جۆرە (شەپۆلێکی کێشکردنیی) بۆخۆی دروست دەکات و هێزەکەی دەگاتە تەنها 200.000 وات، کە ئەمەش وزەیەکی یەگجار زۆرکەمە بەبەراورد بەو وزەیەی کە خودی زەوی بەرهەمی دێنێت.

ئەوەی یەگجار زۆر جێگای سەرسامی و سەرسوڕمانییە، ئاشکرابوونی ڕاستییەکی دیکەیە، ئەویش نەمانی هیچ گومانێکە کەوا لە دەرەنجامی تەقینەوەی هەر مەزن و بەهێزەکانی وەک (تەقینەوەی مەزنی ئەستێرەیی جۆری Supernova)دا توخمە قورسەکانی وەک (ئاسن و زێڕو تیتانیۆم) دروست دەبێت، هەربۆیە، پسپۆڕان و تیمی ئەم دۆزینەوەیە بە جیدی پێشبینی دەکەن کەوا لە دەرەنجامی بەریەکەوتنی مەزن و ناوازەی نێوان ئەو دوو ئەستێرە نیۆترۆنییەو بەقەد بارستایی سەدان جار ئەوەندەی بارستایی زەوی کە دەگاتە (5سیکستیلیۆن) و (927تریلیۆن) تەن، لەو ناوچەیەدا سەدان تریلیۆن تەن (زێڕو تیتانیۆم) جۆرەها توخمی دیکەی قورس و گرانبەهاو دەگمەن لەو شوێنەدا بەرهەم بێنن!

وەرگێڕانی: ئازی چەتۆ حەسەن
سەرچاوە: سایتی NASAو ویکیپیدیا



مایۆرکا دیاریيەکی بەنرخی پێشکەشی بەرشلۆنەی کرد

لەمیانی یارییەکانی گەڕی 9ی رکابەرییەکانی لالیگا، یانەی مایۆرکا بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراوی لە یانەی ریال مەدرید بەدەستهێنا و لە پێشەنگ دووری خستەوە و دیارییەکی بەنرخی پێشکەشی یانەی بەرشلۆنەی کرد، کە ئەویش لەولا لە یانەی ئیباری بردبۆوە.


یانەی ریال مەدرید کە ئەمە یەکەم دۆڕاندنیەتی ئاستیکی ئەوتۆیان پێشکەش نەکرد، ئەویش بەهۆی پێکانی ژمارەیەک یاریزان و هەروەها دەرکدرنی ئۆدریۆزۆلای بەرگریکار کە هەموو ئەمانە کاریگەری بەسەر مێرنگییەوە هەبوو و دواجار سێ خاڵی یارییەکەیان لەدەستدا و کەوتە پلەی دووەمی ریزبەندەوە لەدوای بەرشلۆنە بەجیاوازی یەک خاڵ.



مێسی: زۆر زەحمەتە ڤان دایک ببڕدرێت

لیۆ مێسی ئەرژەنتینی ئاشکرای کرد کە زۆر زەحمەتە بتوانرێت بەرگریکارێکی وەکو ڤان دایک ببڕدرێت و هەر ئەمەشە وایکردووە ببێتە باشترین بەرگریکار لە جیهان.

رۆژنامەی مارکای ئیسپانی پرسیاری ڤان دایکی بەرگریکاری لیڤەرپوولی لە مێسی کردووە کە بۆچی زەحمەتە ئەو یاریزانە ببڕدرێت، لەوەڵامدا مێسی گوتوویەتی: ئەو بەرگریکارێکە دەزانێت چۆن و لەچ کاتێک تەحەکوم بکات، هەروەها گوتی: ئەو چاوەڕوانی کاتی گونجاو دەکات بۆ بەستنەوەی هێرشبەر.



ڕاهێنەری چێڵسی: ئێستا بەڕێگایەکی دروستە هەنگاو دەنێین

فرانک لامپاردی راهێنەری یانەی چێڵسی ئینگلیزی دوای بردنەوەکەیان بەسەر یانەی نیکاسل بە ئەنجامی 0-1 و سەرکەوتنیان بۆ پلەی سێیەمی ریزبەندی خولی ئینگلیزی رایگەیاند کە تیپەکەیان بەئاراستەی دروست یاری دەکات.

لامیارد دەڵێت: پیم وایە ئێمە تیپێکین دەمانەوێ لە چوار یانەکە بەهێزەکەی پێشەوە بین، ئەگەرچی سەرەتایەکەمان باش نەبوو، بەڵام ئێستا بەردەو ڕیگایەکی دروست هەنگاو دەنێین و ئەمەش گرۆ تینمان زیاتر دەکات، دواتر سەبارەت بەگۆڵەکەی مارکۆس ئەلۆنسۆ گوتی: بیگومان بەختەوەرم، ئەمە بابەتێکی گرنگە بەهۆی شوێنی لە ریزی هەڵێژاردە و تەمنیشی 21ساڵە و هێشتا زۆری لەپێشدایە کە پێشکەشی بکات.

قەلەندەر نەسرەدین بووە پاڵەوانی کلاسیکۆی دێرینەکانی تۆپی سەرمێز



زاگرۆس نانەکەلی

ئەگەرچی پێشتر قەلەندەر نەسرەدین یاریزانێکی دیاری تۆپی سەرمێزی کوردستان بوو، لەچەندین پاڵەوانیەتی ئەنجامی گرنگی بۆ کوردستان وهەولێر بەدەستهێناوە، بەو هۆیە و پر لەگیانی وەرزشی وخۆشەویستی بۆ یاری تۆپی سەرمێز، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 18-10-2019لەشاری هەولێر یەکێتی تۆپی سەرمێزی لقی هەولێر پاڵەوانیەتی یاریزانە دێرینەکانی تۆپی سەرمێزی هەولێری ڕێکخست.

دوای کێبڕکێیەکی بەهێز وبەبەشداری چەندین یاریزانی دێرینی تۆپی سەرمێزی هەولێر،هەردوو یاریزانی دێرینی تۆپی سەرمێزی هەولێر (قەلەندەر نەسرەدین وهاشم ڕسول) گەیشتنە یاری کۆتایی، لەیاری کۆتاییشدا کە بە یاری کلاسیکۆی تۆپی سەرمێزی هەولێر ناسراوە، چاوەڕوان دەکرا یاریيەکە بۆ تایمە زیادکراوەکان بڕوات، بەڵام ئەزموون ولێهاتووی یاریزانی دێرین قەلەندەر نەسرەدین توانی زۆر بەئاسانی بەئەنجامی (3-0لەیاریزانی دێرینی شاری هەولێر هاشم ڕەسوڵ بباتەوە، هاوکات یاریزان قەلەندەر نەسرەدین سەرۆکی یانەی وەرزشی برایەتیشە.

ناپۆلی زەنگێکی مەترسیداری بۆ یانە گەورەکان لێدا



یانەی ناپۆلی توانی سەرکەوتنیکی گرنگ بەسەر یانەی ڤیرۆنا بەدەست بهێنێت، دوای ئەوەی لەگەڕی 8ی کالچیۆدا بەئەنجامی 0-2یارییەکەی بردەوە و شوینی خۆی لە پلەی چوارەمی ریزبەند قایمتر کرد و تەنها بەجیاوازی خاڵێک و دووان لە دووەم و سییەمی ریزبەند دوورە.

ناپۆلی لەدەستپێکی وەرزی ئەمساڵدا بە ئاستیکی بەرز دەرکەوتووە و بەم بردنەوەیەش زەنگێکی مەترسی و هۆشداری بۆ یانە گەورەکانی لێدا کە دەتوانن رکابەری لەسەر پلەکانی پێشەوەی ریزبەندییەکە بکەن.

جێی باسە هەردوو گۆڵەکەی یانەی ناپۆلی لەلایەن ئەرکادیوز میلیکی یاریزانی پۆڵەندی تۆمارکران.

لەئینستاگرام ڕۆنالدۆ سێ هەندەی مێسی قازانج دەکات



ئەگەرچی باشترینە تەکنیکییەکە لەنێوان مێسی ئەرژەنتینی و ڕۆنالدۆی پورتوگالی یەکلانەبۆتەوە، بەڵام ڕۆنالدۆ لەرووی جەماوەرییەوە پێدەچێت کریستیانۆ لەپێشەوەی مێسییەوە بێت، ئەویش بە پشت بەستن بە تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە لە ڕووی دەسکەوتی پارەوە، بەتایبەتیش لە بڵاوکراوە بازرگانییەکانیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرامەوە.

ڕاپۆرتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕۆنالدۆ سێ هێندەی ئەو پارەیەی مێسی قازانج دەکات لە ئینستاگرام، ڕۆنالدۆ لە لەساڵی ڕابردوو 49 ملیۆن دۆلاری دەسکەوتبوو، لەبەرامبەردا مێسی لەدوا ئەوەوە دیت بە 23ملیۆن دۆلار، لەپلەی سێیەمیش دیڤید بێکهام ئەگەرچی دەمێکە وازی لەیاریکردن هیناوە، بەڵام ئەو یاریزانە ئینگلیزییە ساڵی ڕابردوو 11 ملیۆن دۆلاری قازانج کردووە.

میلان هانا بۆ گواردیۆلا و ئەقلی ئەیاکس دەبات



دەزگای ئیلیۆتی ئەمریکی کە خاوەندارێتی یانەی ئەی سی میلانی ئیتالیە، بەنیازی شۆڕشێکی گەورەیە لەیانەکە، ئەویش بۆ دەرباز بوون لەو ئەزمە گەورەیەی لەم چەند ساڵی ڕابردوو یەخەی گرتووە.

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان لە ئیتالیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو دەزگا ئەمریکییە تیشکی خستۆتە سەر دوو کەسایەتی کە کاریگەریان لەسەر تۆپی پێ هەیە بۆ ئەوەی ڕابەرایەتی ئەو شۆڕشە بکەن، ئەوانیش پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری مان سیتی و مارک ئۆقەرماسی بەڕێوەبەری وەرزشی یانەی ئەیاکس ئەمستردام، کە دەزگای ناوبراو پێی وایە ئەم دوو کەسە زۆر گرنگن بوونیان لەناو سانسیرۆدا هەبێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 21. Oct. 2019 No: (5853)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

هەموو دووشەممەیەک دەینووسێت

(خودایە ، ئەوانەش کوردی تۆن)
قەرزاوی لە کوێ یە
سەیری تەلەفزیۆن ناکات؟
خەلیفەو تۆبەکارانی
نووستوون یا وە ئاگان؟
وا ئەردۆگان
ئەردۆگانی خاوەن هەزاران مزگەوت
بەسەرە نێزەو بارووت
بەربۆتە گیانی کوردی موسوڵمان
شێخ و مشایەخەکانی قەتەر
لەماڵەوەن یا لەناو ڤیللاکانی ئەوروپان
قەت چاویان
بە کۆرپەیەکی سەرێ کانی کەوتووە
(خودایە ـ ئەوانەش کوردی تۆن)
ئەو کوردانە
نوێژکەر و ڕۆژووگرن
حەج و عومرەشیان کردووە
ئەو کوردانە
زەکات و سەرەفیترەش دەدەن
هەر چوار فەرزە
روو لە قیبلە دەکەن
سوێند بە گۆڕی پێغەمبەر و .....
هەر چوار خەلیفە دەخۆن
(خودایە ، ئەوانەش کوردی تۆن)
لەبەرەبەیانی مێژوو تا ئەمڕۆ
هەر بەدەستی برا موسڵمانەکان
قەتڵ و عام کراون
بێ سڵاو
سەرۆکی گەورەترین زلهێزی دونیا
بێ سڵاو
سەرانی نەتەوە نا یەککگرتووەکان
بێ سڵاو
عولەماکانی دین و دنیا
ئەرێ بێ زەحمەت سەعات چەندە؟

هونەرمەند و شانۆکاری بەئەزموون «ساڵح ژاڵەناوی» کۆچی دوایی کرد



بەرهەم شێخ عزەدین

شانۆکارو دەرهێنەر مامۆستا ساڵح ژاڵە ناوی یەکێک لەهونەرمەندە بەئەزموون و خۆشەویستانەی هەموان شانازیان پێوە دەکرد ،مامۆستای شانۆکار لەگەڵ پیرەکان پیر و لەگەڵ لاوەکان لاو بو لە نمایشی شانۆی ،ئەو هونەرمەندە پڕ ئەزموو ن و زانیاریە مخابن 2019 /10/20لەناک و کۆچی دوای کرد و سەرجەم خەونەکانی لەگەڵ خۆی بردە گۆڕەوە ،لەکاتێک بەتامەزرۆییە وە چاوەروانی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شەقامی دەربەندیخانی دەکرد کەلەرۆژی کۆچی ئەو شانۆکارە بەزموونە دەستی پێکرد ،وەکو هەمیشە یەکەم شوێن کەهاوەڵەکەی بۆناردین و بانگهێشتی کردین بۆبەشداری لەو فیستیڤاڵە رۆژنامەی خەبات بوو ،بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا بەناوی سەرنووسەر و تەوای کارمەندانی خەبات سەرخۆشی خۆمان لەبنەماڵە و هونەرمەندنی کوردستان و شاری دەربەندیخان دەکەین بۆ ئەو کۆستە گەورەیە.

ئەمەی خوارەوەش بەشێکە لەژیان و بەرهەمەکانی کە مانگی (6ی ساڵی 2018) بۆخەباتی نارد بوو بۆمەستی ئەنجامدانی دیمانە لەگەڵی: ساڵح ئەحمەد ناسراو بە (م. ساڵح ژاڵەناوی) لەدایکبوی 1969گوندی ژاڵەناو سەر بە ناحیەی مەیدان قەزای خانەقین – دانیشتوی قەزای دەربەندیخان .. پیشە مامۆستا پسپۆری هونەر دەرچوی کۆلێژی یاساو زانستە ئیسلامیەکان لە زانکۆی بیرالحسن لە بەیروت – لوبنان .. خاوەنی خێزانم 3کچ و 3کور .. ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپی شانۆی دەربەندیخانم لە ساڵی 1986 ئەندامی کومەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد و سەندیکای هونەرمەندانی کوردوستانم یەکەمین کاری شانۆییم وەک ئەکتەر شانۆیی (پارەی دەرمان) بو نوسینی یوسف العانی و دەرهێنانی هاورێیئازیزم دڵشاد حسێن بوو کە رۆڵی سەرەکیم هەبو لەماوەی 32ساڵی کاری هونەریم لەبوارەکانی شانۆ و سینەما و دراما دا خاوەنی ٦. بەرهەمی شانۆییم وەک ئەکتەرو دەرهێنەر وەک کاری سینەماو دراما خاوەنی 10دە بەرهەمم وەک ئەکتەرو دەرهێنەر لەوانە 7فیلمی سینەمایی وەک فیلمەکانی: (مەملەکەتی خۆر دەرهێنانی کامران روف ـ خولە پیزە لە رولی تالیب برای خولە پیزە ـ کلپە دەرهێنانی مەریوان ئیبراهیم ٤. مامەریشە دەرهێنای جلیل زەنگەنەو جیهاد دڵپاک ـ کۆیستانی قەندیل دەرهێنانی تەهای کەریمی ٦. قەدەر دەرهێانی حمە عەلی خان .. فیلمی شەوێکی قەترانی وەک دەرهێنەر ئەم فیلمە بەشداری ڤیستڤاڵی لاوانی پێ کرا لەئاست هەر چوارپارچەی کوردوستان .. وەک کاری درامی . بەرهەمە ئەوانیش ـ درامای گەردەلول رۆڵی ئاسۆ گەرمیانی م هەیە دەرهێنانی جلیل زەنگەنە ـ درامای گەر میان و کوێستان دەرهێنانی سالار سوڵتان ـ درامای غوربەت دەرهێنانی سالار سوڵتان ... ئەمانە جگەر لە وچالاکیانەی کە لە ئاست چالاکی پەروەردە دا ئەنجامم داون وە کاری دەرهێنان لە بوارەکانی میوزیکو شانۆو شێوەکار و بەرنامەی هەمەرەنگ کەزیاد لە ـ بەرهەمن وە بەتۆمار کراوی هەموی لای بەندەو لە ئەرشیفی پەروەردەی دەربەندیخاندا دەست دەکەون و ... هتد.


10 هەمەڕەنگ
www.xebat.net
سێ شەممە 2018/6/12 ژمارە (5531)

شانۆ پەیامێکە بۆ خزمەت و هۆشیارکردنەوەی کۆی کۆمەڵگا

ئەکتەر و دەرهێنەر ساڵح ژاڵەناوی:

کۆی کاری هونەری بە خەبات و شۆڕش دەزانم، خەبات و قوربانیدانیش ئەزیەت و خوێنی دەوێت

بڕوام بەئەکتەری بەدناو بەئەزموون و لەخۆبایی و بیئووگر نییە

دیمانەیەکی خەبات لەساڵی 2018


مامۆستا ساڵح لەدرامای گەردەلول

هەولێر..پێشەنگای شێوەکاری هونەرمەند شاکر ئەلشاوی کرایەوە



بەرهەم شێخ عزەدین: لقی هەولێری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بەچاودێری (فرسەت سۆفی) پارێزگاری هەولێر و ئامادەبوونی هیوا سوعاد بەرپرسی لقی هەولێری سەندیکای هونەرمەندان و ژمارەیەکی بەرچاو لەهونەردۆستان پێشانگای هونەرمەند و شێوەکاری ئێراقی شاکر ئەلشاوی لە گەلەری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لە شاری هەولێر کرایەوە جێی ئاماژەیەئەم پێشەنگایە لە25تابلۆ پێکهاتبوو.

کوڕە کوردێک دەبێتە روخساری براندە جیهانییەکان



هەمزە سەرحان

ڕەوەند ئازاد خەڵکی شاری هەولێرە و دانیشتوی ، وڵاتی سویدە ، خاوەنی دوو بەرهەمی تایبەت بە خۆیەتی ساڵی ـ یەکەم بەرهەمی بەناوی (ئەم ڕێیە دوورە) بڵاوکردەوە ، ساڵی ـ کلیپی (بۆ ئەو) تێکست و میلۆدی هەردی سەلامی بوو ، کە خۆشی وتویەتیەوە هەروەها وتی : لە ئیستاش سەرقاڵی کلیپێکی نوێم بەناوی (تۆم خۆشدەوێت) بە هاوکاری گروپی ئیڵ ئیس L.S کارەکانی تەواو بوە لە ئایندەیەکی نیزک هەوڵدەدەین بڵاوی بکەینەوە هەروەها سەبارەت بەوەی چۆن بوو هونەری هەڵبژارد گوتی : حەزی منالیم بو لە زۆر بۆنەکان گۆرانیم دەگوتەوە .ڕەوەند دەڵێت سەرقاڵی کاری مودێلم بۆ نمایشی جلوبەرگ لە ولاتانی ئەوروپا ..

هێرۆ جەواد محەمەد: شانۆ چارەسەری کێشە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان دەکات کە لە نێو کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدەن

دیانە: پەریها عومەر

هێرۆ جەواد محەمەد دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانە کان بەشی شانوو لەگەڵ ئەوەی بەشی شانۆی تەواو کردووە بە زیرەکی خۆی و توانیویەتی لە سینەماو کاری دراماش بەشداری بکات بە سەرکەوتنێکی باشەوە توانیویەتی کارەکانی خۆی بکات.

هونەرمەند لە دیمانەیەکدا بۆ (خەبات) بەو شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە:


هێرۆ لەکارێکی شانۆییدا

کەی دستت بە کاری هونەری کردووە؟

دەستپێکردنم بە کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1999-2000

پێتوایە گرنگی بوونی شانۆ لە کۆمەڵگا چییە؟

شانۆ پێگەیەکی گرنگی هەیە لە نێو کۆمەڵگادا لە هەموو دنیادا گرنگی تەواوی پێدەدرێت چونکە شانۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکان و سیاسیەکان و هەموو ئەو کێشانە دەکات کە لە نێو کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدەن ، کە لەرێگەی شانۆوە دەتوانرێت بگەیەنرێتە بینەر

هۆکار چییە کە بینەر لە درمای کوردی تۆراوە؟

هۆکاری لاوازی سیناریو و دەرهێنەرو پاشان درما پێویستی بەستافێکی زۆر شارە زاو وردو بە سەلیقەیە...پاشان بینەری کوردی ئێستا زۆر هوشیارە رۆژانە لە تیڤیەکانەوە درامای تورکی و سووری و چەندین درامای باش دەبینێت



بەراووردی لا دروست دەبێت ئەمە بۆتە هۆکارێکی ئەوەی کە بینەر تە واو قەناعەتی بە درامای کوردی نەبێت ....کەواتە دراما پێویستی بە سیناریۆی زۆر باش و دەرهێنەری زۆر بەتواناو ستافێکی باش و ئەکتە ری زۆر باش هەیە .

دەبێت چی بکرێت بە بۆچوونی تۆ هەتا بینەرو شانۆو درامای کوردی ئاشت بکرێتەوە؟

ئاشتبوونەوەی بینەر و شانۆو بە تایبەت پێویستی بەکارە شانۆیە واقیعیەکانە کە تەواو بچێتە ناو روحی بینەرو وا لە بینەر بکات خۆیەتی و زبانی خۆیەتی رۆڵ دە بینێت بەڵام کارە شانۆییەکان لەقاڵبێکی هونەریدا.

پێتوایە هونەری سینەما لە ئێستادا لە حالەتێکی جێگیرو پێشکەوتودایە ؟

هونەری سینەما لە هەوڵدایە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت سەد لە سەد کارەکان پرۆفیشناڵن و بێ کەمو کورین بەڵام پێوستە دەستخوشی لەسینەماکاران و خەمخۆرانیان بکرێت و پشتگیریان لێبکرێت بۆ ئەوەی زیاترو زیاتر بەرەو پێش بچێت.